# هاوسەرگیری
# حوکم و پایەو مەرجەکانی

**نووسینی: هێمن عەبدولعەزیز**

**٢٠١٣ ز     ١٤٣٤ ک**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً.

اَمّا بَعْدُ:

فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابَ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم" وَشَرَّ الْأُمُورِ مُحْدَثاتُها وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة.

## مانایەك بۆ هاوسەرگیری

نیکاح لە ڕوی زمانەوە واتە: کۆبوونەوە (کۆبوونەوەی دووشت) کە مەبەستی پێ جیماع و سەرجێیی دووکەسە کە ژن و مێردە.

هەروەها لە ڕووی زاراوەی شەرعییەوە: بریتییە لە تۆمارکردنی باری هاوسەرگیری.

بنەڕەتی نیکاحیش لە قورئان و سوننەت و ئیجماعدا دانی پیا هێنراوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾ (النساء: ٣). واتە: دەسا ئەو ژنانە مارە بکەن کە پێتان دەشێن، دوان دوان، سیان سیان، چوار چوار، واتە: هەریەکێکتان دەتوانن هەتا چوار ژن مارە بکەن.

هەروەها لە فەرموودەدا دەفەرموێت: «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ»[1] واتە: ئەی لاوەکان! ئەوەی لە ئێوە دەیەوێت کە ئۆقرەگیر بێت با ژن بهێنێت، چونکە (ژنهێنان) مایەی چاوگرتن و پاراستنی داوێنە، ئەوەیش کە ناتوانێ بە بەڕۆژوو بێت، چونکە ئەو پارێزەری شەهوەتەکانی ئەبێت.

## حوکمی هاوسەرگیری

حوکمی هاوسەرگیری لەکەسێك بۆ کەسێك دەگۆڕێت، ڕەنگە بۆ هێندێ کەس واجب بێت و بۆ هێندێکیشان سوننەت، خەڵکیش لەم بارەوە دابەش دەبن بۆسێ بەش، هەروەك "ئیبنوقودامە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: خەڵکی لەبارەی هاوسەرگیرییەوە دەبن بە سێبەش: هەیە لە خۆی دەترسێت، لەوە کە تووشی گوناه و سەرپێچی ببێت ئەگەر بێت و هاوسەرگیری پێك نەهێنێت، لەو کاتەدا لەسەر ئەو کەسە واجب دەبێت کە هاوسەرگیری پێك بهێنێت، ئەمەش پاڵپشتی تەواوی فەقیهەکانی لەگەڵە، چونکە بەم کارەی لە گوناه و سەرپێچی دووردەکەوێتەوە، وە دەپارێزرێت لەهەر شەپۆلێکی دەروونی بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی و خراپەکاری.

بەشی دووەم: موستەحەببە لەسەریان کە هاوسەرگیری پێك بهێنن، ئەویش ئەوانەن کە هەرچەندە شەپۆلی شەهوەت لە ناخیاندا بەرزو نەوی دەبێت، بەڵام دەیشتوانن کە خۆیان لە گوناه و سەپێچی بپارێزن، بەڵام هاوسەرگیری پێك دەهێنن، بۆ ئەوە لەم ڕوەیشەوە بێنیاز و بێخەم بن. سێیەمیان ئەوانەن کە شەهوەتیان

(١) رواه مسلم عن معاوية (رضي الله عنه)/ إرواء الغليل ١٩٢/٦

بۆ هیچ شتێك نییە، ئەویش ڕەنگە هەر لە بنەڕەتەوە حەزو شەهوەتیان بۆ ئەم کارە نەبووەو نابێت، یاخود بەهۆی پیری دڵیان بۆ ئەم کارە مردووە، ئەمەش دووڕووی هەیە، هەیە موستەحەببە کە هاوسەرگیری پێك بهێنێت، هەیشە باشترە پێکی نەهێنێت!

ئەوەی شەهوەت و ئارەزووی هەیە، ئەوە سوننەت وایە کە هاوسەرگیری پێك بهێنێت، ئەویش لەبەر ئەوە کە شەریعەت و بەرنامەی خوا هانی بەندەکانی داوە بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیری، هەروەك باسمان کرد کە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ»[1] چونکە بە پێکهێنانی هاوسەرگیری دامێن و حەزو نەفسەکان لە زیناو نەزەرو خراپەکاری دەپارێزێت.. جگە لەوە نەوە زیاد دەکات و ئوممەت بەم کارە زۆر دەبن. هەروەك پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأُمَمَ»[2] واتە: ئافرەتێ بخوازن کە ببێتە مایەی خۆشەویستی و منداڵ بوون، چونکە من بە ئێوە لە ئوممەتان زیاد دەکەم.

هەروەها نیکاح و هاوسەرگیری حەڕام دەبێت لەسەر کەسێك کە لە (دار الحرب) بێت، تەنها بۆ زەرووری و پێویستیی نەبێت.

هەروەها لە کەسێك حەڕام دەبێت ئەگەر بێت و لە ڕووی دارایییەوە تەواو دەستەوسان بێت، جگە لەوە نەتوانێت کە موعاشەرەی خێزانەکەی بکات!

وە مەکرووهیشە ئەگەر تەنها لە ڕووی دارایییەوە دەرقەتی هاوسەرگیری نەیەت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾ (النور: ٣٣). واتە: با ئەوانەش دەسەڵاتی زەماوەندو ژن هێنانیان نییە، بەردەوام بە(عیففەت) خۆرابگرن و، بە پاکی ڕەفتار بکەن هەتا خوا لە فەزڵ و بەهرەی خۆی دەرویێکیان لێ دەکاتەوە ودەوڵەمەندو بێنیازیان ئەکا. یاخود پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ»[3] جگە لەوەش مەکرووهە بۆ ئەو کەسەی کە لەوە دەترسێت کە نەتوانێت دادگەرانە لەگەڵ خێزانەکانی مامەڵە بکات.

---

(١) رواه مسلم عن معاوية (رضي الله عنه)/ إرواء الغليل ١٩٢/٦

(٢) رواه مسلم عَنْ معقل بن يسار (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال الألباني حسن صحيح

(٣) رواه مسلم عن معاوية (رضي الله عنه)/ إرواء الغليل ١٩٢/٦

## پایەکانی هاوسەرگیری

هاوسەرگیری سێ پایەی هەیە:

یەکەم: هەردوو کوڕو کچەکە هیچ پەرچێکیان لەبەردەمدا نەبێت بۆ هاوسەرگیرییەکە.

دووەم: وەڵامدانەوە: کە وتەیەکە لەدەم وەلی یان ئەوکەسەی سەرپەرشتی کچەکە دەکات دەردەچێت.

سێیەم: قبووڵ: دیسان وتەیەکە لەلایەن وەلی یان سەرپەرشتیاری کچەکە دەردەچێت بۆ قبوولبوون و ڕازیبوون.

## مەرجەکانی هاوسەرگیری

مەرجەکانی هاوسەرگیری چوارن:

**یەکەم**: ڕازیبوونی هەردوو هاوسەرەکە. بۆیە درووست نییە کە پیاو زۆری لە ئافرەت بکات بۆ ئەوە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا بکات کە ئەو ئافرەتە پێی ڕازی نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗا﴾ (النساء: ١٩). واتە: ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان هێناوە! بۆئێوە ڕەوانییە بە زۆرداری ژنان بکەنە میرات و دەستیان بەسەرابگرن. هەروەها پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: «لَا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ، وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ: وَكَيْفَ إِذْنُهَا؟ قَالَ: ´أَنْ تَسْكُتَ´»[1] واتە: بێوەژن مارە ناکرێت هەتا قسەی لەدەم وەرنەگیرێت، کچیش مارەناکرێت هەتا مۆڵەتی لێوەرنەگیرێت، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" مۆڵەت وەرگرتن لە کچ چۆنە؟ فەرموی: ´ئەوەیە کە بێدەنگ بێت´.

هەروەها لەبارەی "خەنسای کچی جوزام" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا باوکی بەبێ مۆڵەتی ئەو دابوی بەشوو، ئەو کاتە ئەو بێوەژن بوو، هاتە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، پێغەمبەریش نیکاحەکەی بۆ هەڵوەشاندەوە[2] . بۆیە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ڕێگری کردووە لەوە کە ئافرەت بەبێ مۆڵەتی خۆی بەشوو بدرێت، جا ئەو ئافرەتە چ کچ بێت، چ بێوەژن. بەڵام ئەوەی بێوەژنە لەسەری پێویستە کە بەدەم ڕازی بوونی خۆی یان نەبوونی دەرببڕێت، بەڵام کچ، بێدەنگییەکەی نیشانەی ڕازی بوونیەتی، چونکە پێی شەرمە کە بەدەم ڕازیبوونەکەی دەرببڕێت! هەروەها ئەگەر ئەو ئافرەتە ڕەتیکردەوە کە شووبکات، ئەوە زۆری لێ ناکرێت بۆ شووکردنی، هەرچەندە باوکیشی بە زۆر داوای لێ بکات، چونکە پێغەمبەر

---

(١) البخاري / النكاح/ ٤٨٤٣ عن ابي هريرة (رضي الله عنه)

(٢) (رواه ابن ماجة). فتح الباري (٩/١٩٦) وصححه الألباني

"صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفەرموێت:** «وَالْبِكْرُ يَسْتَأْذِنُهَا أَبُوهَا»[1] **بۆیە باوك هیچ گوناهی ناگات ئەگەر کچەکەی ڕەتی کردەوە کە شوو بکات، لەبەر ئەوە کچە خۆیەتی کە ڕەتی کردۆتەوە نەك باوکەکە، بەڵام لەسەر باوکەکەی پێویستە کە پارێزگاری لێ بکات و لە خراپەو خراپەکاری بیپارێزێت، وە کچەکە بۆی هەیە ئەگەر دوو داخوازیکەر هاتنە داخوازی بڵێت: من بەوە ڕازیمەوە بەوەیان ڕازی نیم، لەو کاتەشدا وەلییەکەی یان باوکەکەی بۆی نییە بڵێت: نا! تۆ دەبێت بەوەیان ڕازی بی و بەمیان ڕازی نەبیت!!** [2]

**دووەم: ئاماژە پێکردن: بەوە کە وەلییەکە بڵێت:** (زوجتك ابنتي فلانة) **یانی: فولانە کچم کرد بە هاوسەری تۆ، یان بڵێت: کچە درێژەکەیان، یان کورتەکەیان، یان هەر ناوی دەهێنێت و دەڵێت: فولانم کرد بە هاوسەری تۆ.**

**سێیەم: وەلی: درووست نییە هاوسەگیری بەبێ بوونی وەلی ئەنجام بدرێت، چونکە پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرمویەتی:** «أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ»[3] **واتە: هەر ئافرەتێك بە بێ ئاگاداری وەلییەکەی مارە بکرێت، ئەو نیکاحە پووچە، ئەو نیکاحە پووچە، ئەو نیکاحە پووچە. یاخود دەفەرموێت:** « لا نكاح إلا بولي»[4] **واتە: نیکاح بەبێ بونی وەلی درووست نییە. بۆیە ئەگەر ئافرەتێك خۆی بەبێ بوونی وەلی مارەبڕی ئەوە ماربڕینەکەی بەتاڵە، (وەلی)ش کەسێکی ئاقڵ و باڵغ و تێگیشتووە لەبارەی کچەکانییەوە، یان ئەوانەی ئەو سەرپەرشتیان دەکات، وەك باوك یان باپیر (باوکی باوك) و کوڕ و کوڕەزاو براو مامی ڕاستەقینەی مامی باوك کوڕەکانی..هتد (نزیکترینیان باوکە، تا دەگات بەوانەی ترەوە).**

**چوارەم: شایەت: یان ئامادەبوونی دوو شایەت لەکاتی مارەبڕینەکەدا، وەهەردوو شایەتیش دەبێت دادەر و قبوولکراوو ماقوول بن لای خەڵك.**

**پێنجەم: هاودینی، یانی درووست نییە کە ئافرەتی مسوڵمان شوو بە پیاوی کافر بکات. چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ

---

(١) رواه مسلم . قال الألباني في " السلسلة الصحيحة " ٤ / ٤٢٣ :

(٢) من كلام الشيخ ابن عثيمين رحمه الله من كتاب الزواج

(٣) رواه الترمذي وحسّنه ( ١١٠٢ ) وأبو داود (٢٠٣٨) ابن ماجه ( ١٨٧٩ ) من حديث عائشة ، صححه الألباني في "إرواء الغليل" (١٨٤٠)

(٤) رواه أبو داود والترمذي/ صحيح الجامع (٧٥٥٥)

يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ﴾ (البقرة: ٢٢١). واته: ئافرەتانی موشریك و خواناس مارە مەکەن هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، بێگومان کەنیزەکێکی ئیماندار چاکترە لە ئافرەتێکی موشریك و خوانەناس، هەرچەندە (جوانییەکەی، یان سامانەکەی، یان پلەوپایەکەی) سەرسامی کردبن، وە ژن مارە مەبڕن لە پیاوانی موشریك و خوانەناس هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، بەڕاستی بەندەیەکی ئیماندار چاکترە لە موشریك و خوانەناسێك، هەرچەندە سەرسامی کردبن (قەدو قیافەو پلەوپایەو سامانەکەی). هەروەها پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمویەتی: «إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ عَرِيضٌ»[1] واتە: ئەگەر یەکێك بۆ داخوازی کچەکانتان هات لە دین و ڕەوشتی ڕازی بوون، بیدەنێ، ئەنا وانەکەن ئەوا فیتنەو نارێکییەکی زۆر و فەسادێکی پان و پۆڕ لە زەویدا بلاودەبێتەوە.

**ئەوشتانەی کە سەر بنەمای نیکاح و هاوسەرگیرییەوە بونیات دەنرێت:**

بریتین لە:

(١) واجبێتیی پێدانی مارەیی.

(٢) خەرجی.

(٣) پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەر لەگەڵ کەسوکاری یەکتر.

(٤) مەحرەمێتی، یانی هەردوولا دەبن بە مەحرەمی یەکتر.

(٥) میرات: هەردوولا میرات لەیەکتر دەگرن.

کەواتە:

ژنهێنان یەکێکە لە سوننەتەکانی ژیان، ئەوانەی کە ئەم سوننەتە لەژیانیاندا پەیڕو ناکەن و فەرامۆشی دەکەن، ئەوە جموجوڵ و بەرەو پێشچوونی ژیانی خۆیان لەگۆشەیەکدا گیرکردووە، کە ئەنجامەکەی وەستان و لەبەینچوونی ئەو ژیانەیە، چونکە مەحاڵە بێ ژن و هاوسەرگیری ئەم زەمینە چیتر بتوانێ مرۆڤەکان هەڵگرێو تاسەر خزمەتیان بکات و پشتی خۆیان بۆ ڕابخات.. هەڵبەت خوای پەروەردگار دونیای بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ درووست کردووە، مرۆڤیش ئەو بونەوەرە بێ وێنەو تاکەیە کە بوەتە خەلیفە لە سەر زەوی تاکو ئەم دونیایەی کە بۆ خزمەتی ئەو درووست کراوە بیکات بە پەرستگاو خوای تاکو تەنیای لێ بپەرسترێ.. وەلێ ئەو مرۆڤە ناتوانێ تا سەر ئەم کارە ڕاپەڕێنێت، بێ ئەوە لەدوای خۆی ئەم کاروانە تەسلیم بەوانی تر نەکات و کلیلی بەردەوام بوونی ئەو ڕەوتەی ژیان نەدات بەوانەی دوای خۆیەوە ..

دیارە ئەو دەستاو دەستکردنەی ژیانیش تەنها بریتی نییە بۆ مرۆڤ، بەڵکوو تەواوی بوونەوەرانی تریش دەبێت ئەم خاسیەتەیان تێدا مسۆگەر بێت، ئەنا بەتەنها ئینسان ناتوانێ تێکڕای کارەکان لە دونیا ڕابپەڕێنێت..

---

(١) رواه الترمذي عن أبي هُرَيرَةَ (رضي الله عنه) حديث حسن في الإرواء ( ١٦٦٨ ) و الصحيحة ( ١٠٢٢ )

تەنها ئەوەیە کە ئینسان ئەم بوونەوەرەیە کە بەڕۆڵی بانگەوازکردنی باقی مرۆڤەکان هەڵبـژێردراوە تا بە پێی فەرمایشتەکانی خوا بۆ ئەم کارە شانی خۆی بداتە بەر، کەچی دروستکراوانی تر، لە ڕێگەی تێکەڵبوونی نێرومێ و زاوزێکانەوە تەنها ڕێ خۆشدەکەن بۆ ئەو ئینسانە کە هەست بکات نهێنی بەرێوەچوونی ژیان پەیوەستە بە بەرێوەچوونی لایەنە جنسییەکانەوە لە نێوان نێرو مێکاندا ئەویش لەڕێی هاوسەرگیری نێوانیانەوە بەو شێوە شەرعییەی کە خوا دیاری کردووە بە ئەنجام دەگات. بەڵگەش بۆ ئەم قسانەی کە دەڵێم دروستکراوانی تریش ڕۆڵی ئەم تێکەڵبوونەی نێرو مێیە دەگێڕن ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ﴾ (الرعد: ٣) واتە: لە هەموو بەروو بوومێك جووتی فەراهەم هێناوە. یان دەفەرموێ: ﴿فَاسْلُكْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ﴾ (المؤمنون: ٢٧). واتە: لە هەر جۆرێك (ماڵات و گیان لە بەری ماڵیی) جووتێك سوار بکە.

هەروەها خوای گەورە ئەم کارەی مرۆڤی زۆر بە بەرز نرخاندووە بۆیە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً﴾ (النساء: ١). واتە: ئەی خەڵکینە خۆتان لە خەشم و نارەزایی پەروەردگارتان بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە کەسێك دروست کردووە، وە لەو کەسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناوە، لەو دوانە پیاوان و ژنانی زۆری هێناوەتە کایەوە. یان دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ﴾ (لقمان: ١٠). واتە: لە ئاسمانیشەوە ئاومان دابەزاند، جۆرەها ڕووەك و گژوگیای هاوجووتی بە سوودو بەکەڵك و جوان و ڕازاوەمان لە زەویدا ڕواند. بۆیە هاوسەرگیری سوننەتی تەواوی پێغەمبەران بووە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً﴾ (الرعد: ٣٨). واتە: سوێند بەخوا بێگومان پێش تۆ پێغەمبەرانی ترمان ڕەوانە کردووە و هاوسەرو نەوەشمان پێداون. هەر لەم پێوە دانگەوە خوای پەروەدگار وە پێغەمبەری نازدار "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هانی بەندەکان ئەدەن بۆ ژنهێنان.

**خوای گەورە دەفەرموێت:**

١. ﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ﴾ (النور: ٣٢) . واتە: ئافرەتانی کەنیزەك بدەن بە شوو، وە کەسانی چاك و پاك لە بەردەم کەنیزەکانتان لە یەکتری مارە ببڕن.

٢. ﴿فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ﴾ (البقرة: ٢٣٢). واتە: (ئێوە ئەی کەس و کاری ژن ) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا ئەگەر ویستیان بگەڕێنەوە لای هاوسەریان (یاخود ویستیان شووێکی تر بکەنەوە).

٣. ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَذُرِّيَّةً﴾ (الرعد: ٣٨). واتە: بێگومان پـێش تـۆ پێغەمبـەرانی ترمان ڕەوانە کردووە، هاوسەرو نەوەشمان پێ بەخشیون.

٤. ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ﴾ (الفرقان: ٧٤) واتـە: ئەوانـەیش کـە دەڵـێن: پـەروەدگارمان لـە هاوسـەران و نـەوەکانمان کەسـانێکمان پـێ ببەخشـە کـە ببنـە مایـەی ڕووناکی دیـدەمان و (شادمانی دڵمان).

**هەروەها پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێ:**

(١) «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ»[١] واتە: ئەی لاوەکان! ئەوەی لە ئێوە دەیەوێت کە ئۆقرەگیر بێت بـا ژن بهێنێـت، چـونکە (ژنهێنان) مایەی چاوگرتن و پاراستنی داوێنـە، ئـەوەیش کـە ناتوانـێ بـە بـەڕۆژوو بێـت، چـونکە ئـەو پـارێزەری شەهوەتەکانی ئەبێت.

(٢) «إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ عَرِيضٌ»[٢] واتـە: ئەگەر یەکێك بۆ داخوازی کچەکانتان هات لـە دیـن و ڕەوشـتی ڕازی بـوون، بیـدەنێ، ئـەنا وانەکـەن ئـەوا فیتنـەو نارێکییەکی زۆر و فەسادێکی پان و پۆڕ لە زویدا بڵاودەبێتەوە.

بۆیە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: بەندایـەتی کـەس وەرناگیرێـت ژن نـەهێنێت (یان شوو نەکات)

هەروەها دەفەرموێت: ئەگەر ویستتان نیکاح ببەستن، بیبەستن، ئەنا هەر کەسـێکی زینـا بکـات ئیمـان لـە دڵ و دەروونی دەردەچێت. (ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت، کە ئەگەر کەسێك ژن نەهێنێت خەریکە تووشـی زینـا ببێت! الله اعلم).

## سوودەکانی ژنهێنان

هەڵبەت ژنهێنان جگە لەوەی کە فەرمانێکی ئەم ئایینەیە، بەڵام لە ڕووی ترەوە خزمـەتێکی زۆر گەورەشـە بە مرۆڤایەتی، بۆیە دەبینین کە ژنهێنان سوودێکی زۆری هەیە لەوانە:

---

(١) رواه مسلم عن معاوية (رضي الله عنه)/ إرواء الغليل ١٩٢/٦

(٢) رواه الترمذي عن أبي هُرَيرَةَ (رضي الله عنه) حديث حسن في الإرواء ( ١٦٦٨ ) و الصحيحة ( ١٠٢٢ )

**(١) منداڵ بوون و زیاد بوونی وەچەو فراوانبوونی ژیـان: وەك پێغەمبـەر** "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" « عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ ، قَالَ : جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فَقَالَ : إِنِّي أَصَبْتُ امْرَأَةً ذَاتَ حَسَبٍ وَجَمَالٍ وَإِنَّهَا لَا تَلِدُ، أَفَأَتَزَوَّجُهَا؟ قَالَ : " لَا "، ثُمَّ أَتَاهُ الثَّانِيَةَ، فَنَهَاهُ، ثُمَّ أَتَاهُ الثَّالِثَةَ، فَقَالَ : " تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأُمَمَ»[١] **واتە: "مـەعقیلی کـوڕی یەسـار" (خـوا لێـی ڕازی بێـت) لـە دەڵێـت: پیاوێك هاتـە خزمـەت پێغەمبەر** "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **گوتی: من تووشی ئافرەتـێ هـاتووم کـە نـاوو ناوبـانگی هەیـەو جوانـە، بەڵام منداڵی نابێت، ئایا بیخوازم، فەرمووی: نـەخێر، پاشـان جـاری دووەم هاتـەوە، هەمـدیس ئەمـەی گوتـەوە، پێغەمبەریش** "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **هەمدیس نەخێری لێ کردەوە، سـێیەمجار هاتـەوە، ئینجا پێغەمبـەر** "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرمووی: ئافرەتێ بخوازن کە ببێتـە مایـەی خۆشەویسـتی و منـداڵ بـوون، چـونکە من بە ئێوە لە ئوممەتان زیاد دەکەم.**

**(٢) دامرکانـدنی شـەهوەتەکان: وەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێ:** ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الروم: ٢١). **واتـە: (یـەکێك) لـە نیشـانەو بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لەخۆتان هاوتاو هاوسەری بۆ درووست کردوون بۆ ئەوەی ئـارام بگـرن لـە لایـدا، وە لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبـانیی فەراهـەمهێناوە، بەراسـتی ئـا لـەو دیاردانـەدا نیشـانەو بەڵگـە هەیە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوەو تێدەفکرن.**

**(٣) ماڵ پێکهێنان : ئینسان تا بە تەنها بێت زۆردەگمەنە کە بتوانێ ماڵ پێك بهێنێت، وەلێ کـاتێ کـە بـیر لە ژنهێنان دەکاتەوە، بەشێك لەو بیرکردنەوە بـیر کردنـەوەیـە لـە پێکهێنـانی مـاڵێکی نـوێ، تـا ببێـت بـە مایـەی ژیانێکی خۆشی هاوسەرایەتی و ماڵێك کە چەندین منداڵی لێ ببێتەوە.**

**(٤) زۆربوونی خەڵك : وەك پێغەمبـەر** "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفـەرمووێ:** « تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأُمَمَ»[٢]

**(٥) تێکۆشـــان بـــۆ خزمەتـــەکانی یـــەکتر و هاوبەرپرســـیاربوونی نێـــوان هـــەردوو توخمەکـــە: وەك "ئیبنومەسعوود" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێـت:** (إِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَتَزَيَّنَ لِزَوْجَتِي كَمَا تُحِبُّ زَوْجَتِي أَنْ تَتَزَيَّنَ لِي)[٣] **واتـە: من پێم خۆشە کە خۆم بۆ ژنەکەم جوان بکەم، هەروەك ئەو پێی خۆشە خۆی بۆ من جوان بکات.**

---

(١) رواه مسلم عَنْ معقل بن يسار (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال الألباني حسن صحيح

(٢) رواه مسلم عَنْ معقل بن يسار (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال الألباني حسن صحيح **(لە پێشتر لێك دراوەتەوە)**

(٣) معالم التنزيل تفسير البغوي

## کام ئافرەت هەڵدەبژێریت تا بیکەیت بە هاوسەری ژیانت؟

**پێویستە ئەو ئافرەتەی یان ئەو پیاوەی کە هەڵی دەبژێریت ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدا جێگیر بێت:**

**(١) پێویستە ساڵح و دیندار بێت : وە پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفەرموێ:** «تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَلِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ»(١) **واتە: لەبەر چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت: یان بۆ ماڵ و سامانەکەی، یان لەبەر بنەماڵەکەی، یان لەبەر جوانییەکەی، یان لەبەر دینداریيەکەی، جا تۆ ئافرەتی دیندار بهێنە، تا دەست پڕ بەرەکەت بیت.**

**(٢) پێویستە ڕەوشتی ئاکارو بەرزی جوانی هەبێت: هەروەك پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرمووی:** «إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ، إِلَّا تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ عَرِيضٌ»(٢)

**(٣) هەردوولا شێوەو ڕوخسای یەکتر ببینن: وەك پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفەرموێ:** «عَنْ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ، أَنَّهُ خَطَبَ امْرَأَةً، فَقَالَ النَّبِيُّ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" انْظُرْ إِلَيْهَا فَإِنَّهُ أَحْرَى أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا»(٣) **واتە: لە "موغیرەی کوڕی شوعبە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەفەرموێ: کە داخوازی ئافرەتێکی کرد، پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرمووی: (بڕۆ) سەیری بکە، چونکە ئەبێتە مایەی خۆشەویستی و تەبایی.**

**هەروەها ئیمامی "ئەعمەش" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ´هەر ژن هێنانێك بێ سەیرکردنی یەکتر ڕێکخرابێت، کۆتاییەکەی هەر خەم و پەژارەیییە´.**

**هەروەها دەگێڕنەوە کە لە دەورانی "عومەری کوڕی خەتتاب"دا (خوا لێی ڕازی بێت) پیاوێك ئافرەتێکی خواستبوو، پاش ماوەیەك ئافرەتەکە دادو بێدادی بوو لە چنگی، بۆیە خاوو خێزانی ئافرەتەکە ئافرتەکەیان لێ سەندەوەو چوونە لای "عومەر"، گوتیان ئەی "عومەر" ئێمە وامان زانیبوو کە زاواکەمان گەنجە! "عومەر"یش بانگی کردو تێیسرەواند ە پێی گوت: خۆت هەڵەخەڵەتاندو خەڵکیشت هەڵخەڵەتاند؟!!**

---

(١) رواه مسلم عن أبي هريرة (رَضيَ اللَّهُ عَنْهُ) الإرواء الغليل " ( ١٧٨٣ )

(٢) رواه الترمذي عن أبي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) حديث حسن في الإرواء ( ١٦٦٨ ) و الصحيحة ( ١٠٢٢ ) **(پێشتر کراوە بە کوردی)**

(٣) رواه الترمذي قال الألباني في "السلسلة الصحيحة" ١ / ١٥٠

**(٤) له بنەماڵەیەكی دیندار پەروەردە بوو بێت: ئەمەش بۆ پەروەردەكردنی ڕۆڵەكانیان پێش لە خراپە دەگرێت، هەروەك لە "عائیشە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفەرموێ:** «تَخَيَّرُوا لِنُطَفِكُمْ، وَانْكِحُوا الْأَكْفَاءَ وَأَنْكِحُوا إِلَيْهِمْ»[1] **واتە: ئافرەتانی شیاو چاك بۆ نوتفەكانتان هەڵبژێرن و بیانخوازن.**

**(٥) ئافرەتەكە یان پیاوەكە نەزۆك نەبێت : چونكە پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **دەفەرموێ:** « تَزَوَّجُوا الْوَدُودَ الْوَلُودَ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الْأُمَمَ»[2].

**(٦) هاوتەمەنی یەكتر و گەنج و لاو بن : بۆ ئەمەش پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **بە "جابر"ی فەرمووكاتیٚ كە پیرەژنێكی مارە كردبوو:** « يَا جَابِرُ، تَزَوَّجْتَ "، قُلْتُ : نَعَمْ، قَالَ: " بِكْرٌ أَمْ ثَيِّبٌ "، قُلْتُ : ثَيِّبٌ، قَالَ : " فَهَلَّا بِكْرًا تُلَاعِبُهَا "، قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ لِي أَخَوَاتٍ، فَخَشِيتُ أَنْ تَدْخُلَ بَيْنِي وَبَيْنَهُنَّ »[3] **واتە: ئەی "جابر" ژنت هێناوە؟ "جابر"یش گوتی: بەڵێ، فەرمووی: گەنجە یان پیر؟ "جابر" گوتی: پیرە! پێغەمبەریش** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرمووی: ئەوە گەنجێكت نەهێنا تا یاری لەگەڵدا بكەیت؟ "جابر" گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من چەند خوشكێكم هەیە، لەوە ترسام كە ژنەكەم خۆی بخزێنێتە نێوانمان و دەست لە كارو بارمان وەربدات.**

**(٧) وا چاكە كە خزمی یەكتر نەبن: چونكە لە ڕووی زانستیەوە زۆربەی ئەو كوڕو كچانەی كە خزم و كەسی یەكترن، لە دوا ڕۆژدا زیانێكی زۆر بە منداڵەكانیان دەگەیەنێ.**

**(٨) دووركەوتنەوە لە ژنبەژنی: چونكە پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **نەهی كردەوە لە ژنبەژنی! وەك دەفەرموێ:** «لَا شِغَارَ فِي الْإِسْلَامِ»[4] **واتە: ژنبەژنی لە ئیسلامدا نییە. (مەبەستیش لە ژنبەژنی ئەوەیە كە هەر یەك لە ژنەكان ببن بە مارەیی یەكتر!)**[5]

## قۆناغەكانی دوای مارەكردن یان ئادابی زەماوەند و ژن گواستنەوە

---

(١) رواه ابن ماجة السلسلة الصحيحة " ٣ / ٥٦

(٢) رواه مسلم عَنْ معقل بن يسار (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال الألباني حسن صحيح (**لە پێشتر لێك دراوەتەوە**)

(٣) أخرجه مسلم و النسائى ( ٧١/٢ ) بهذا التمام ، و لابن شيبة ( ٢/٤٩/٧ )

(٤) ابن ماجة عن انس بن مالك (صحيح) انظر حديث رقم: ٧١٦٨ في صحيح الجامع

**(٥) لە دواییا بە درێژی باسی دەكەین**

(١) داوەتی بووك گواستنەوە: واتە: خەڵکی بانگ بکەیت و خواردن درووست بکەیت و مارە بڕینەکەی تیا ئاشکرا بکەیت، هەروەك دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" چاوی کەوت بە شوێنەواری خواردن لە ماڵی "عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف"دا (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: ئەمە چییە ئەی "عەبدولڕەحمان"؟ ئەویش گوتی: ئافرتێکم خواستووە لەسەر پارچەیەك زێر، پێغەمبەریش "صَلّی اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: «بَارَكَ اللَّهُ لَكَ، أَوْلِمْ وَلَوْ بِشَاةٍ»[١] واتە: خوا بەرکەتی تێبخا بۆت، زەماوەند بکە ئەگەر بە مەڕێکیش بێت.

هەروەها دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" داوەتی بووکگواستنەوەی بۆ "سەفییە" کرد بە قاپێ خورماو هێندێ هەنگوین.

ئینجا سوننەتە کە پیرۆزبایی لە زاوا یان بووك بکرێت و پێیان بگوترێت: «بَارَكَ اللَّهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ»[٢] واتە: خوا بۆتان پیرۆز بکات خێرو بەرەکەت برژێنێ بەسەرتانا، وە هەردولا لە خێرو خۆشیدا کۆتان بکاتەوە.

هەڵبەت ئەم داوەتەش بەشێکە لە ڕاگەیاندنی مارەبڕینەکە.

(٢) ئەوپەڕی ڕەوشتبەرزی لەگەڵ یەکتردا بنوێنن: وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ (النساء: ١٩). واتە: گوفتارو ڕەفتارتان لە گەڵیاندا جوان بێت. یان دەفەرموێت: ﴿وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا﴾ (النساء: ٢١). واتە: ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێ وەرگرتوون (لە کاتی مارەکردنیاندا). بەشێکیش لە ڕەوشتبەرزی ئەوەیە کە پیاوو ژن لەسەر ئازارەکانی یەکتر خۆڕاگربن و لە هەموو هەڵچوونێکیاندا یەکتر هێور بکەنەوە.

(٣) دەستبازی و یاریکردن و گاڵتەو خۆشی لەگەڵ یەکتر: ئەمەش ئاشکرایە کە پێغەمبەر "صَلّی اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەردەم شۆخی و سوعبەتی لەگەڵ خێزانەکانی دەکرد، هەتا دەگێڕنەوە کە ڕۆژێك لەگەڵ "عائیشە"ی دایکمان (خوا لێی ڕازی بێت) لە حەوشەی مزگەوت پێش برکێی کردووە. جاری واش هەبووە "عائیشە"ی بەرزدەکردەوەو لە باوەشی خۆی دەگرت! ! وە دەیفەرموو: «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ وَأَنَا خَيْرُكُمْ

---

(١) صحيح ، ابن ماجة (١٩٠٧)

(٢) صحيح آداب الزفاف ( ٨٩ ) ، تخريج الكلم الطيب ( ٢٠٦ ) ، الصحيح ( ١٨٥٠ )

لِأَهْلِي»[1] واته: چاكترینتان ئەو كەسەیە كە لەگەڵ خێزانی خۆی باش بێت و منیش لە ئێوە لە هەمووتان باشترم لە گەڵ خێزانی خۆم.

(٤) زێدەڕەوی نەكەن لە گاڵتەوگەپ و شۆخی، چون بەم كارە زۆر جار هەردوولا زاریان لەیەكتر سپی دەبێتەوە، تا دەگات بە ئاستی ئەوە كە هیچ نرخێك بۆ یەكتر دانەنێن! دیارە كە ئەنجامەكەشی هەر بەشەڕو ئاژاوەو قسەوتن بە یەكتر كۆتایی دێت، ئەمەش وا دەكات كە شیرازەی ئەم خێزانە زۆر ئاسان لەبەین بچێ و تێك بچێت!

(٥) دادگەری لە پركێشیكردندا ( الإعتدال في الغيرة ) : زۆر جار ئینسان گومانی خراپ ئەبات بە خانەوادەكەی تا سەرەنجام ژیانیان لێ ئەبێت بە مەرگ، شادییان لێ دەبێت بەشین و لەخۆدان. بۆیە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەمیشە یارانی ئاگادار دەكردەوە كە پركێشیەكانیان لە شوێنی خۆیاندا بێت، تەنها گومانێك وایان لێ نەكات كە تای تەرازوویان لەگەڵ یەكدا لار ببێت، بۆ نموونە كاتێ كە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە گەل یارانی ئەگەڕایەوە بۆ مەدینە پێی فەرموون: «لَا تَطْرُقُوا النِّسَاءَ لَيْلًا»[2] واتە: بەشەو لە دەرگای خێزانەكانتان مەدەن. ئەمەش بۆ ئەوەبوو كە دڵیان لەیەكتر كرمێ نەبێت، كاتێ كە یەكتر لە حاڵەتێكی نەشیاوەوە دەبینن.

(٦) دادگەری لە بەخشیندا: واتە نە زۆر دەستبڵاو و نە زۆر چرووكیش بێت، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ (الأعراف: ٣١). واتە: بخۆن و بخۆنەوە و دەستبڵاوی مەكەن، چونكە خوا دەستبڵاوانی خۆش ناوێن.

هەروەها "ئیبنوسیرین" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): دەفەرموێ: ʹوا چاكە بۆ پیاو هەموو ڕۆژانی هەینی شیرینییەك بۆ خێزانی درووست بكات!!ʹ

هەروەها ئەبێ هەوڵ بدات كە خواردنی حەلال بۆ منداڵەكانی بسەنێت، وە نەكات نادادگەریی لە نێوان منداڵەكانیدا پەیڕەی بكات، یان ئەگەر دوو ژنی هەبوو كەسیان نەبژێرێ بەسەر ئەویتردا. بۆیە دەبینین كە ئافرەتانی تابعین هەمیشە بە مێردەكانیان دەگوت: ئێوە ئەچنە دەرەوە ئێمە نازانین كە چ خواردنێك بۆ منداڵەكان دەسەنن، دەستمان دامێنتان نەكەن لوقمەی حەرام بۆ منداڵەكانمان بێننەوە، ئێمە دەتوانین لەسەر برسێتیی خۆ ڕا بگرین بەڵام ناتوانین بۆ ساتێكیش خۆ لە ئاگری دۆزەخ ڕابگرین!!!

---

(١) أخرجه الترمذي ( ٢ / ٣٢٣ ) "السلسلة الصحيحة" ١/ ٥١٣

(٢) رواه البخاري عن أنس (رضي الله عنه) انظر حديث رقم: ٧٣٦٢ في صحيح الجامع

(٧) هــەردوو وێکــڕا هــەوڵ بــدەن لــە زانســتی یــەکتر بەهرەمەنــد بــبن و پاشــان یــەکتر لــە ماریفەتــە تایبەتییەکانیان بەهرەوەر بکەن.

(٨) تەمێکردن: کاتێ کە مێرد دەیـەوێ خێزانەکـەی ئاگـادار بکاتـەوە لـە تاوانێـك کـە ئافرەتەکـە ئـەنجامی داوە، دەبێ زۆر بە هێمنی و بەڵگەی شەرعییەوە خێزانەکەی ئاگـادار بکاتـەوە، لـەو حانـەدا خـوای گـەورەش بـۆ ژیانێکی بەختەوەرانە ڕایاندەکێشێت و ڕێنموونییان دەکـات، بۆیـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنْ يُرِيدَا إِصْلاحاً يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا﴾ (النساء: ٣٥). واتە: ئەگەر ئەم دووکەسە مەبەستیان ڕێکخسـتنیان بێـت، خـوا پێکهـاتن فەراهـەم دێنێت لە نێوان ژن و مێردەکـەدا. خـۆ ئەگـەر ئافرەتەکـە بەوەنـدە بەسـی لـە تاوانـەکانی نـەکرد، ئـەوا قۆنـاغی خۆدوورگرتن دەست پێ دەکات. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً﴾ (النساء: ٣٤). واتــە: ئەگــەر ترســان لــە سەرکەشــیی و سەرپێچی هاوسەرتان، سەرەتا ئامۆژگارییان بکەن، (ئەگەر سـوودی نـەبوو) لـە نـاو جێدا گوێیـان پـێ مـەدەن، (ئەگـەر ئـەوەش سـوودی نـەبوو) لێیـان بـدەن (بـە مـەرجێك لێدانەکـە لـە دەموچـاو نـەبێت و ئاسـەوار بـە جـێ نەهێڵێت).

(١٠) سەرجێییکردن: ئەمەش هەڵبەت بەو شێوە دەبێت ئەنجام بدرێت کـە خـواو پێغەمبـەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ویسـتویانە، قۆناغـەکانیش کـە مەبەسـتە لەشـەوی یەکەمـەوە جێبـەجێ بکـرێن بـەم شـێوانەی خوارەوەیە:

* دوو ڕکات نوێژ بەیەکەوە بکەن.
* پیاوەکە ئامۆژگاری ئافرەتەکە دەکات.
* پیاوەکە شیرینییەك ئەدات بە خێزانەکەی.
* پیاوەکە دەستی ڕاستی دەخاتە سەر سەری خێزانەکەی و دەڵێت: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِهَا وَخَيْرِ مَا جُبِلَتْ عَلَيْهِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا جُبِلَتْ عَلَيْهِ»[1] واتـە: خوایـە مـن داوای چاکەی ئەمـەو ئـەو چاکەیەت لێ دەکەم کە خستوتە سەرىو پەنات پێ دەگرم لە خراپەکـەی و لەوخراپەیـەی کـە خستوتەتە سـەری. وە ئەگـەر حوشترێك یان ئەسپێك یاخود ماشێنێکی کڕی با دەست بخاتە سەری و هەمان نزا بکاتەوە.

---

(١) رواه ابن ماجة عن ابن عمر ( رضي الله عنهما ). حديث حسن آداب الزفاف ( ٢٠ ) ، تخريج الكلم الطيب ( ٢٠٧ )

* ئینجا هەمووجار پێش ئەوەی کە سەرجێییەکەی دەست پێ بکات ئەوا دەڵێت: «بِسْمِ اللهِ. اللهُمّ جَنِّبْنا الشَّيطانَ. وَجَنِّبِ الشَّيطانَ مارَزَقْتَنا»[1] واتە: بە ناوی خوا، خوایە شەیتانمان لێ دوور بخەرەوەو شەیتان لەو منداڵەش دوور بخەرەوە کە پێمان دەبەخشی، ئینجا سەرجێییەکە دەست پێ ئەکات، واش باشە لە کاتی سەرجێییەکەدا شتێك بدەن بەسەر خۆیانا!

* بە هیچ جۆر درووست نییە کە لە کاتی حەیز و نیفاسدا سەرجێیی بکرێت! بەڵکوو پیاو دەتوانێ خۆشی لە هەموو شوێنێکی ئافرەت وەربگرێت لە چوار چێوەی شەرعدا، تەنها خۆی لە جیماع بەدوور دەگرێت. وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ (البقرة: ٢٢٣) . واتە: ژن و هاوسەرتان کێڵگەن بۆتان و شوێنی چاندنن، جا بەهەر شێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێننە ناو کێڵگەکەتانەوە (بە هیوای بەرهەم).

* پیاو بۆی هەیە دەستپەڕ بەدەستی خێزانەکەی خۆی؛ بۆخۆی ئەنجام بدات، یان پیاو بۆخێزانەکەی، وەك لەم فەرموودەیە هاتووە دەگێڕنەوە کە "ئیبنوموحەیریز" (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاوێتییەوە، دەفەرموێت: من و "ئەبووسیڕمە"چووینە لای "ئەبووسەعیدی خودری" و "ئەبووسیڕمە" پرسیاری لە "ئەبووسەعید" کرد و گوتی: ئەی "ئەبووسەعید"، ئایا گوێت لە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بووە کە باسی ئاوهێنانەوەی (بە دەست کردبێت)؟ فەرمووی: بەڵێ، لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" لە غەزای بەنی موستەلەق بووین، ڕەبەنیی زۆری بۆ هێناین، حەزمان دەکرد کە لێی دەربچین، ویستمان کە دڵی خۆمان بە ئاو فرێدان ئاسوودە بکەین! گوتمان چۆن شتی وا دەکەین و کەچی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هێشتا لەناومانایە؟! ئەی بۆ پرسیاری لێ نەکەین؟ پرسیارمان لێکرد ئەویش فەرمووی: «أَوَإِنَّكُمْ تَفْعَلُونَ ذَلِكَ لَا عَلَيْكُمْ أَنْ لَا تَفْعَلُوا ذَلِكُمْ، فَإِنَّهَا لَيْسَتْ نَسَمَةٌ كَتَبَ اللَّهُ أَنْ تَخْرُجَ إِلَّا هِيَ خَارِجَةٌ»[2] واتە: ئێوە ئەوە ئەکەن؟ هیچتان بۆ نییە ئەگەر ئەوە نەکەن، سودێ لەوە نابینن ئەگەر فڕێی دەنە دەرەوە، چون هیچ نەفسێك نییە کە خوا بڕیاری دابێت کە دەربچێت، ئەوە هەر دەردەچێت. (یانی ئەگەر لە خێزانەکانتان نزیك بن یان دوور بن، کاتێ کە خوا بڕیاری ئەوەی دا بێت کە لەو نوتفەیە منداڵ دەربچێت، یان دەر نەچێت، ئەوە هەر بەدەست خوایە نەك بەدەستی ئێوە).

---

(١) البخاري ١٤١/٦ ومسلم ١٠٢٨/٢

(٢) رواه البخارى، صحيح الجامع (٢٠٣٥)

## ڕەوشتەکانی منداڵبوون

بێگومان لە پاش ژنهێنان گرنکترین وەرچەرخان لەژیانی هاوسەرێتیدا منداڵبوونە! بۆ ئەمەش، زەرووره ڕەوشتەکانی منداڵبوون لای هەردوو هاوسەرکە پەیڕەوبکرێت و جێبەجێ بکرێت. جا لێرەدا حەز دەکەم کەمێك بە وردی و ڕوونکردنەوە بەلایەنی ئەحکامەکانی منداڵبوونەوە بدەم.

## ئەحکامە فیقهییەکانی منداڵبوون

بێگومان نیعمەتی منداڵ نیعمەتێکی گەورەیە کە پێویستی بە شوکرانە بژێری و سوپازگوزاری هەیە، یەکێك لە شوکرەکەکانی نیعمەتیش، شوێنکەوتنی ئەحکامە شەرعییەکانی منداڵبوونە، بۆیە لەو گۆشەیەدا پوختەی هێندێ لەو ئەحکامەکانە دەخەمە ڕوو، بەهیوای شارەزابوون و تێگەیشتنی زیاتر لە مەڕ لایەنەکانی هاوسەرێتییەوە.

دەڵێین:

**سەرەتا سەبارەت بە کوڕ یاخود کچ حەز دەکەم تێبینییەك بدەم،** ئەویش زۆر جار دەبینین خەڵکانێك بەهۆی بوونی کچەوە نیگەران و ناڕەحەت دەبن، هەروەك سەردەمانی زوو نەفامەکان نێوچەوانیان بە کچ گرژ دەبوو، تا گەیشت بەوە کە چاویان بەرایی نەدات کە سەیرییان بکەن، بەمەشەوە نەوەستان ئیتر لەمەولا ئەوەی کە کچی دەبوو، دەبوو زیندە بەچاڵی بکریایە!! ئەمە سیفەت و خەسڵەتەش یەکێکبوو لەناسنامەکانی ئەوسەردەمەی جاهیلی، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ کە بە بوونی کچ نیگەران و قەڵس دەبێت، هەمان خەسڵەتی سەردەمی نەفامی پێشووی لەخۆیدا هێناوتە بوون! جیاوازی ئەو سەردەمەو ئێستاش ئەوەیە کە ئەوانەی پێشوو سووچی کچانیان نەدەخستە سەر ژنەکانیان، وەلێ ئەوەی ئێستا پێیان وایە کە دایك ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەهەڵبژاردنی کچ یاخود کوڕ!! بێ ئاگایە لەوە کە کوڕ یان کچ هەڵبژاردەی تۆوی پیاوەکەیە نەك هێلکەی ژنەکە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ﴾ (القيامة: ٣٩). واتە: لە ئاوی پیاو جووتی درووست کردووە لەنێرو لە مێ. بۆیە دەگێڕنەوە کە "ئەبووحەمزە" پیاوێك بوو کە ڕقی لە ژنەکەی گرتبوو لەسەر ئەوەی کە هەمیشە کچی دەبوو!! بۆیە لەسەر ئەوە ماڵەکەی جێ هێشتبوو، خێزانەکەشی ئەو پارچە شێعرە دەهۆنێتەوە دەڵێت:

مال أبي حمـزة لا يأتينـا
غضبــان الا نلـد البنينا
تـــالله ما ذاك بأيدينـا
انما نحن كالأرض لِزارعينا

نُـخرجُ ما قد يُنْذِرُ فينـا

**واتە: چیەتی باوکی حەمزە نایەت بە لامان، تووڕەیە چون کوڕمان نابێت؟!! بەو خوایە ئێمە بێ دەسەڵاتین و هیچمان لە دەست نایە، بگرە ئێمە وەك زەوی واین بۆ ئەو کەسەی کە ئەمانکێڵێت، ئەمە دەر ئەدەین کە تیامانا ئەڕوێنرێت.**

**ئینجا لە لایەکی ترەوە خوا موژدە ئەدات بەوانەی کە کچیان دەبێت، وەك پێغەمبەر** "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلى آلِهِ وسَلَّم" **دەیفەرموو:** «مَنِ ابْتُلِيَ مِنْ هَذِهِ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ»[1] **واتە: کەسێك لە شتێکدا گیرۆدە بێت بە یەکێك لەو کچانە، ئەوا کچەکانی بۆ ئەبن بە پەرژینێك و لە ئاگری دەیپارێزن.**

## بێینەوە سەر ئەحکامەکانی منداڵبوون:

**یەکەم: پیرۆزباییکردن لە کاتی منداڵبووندا:**

**وا باشە کە بینیت یەکێك منداڵی بووە پیرۆزبایی لە دایکی یا باوکی بکەیت، وەك خوای گەورە دفەرمویت:** ﴿فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ﴾ **(الصافات: ١٠١). واتە: ئینجا ئێمەش موژدەمان پێدا بەکوڕێکی بەئارام و هێمن، ئەو کوڕەش –وەك ڕاڤەکەرانی قورئان دەڵێن– "ئیسماعیل" بوو.**

**پیاوێك لە خزمەت "حەسەنی بەسری" بە یەکێکی گوت:** (يَهْنِيكَ الْفَارِسُ) **منداڵەکەت سوراچاکێکی لێدەربچێت و موژدەت پێ بدات! "حەسەن"یش فەرمووی: ئاخر ڕەنگە سوار چاك دەرنەچێت، ڕەنگە میوە فرۆش یان حوشترەوان دەرچێت!! بەڵکوو بڵێ:** (شَكَرْتَ الْوَاهِبَ وَبُورِكَ لَكَ فِي الْمَوْهُوبِ، وَبَلَغَ أَشُدَّهُ وَرُزِقْتَ بِرَّهُ)[2] **واتە: خوا خۆشنوودی کردیت و پیرۆزیی لێکردیت بەوەی کە پێی دایت، وە خوا بەهێزو جێگیری بکات تا سوودی لێ ببینیت و یارمەتیت بدات، وە وای لێ بکات کە گوێڕالیت بکات و بەگوێت بکات.**

**بۆیە ئەگەر "ئەییوبی سەختیانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پیرۆزبایی منداڵبوونی لە یەکێك بکردایە دەیفەرموو:** (جَعَلَهُ اللَّهُ تَعَالَى مُبَارَكًا عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَّةِ مُحَمَّدٍ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم")[3] **واتە: خوا بیگێڕێت بە پیرۆزی بەسەر تۆو ئوممەتی پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلى آلِهِ وسَلَّم"

**دووەم: بانگدان بە گوێیدا: سوننەت وایە بە گوێی منداڵدا بانگ بدرێت وەك لە فەرموودەی "ئەبوورەفیع" هاتووە: ئەڵێت:** « رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" أَذَّنَ فِي أُذُنِ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيٍّ حِينَ وَلَدَتْهُ فَاطِمَةُ

---

(١) رواه البخاري

(٢) رواه ابن أبي الدنيا في العيال (١-١٦٥).

(٣) رواه ابن أبي الدنيا في العيال (١-٣٦٦)

بِالصَّلَاةِ»[1] واتە: پێغەمبەرم بینی کە وەك بانگی نوێژ بانگیدا بەگوێی "حەسەنی کوڕی عەلی" ئەو کاتەی کە لە "فاتیمە" لەداکبوو.

هەروەها "شێخ عەبدولعەزیز بن باز" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لە سونەنی تیرموزی هاتووە کە کۆمەڵێك لە زانایان بە سەحیحیان داناوەو کاریشیان پێی کردووە کەوا بە گوێی ڕاستی منداڵدا بانگ ئەدرێت، بەڵام فەرموودە سەبارەت بە ئیقامەکردن بە گوێی چەپدا لاوازە، هەرچەندە هێندێك لە سەلەفی ساڵحیش کاریان پێیکردووە، لە وانە "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" ( ڕەحمەتی خوای لێبێت)[2]

**سێیەم:** خورما یا شیرینی سوان بە مەلاشووی منداڵەکەوە، پاشان دوعاخوێندن بەسەری: هەروەك لە فەرموودەی "عائیشە" هاتووە دەفەرموێت: «كَانَ يُؤْتَى بِالصِّبْيَانِ، فَيُبَرِّكُ عَلَيْهِمْ، وَيُحَنِّكُهُمْ»[3] واتە: منداڵێکیان هێنایە لای پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئەویش دەمی بەخورما شیرین کرد. هەروەها لە فەرموودەی "ئەسمائ" هاتووە کە ئەو کاتەی "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر"ی بوو، پێغەمبەر هێنایە ژوورەکەی خۆی و دوعای بۆ کرد، پاشان بەدەمی پیرۆزی هێندێ خورمای نەرمکردەوە پاشان شیرناتی دەمی خۆی هێنا بە دەمی "عەبدوڵڵا"دا، بۆیە یەکەم شت کە خرایە دەمییەوە تەڕایەتی دەمی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"بوو، پاشان خورماکەی هێنا بە مەلاشووی سەرەوەی دەمی "عەبدوڵڵا"وە ئینجا دوعای بۆ کرد و پیرۆزبایی کرد[4]. هەروەك ئەمەی بۆ "عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووتەڵحە"ش کرد[5].

**تەفسیری عیلمی بۆ ئەم فەرموودە ئەوەیە:**

ئاستی شەکری کلوکۆز لە خوێنی منداڵی تازە بوو کەمە، هەرچەند کێشی منداڵ کەم بێتەوە ئاستی شەکر لەجەستەیدا نزم دەبێتەوە: ئەمەش وا دەکات کە: لەدایکبووی ناتەواو (ئەو منداڵەی کە کێشی کەمترە لە ٥,٢ کیلۆگرام) ئاستی شەکر لە جەستەیدا لە ڕێژەی ١٠٠ ملیلیتر خوێندا کەمتر بێت لە ٢٠ ملیگرام، بەڵام منداڵی ساغ و تەواو لەدایکبوو (کە کێشی زیاتر لە ٥,٢ کیلۆگرام)و ئاستی شەکر لە جەستەیدا زیاتر لە ٣٠ ملیگرامە، بۆیە ڕێژەی (٢٠ یان ٣٠ ملیگرام) دائەنرێت بەوە کە ئاستی شەکر لەخوێنی ئەو بێچووەدا زۆر کەمە، ئەمەش وادەکات:

---

(١) حديث حسن في الإرواء الغليل ( ١١٧٣ )

(٢) فتاوى ندوة الجامع -شريط رقم (٤٣)

(٣) رواه مسلم (٢١٤٧).

(٤) رواه البخاري (٣٩٠٩) ومسلم (٢١٤٦).

(٥) رواه البخاري (٥٤٧٠) ومسلم (٢١٤٤)

(١) منداڵی تازە لەدایکبوو ڕەتی بکاتەوە کە شیر بخوات.

(٢) ماسوولکەکانی شل دەبن.

(٣) کرداری هەناسەدان زوو زوو دەوەستێت.

(٤) دووچاری هەڵتەکان و لێدان و پەڕینی دەمار دێت کەوا دەکات دەمارەکانی گرژببێت! کە وایشبوو ئەوا:

– ئەو منداڵە درەنگ گەشە دەکات.

– ئەقڵی تاخیر گەشە دەکات.

– دەماغی گۆچ دەبێت.

– گوێکانی یا چاوەکانی خراپ کاردەکەن.

– دڵی خێرا لێ ئەدات.

خۆ ئەگەر چارەسەری زووی بۆ نەکرێت ئەوە بە مردنێکی زوو کۆتایی پێ دێت. هەرچەند چارەسەرەکەشی زۆر ئاسانە کە بریتییە لە پێدانی شەکری کلوکۆز کە لە ئاو ئەتوێنرێتەوە یا بەدەم یا لە ڕێگەی دەمارەوە لە ڕێی دەرزییەوە پێی دەدرێت.

کەواتە ئەم کارەی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" کە هەڵساوە بە نەرمکردنی خورما لە ڕێگەی دەمی پیرۆزیی خۆیەوە، حیکمەتی زۆری تێدایە.

چونکە خورما ماددەیەکی زۆری "کلۆکۆز"ی تێدایە (ڕیق)یش ئەنزیمەی تایبەتی تێدایە کە شەکرەکە دەگۆڕێت بە شەکری (سکروز)، لێرەوە منداڵ زیاتر سوود لە شیرناتییەکە دەبینێت.

لەگەڵ ئەوە کە هەموو منداڵێك کە لە دایك دەبێت ڕاستەوخۆ پێویستی بە شەکری کلۆکۆز هەیە، بۆیە ئەو کاتەی کە خورما شل دەکرێتەوەو دەخرێتە دەمی منداڵەوە، ئەوە وا دەکات کە ئەم منداڵە بە هێز بێ و تووشی گرفتی زۆر نەبێتەوە. بۆیە دەبینین کە لە نەخۆشخانەکانی منداڵبووندا کلۆکۆزی تواوە دەدرێت بە منداڵ، ئینجا دایکی دەست دەکات بە شیردانی منداڵەکەی.

ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەریش "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" کە سەبارەت بە دەمشیرینکردنی منداڵەوە هاتووە، ئاسۆیەکی گرنگ بۆ پاراستنی منداڵ دەکاتەوە، بە تایبەت ئەو منداڵەی کەلە وادەی خۆی زووتر لە دایك دەبێت، چون ئەو جۆرە منداڵە ئاستی شەکری کلۆکۆزی لە خوێندا بە ئەندازەیەکی زۆر کەمە. بۆیە ئەم کارەی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" ئەعجازێکی پزیشکی زۆرگەورەیە کە لە سەردەمی

پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" و سەردەمی دوای ئەویش زۆر ناسراو نەبوو، بەڵام ئەوەتا لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا وا حیکمەتەکەی وە دیار کەوتووە[1]

**چوارەم: هۆزەبانە** (العقیقة): ئاشکرایە کە هۆزەبانە سوننەتێکی بەردەوامی پێغەمبەر بووە "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"، هەروەك لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە لە "سەلمانی کوڕی عامری زوببی" دەگێڕنەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" بوو دەیفەرموو: «مَعَ الغُلام عقیقةٌ، فأهریقوا عَنْهُ دَمًا وَأَمِیطُوا عَنْهُ الأذَی»[2] واتە: هۆزەبانە بۆ لەداکبووی کوڕ ئەنجام ئەدرێت، مەڕی بۆ سەرببڕن و لە ئازار بەدووری بگرن.

هەروەها "ئیمام ئەحمەد" و "نەسائی" گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «مَنْ أَحَبَّ أَنْ یَنْسُكَ عَنْ وَلَدِهِ فَلْیَنْسُكْ عَنْهُ عَنَ الْغُلَامِ شَاتَانِ مُكَافَأَتَانِ، وَعَنِ الْجَارِیَةِ شَاةٌ»[3] واتە: ئەو کەسەی کە پێی خۆشە بۆ کوڕەکەی سەرببڕێت، با بۆی بکات، ئەویش بۆ کوڕ دوومەڕی گونجاوی وەك یەك و بۆ کچ مەڕێکە.

هەروەها لە "سەمورە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" فەرموویەتی: «کُلُّ غُلامٍ مُرْتَهَن بعقیقته، تُذْبَحُ عَنْهُ یومَ سابِعه، ویُحْلَقُ ویتصدَّق بوَزْنِ شَعْرِه فضَّة أو ما یعادِلُها ویسمَّی»[4] واتە: هەموو منداڵێك کە لە دایك دەبێت مەڕ بۆ سەربڕینەکەی دەبێتە بارمتەی ئەو، لە حەفتەمین ڕۆژیدا بۆی سەردەبڕدرێت، سەری ئەتاشرێ و ناوی لێ ئەنرێ، بە کێشی قژەکەی زیو دەبەخشرێت، یان هەرشتێکی تر نرخی زیوەکەی بۆ دیار دەکرێت.

هەروەها سوننەت وایە کە لە ڕۆژی هەفتەم ئەو مەڕە سەرببڕدرێت، خۆ ئەگەر لەبەر هەر هۆیەکەوە نەتوانرا کە لە ڕۆژی هەفتەم سەرببڕدرێت ئەوە هەر کاتێکی تر کە کرا سەر ببڕدرێت. مەرجیش نییە کە ئەو مەڕە مێ یان نێر بێت.

هەروەها پێستەکەی یان گۆشتەکەی نافرۆشرێت، بەڵکوو بە مەبەستی هۆزەبانەکە دەخورێت، یان دەکرێتە خێر یان دەکرێتە دیاری. هەروەك "ئینوحەزم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (المحَلّی) فەرموویەتی: هۆزەبانە لێی دەخورێت و دەکرێتە دیاری و دەکرێتە خێریش.

هەروەها "عائیشە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: «عَقَّ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" عَنِ الْحَسَنِ وَالْحُسَیْنِ شَاتَیْنِ یَوْمَ السَّابِعِ، وَأَمَرَ أَنْ یُمَاطَ عَنْ رَأْسِهِ الأذَی، وَقَالَ: اذْبَحُوا عَلَی اسْمِهِ وَقُولُوا : بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَکْبَرُ، اللَّهُمَّ لَكَ

---

(١) مقال للدکتور- محمد علي البار بمجلة الإعجاز العلمي – العدد الرابع (بتصرف)

(٢) رواه البخاري

(٣) صححه الألباني في السلسلة الصحیحة " ٦ / ٤٨٩

(٤) رواه اصحاب السنن

وَإِلَيْكَ، هَذِهِ عَقِيقَةُ فُلانٍ»[١] واتــه: پێغەمبــەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هۆزەبانــەی کــرد بــۆ حەســەن و حوسێن، به سەربڕینی دوومەڕ له ڕۆژی حەفتەمدا، وه فەرمانی کرد که ســەری (حەســەن) یــان حوسێن بتاشـن، پاشان لەسەر ناوی ئەو مەڕەکان سەر ببڕن و بڵێن: (بسم الله، الله اکبر) خودایه ئــەوه بۆتۆیــه وه لــەڕێگای تۆیــە، ئەمه هۆزەبانەی فولانکەسه (ناوی منداڵەکه دەهێنرێت).

لەکۆمــەڵێك فــەرموودەدا هــاتووه لەوانــه کــەوا لەســەردەمی نــەفامی لــه ڕۆژی هۆزەبانــەدا لۆکەیــەکیان بــه خوێنی مەڕه کوژراوەکه دەکرد پاشان قژی منداڵەکەیان ئەتاشی و لۆکەکــەیان لەســەر دا ئــەنا، بــەڵام پێغەمبــەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هــات ئــەوجاره لــه جیــاتی ئەمــه لۆکەکــەی بــه بــۆنی زەعفــەران دەکــردو لەســەر منداڵەکەی دا ئەنا[٢] .

هەروەها "جابر" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: (وَفِي الْعَقِيقَةِ تُقَطَّعُ أَعْضَاءً ، وَيُطْبَخُ بِمَاءٍ وَمِلْحٍ، ثُمَّ يُبْعَثُ بِهِ إِلَى الْجِيرَانِ، فَيُقَالُ : هَذَا عَقِيقَةُ فُلانٍ)[٣] واته: له هۆزەبانه، ئەندامانی مەڕەکه لەت لەت دەکرێ، پاشان به ئاوو خــوێ دەکولێنرێ، پاشان بۆ دراوسێکان دەنێردرێت و (لەســەریان دابــەش دەکرێت) و دەگوترێت ئــەوه هۆزەبانــەی فولانەکەسه. هەروەها "عەتائ" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی گۆشتی هۆزەبانەوه دەڵێت: (تُقَطَّعُ أَعْضَاءً). واته: لەت لەت دەکرێت، هەروەها "ئیمام ئەحمەد" (ڕەحمەتی خوای لێ بێــت) دەڵێــت: (لا يُكْسَرُ لَهَا عَظْمٌ) یــانی ئێسکی ناشکێنرێ[٤]. هەروەها "عەتائ" دەڵێت: دوو مەڕ بۆ کوڕو یەك بۆ کچ سەر دەبڕدرێت، لــه ڕۆژی حەفتــەما بۆیان سەر دەبڕدرێت ئەگەر نا له چواردە، ئەگەرنا له بیست و یەکەمدا.

"ئیمامی تیرموزی" دەڵێت: ئــەهلی عیلم ئەمــەیان پــێ خــۆش بــووه[٥] . هــەروەها پرســیاریان لــه "ئیمــام ئەحمــەد" کــرد ســەبارەت بــه هۆزەبانــه، ئــەویش فــەرمووی: "ئیبنوســیرین" (ڕەحمــەتی خوایــان لــێ بێــت) گوتوویــەتی: (اصْنَعْ بِلَحْمِ الْعَقِيقَةِ كَيْفَ شِئْتَ "، قِيلَ : كَيْفَ يَأْكُلُهَا كُلَّهَا؟ قَالَ : " يَأْكُلُ وَيُطْعِمُ)[٦] واتــه: چــۆنتان ویســت وا لەگــەڵ گۆشــتی هۆزەبانــه بکــەن، گوتیــان: چــۆن هــەمووی دەخورێــت؟ فــەرمووی: لێــی دەخورێــت دەرخواردی خەڵکیش دەدرێت.

سەبارەت به کوڕو کچیش فەرموودەکه هــەر دوو لا بــەبێ جیــاوازی دەگرێتــەوه، هــەروەك لــه فــەموودەی "ئــوم کــورز" هــاتووه دەڵێــت: «سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" عَنِ الْعَقِيقَةِ، فَقَالَ: " عَنِ الْغُلَامِ

---

(١) سنن الكبرى للبيهقي (٩-٣٠٣) قال الألباني رجاله ثقات

(٢) رواه البيهقي (٩-٣٠٣)

(٣) رواه ابن أبي الدنيا في العيال( ١-١٨٨) وسنده صحيح وأبو الزبير صرح فيه أنه سمعه من جابر

(٤) مسند اسحاق بن راهوي

(٥) جامع الترمذي (٥-١١٥)، وابن أبي الدنيا في العيال (١-٢٠٤)

(٦) ابن أبي الدنيا في العيال (١-٢١٤)

شَاتَانِ، وَعَنِ الْأُنْثَى وَاحِدَةٌ، وَلَا يَضُرُّكُمْ ذُكْرَانًا كُنَّ أَمْ إِنَاثًا»[١] **واتە: پرسیارم لە پێغەمبەر "**صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم**" کرد لەبارەی هۆزەبانەوە، دەڵێ فەرمووی: بۆ کوڕ دوومەڕە، بۆ کچیش یەك مەڕە، گرفتیشتان پێ ناگات ئەگەر ئەو مەڕانە نێربن یاخود مێ.**

**پێنجەم: تاشینی قژ: سەبارەت بە قژ تاشینیش لە کۆمەڵێك فەرموودەدا هاتووە، لەوانە لە فەرموودەی "ئەبووهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە کە پێغەمبەر "**صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم**" فەرموویەتی:** «مَعَ الغُلام عقيقةٌ، فأهريقوا عَنْهُ دَمًا وَأَمِيطُوا عَنْهُ الأذَى»[٢] **هەروەها دەفەرموێت:** «كُلُّ غُلامٍ مُرْتَهَن بعقيقته، تُذْبَحُ عنْهُ يومَ سابِعه، ويُحْلَقُ ويتصدَّق بوَزْنِ شَعْرِهِ فضَّة أو ما يعادِلُها ويسمَّى»[٣] **سەبارەت بە تاشینی قژ، جەماوەری فەقیهەکان لە سەر ئەوەن کە موستەحەببە کە لە ڕۆژی حەفتەم قژی منداڵ بتاشرێت و پاشان بە ئەندازەی کێشی قژەکەی خێر بکرێت، هەروەك لەو فەرموودە هاتووە دەفەرموێت:** «احْلِقِي رَأْسَهُ، وَتَصَدَّقِي بِوَزْنِ شَعْرِهِ مِنْ فِضَّةٍ عَلَى الْمَسَاكِينِ وَالْأَوْفَاضِ»[٤] **واتە: سەری بتاشە، (پاشان) بە کێشی قژە تراشراوەکە بە زیو بکێشەو بیکە بەخێر بەسەر هەژاران و خەڵکە جۆراوجۆرەکان.**

**بەڵام ناکۆکی هەیە سەبارەت تاشینی قژی کچ، لەوانە:**

**(١) مالیکییەکان و شافعییەکان دەڵێن: هیچ جیاوازی لە نێوانیاندا نییە، هەروەك لەو فەرموودەی "فاتیمە"ش وە دیار دەکەوێت کەوا کێشی قژی "حەسەن" و "حوسێن" و "زەینەب" و "ئوم کەلسووم"ی کردووەو پاشان بە ئەندازەی کێشەکە خێری کردووە[٥] چونکە تاشین بەرژەوەندییەکەی بۆ هەژارو نەدارەکانە.**

**(٢) حەنبەلییەکان دەڵێن تەنها قژی کوڕ دەتاشرێت وەك لە فەرموودەی "سەمورە" بە مەرفوع هاتووە و دەفەرموێت:** «كُلُّ غُلامٍ مُرْتَهَن بعقيقته..»[٦] **کەواتە: لێرە تەنها منداڵی کوڕ دەگرێتەوە.**

**(٣) حەنەفییەکان ئەڵێن: بۆ هەر دوولا ئەبێت**[٧]

---

(١) رواه أحمد (٦-٤٢٢) والترمذي (١٥١٦) وصححه

(٢) رواه البخاري/ وقال الألباني في إرواء الغليل ٣٩٦/٤ **(پێشتر ئەم فەرموودەیەمان کردووە بە کوردی)**

(٣) رواه اصحاب السنن **(پێشتر ئەم فەرموودەیەمان کردووە بە کوردی)**

(٤) أخرجه أحمد (٦-٣٩٠) وهو حديث حسن عن أَبِي رَافِعٍ

(٥) رواه الترمذي والحاكم وصححه الألباني في صحيح الجامع(٧٩٦٠) والإرواء(١١٤٩)

(٦) رواه اصحاب السنن

(٧) مطالب أولي النهى (٢-٤٨٩)

پرسیاریان لە "شێخ عەبدولعەزیز بن باز" کرد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی تاشینی قژی کچ بۆ ئەوە بەهێزو بتەوبێت، ئەویش فەرمووی: (الله اعلم)[1]

شەشەم: بەخوێن سوورکردنی سەری منداڵ!

لەکۆمەڵێك فەرموودەدا هاتووە لەوانە کەوا لەسەردەمی نەفامی لە ڕۆژی هۆزەبانەدا لۆکەیەکیان بە خوێنی مەڕە کوژراوەکە دەکرد پاشان قژی منداڵەکەیان ئەتاشی و لۆکەکەیان لەسەری دا ئەنا، بەڵام پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هات ئەوجارە لە جیاتی ئەمە لۆکەکەی بە بۆنی زەعفەران دەکردو لەسەر منداڵەکەی دا ئەنا[2].

**حەفتەم**: خەتەنەکردن (الختان):

لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتیە لە دابڕینی چەرمی پێشەوەی ئەندامی نێرینە.

لە ڕووی زاراوەی شەرعیشەوە، بەو شوێنە بازنەییە دەگوترێ کە دەورەی ئەندامی نێرینەی پیاوی داوە، یان ئەو شوێنەی کە پێی ئەڵێن (کڵاوەی ئەندامی نێرینە). هەموو حوکمە شەرعییەکانیش لە باسی خەتەنە کردندا ڕوو لەو شوێنەن، هەڵبەت بنەڕەتی هەموو حوکمێکی شەرعییش هەم پیاو هەم ئافرەت ئەگرێتەوە، درووست نییە کە بۆ یەکێك لەو دوو توخمە بە تایبەت بگیرێت یان یەکێکیان لێ بەدەر کەیت مەگەر بەڵگەیەکی ئاشکرا پشتی بگرێت.

ئەسڵی ئەم کارەش لەو فەرموودەی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هاتووە کە دەفەرموێت: «الْفِطْرَةُ خَمْسٌ، أَوْ خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الْخِتَانُ، وَالِاسْتِحْدَادُ، وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَقَصُّ الشَّارِبِ»[3] واتە: سروشتی پاك پێنج شتە، یا پێج شت لە سروشتی پاکە: خەتەنەکردن، بەرتاشین، نینۆك كردن، توکی بنباڵ هەڵکەندن، سمێڵ کورتکردنەوە.

هەروەها "ئیبنووقەتادەی ڕەهاوی" ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت هاتمە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کە تازە مسوڵمان ببووم، پێی گوتم: «يَا قَتَادَةُ، اغْتَسِلْ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَاحْلِقْ عَنْكَ شَعَرَ الْكُفْرِ"، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" يَأْمُرُ مَنْ أَسْلَمَ أَنْ يَخْتَتِنَ، وَكَانَ ابْنَ ثَمَانِينَ سَنَةً»[4] واتە: ئەی "قەتادە" خۆت بە ئاوو سیدر بشۆرە، ئەو قژە درێژەشت بتاشە، وە پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"

---

(١) درس الشيخ بتاريخ ١٥-١٠-١٤١٨هـ

(٢) رواه البيهقي (٩-٣٠٣) وأخرجه أبو داود (٣٨٤٣)

(٣) رواه البخاري (٥٨٩١) ومسلم (٢٥٧) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ

(٤) رواه الطبراني وصححه الألباني في صحيح الجامع (٤٨٨٩) وأحال إلى الضعيفة (٤٢٦٠).

**فەرمانی بەوانە دەکرد کە تازە دەبوونە مسوڵمان کە خەتەنە بکەن، "ئیبنوقەتادە"ش ئەو کاتە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو (کە پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" فەرمانی پێ کرد کە خۆی خەتەنە بکات!)**

**"عەبدوڵڵای کوڕی یەزید" دەڵێت: "واسیلەی کوڕی ئەسقەع"م بینی کە خەڵکی بۆ خەتەنەکردنی کوڕەکەی داوەت دەکرد[(١)]**

**"نافع" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) لە کاتی خەتەنەکردنەکاندا خواردنی ئەدا بەخەڵك[(٢)]**

**هەروەها "موحەممەدی کوڕی سیرین" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: "عومەر" (خوا لێی ڕازی بێت) کاتێ کە گوێی لەدەنگی دەف دەبوو، بێزاری دەردەبڕی، بەڵام ئەگەر بیانوتایە کە ئەوە بۆ زەماوەند یان خەتەنەکردنە بێدەنگ دەبوو[(٣)]**

**هەروەها "مەکحوول" بە "نافع"ی گوت: کە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) ئەگەر بۆداوەتی خەتەنەکردن بانگیان بکردایە دەچوو[(٤)]**

**هەروەها "قاسم" دەڵێت: "عائیشە" (خوا لێیان ڕازی بێت) (سەد) درهەمی بۆ نارد پێی گوتم: بیکە خواردن بە بۆنەی خەتەنەکردنی کوڕەکەت و خەڵکیشی بۆ داوەت بکە[(٥)]**

**هەروەها "عیکرەمە" دەڵێت: "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) کوڕەکانی خۆی خەتەنەکردو بەدوایدا ناردم، ئەڵێ منیش بە دوو یاری منداڵانەوە هاتم و لەگەڵ چوار درهەم دام بە منداڵەکان[(٦)]**

**هەشتەم: ناونان لەمنداڵ:**

**لە پێشەوە باسمان کرد کە یەکێك لە سوننەتەکانی منداڵبوون ناونانە لە منداڵ وەك پێغەمبەری خوا** "صَلّی اللهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم" **فەرمووی:** «كُلُّ غُلامٍ مُرْتَهَن بعقيقته، تُذْبَحُ عنْهُ يومَ سابِعه، ويُحْلَقُ ويتصدَّق بوَزْنِ شَعْرِهِ فضَّة أو ما يعادِلُها ويسمَّى»[(٧)] **بۆیە تەواوی ئەهلی علیم لەسەر ئەوەن کە موستەحەببە لە ڕۆژی حەفتەم ناو لە**

---

(١) رواه أبو داود (٢٨٣٨) والنسائي (٧-١٦٦) والترمذي (٤-١٠١) وقال: حديث حسن صحيح، وابن ماجه (٣١٦٥) وأحمد (٥-١٢).

(٢) رواه ابن أبي الدنيا في العيال (٢-٧٨٥)

(٣) مناقب عمر لابن الجوزي (١٧٩)

(٤) رواه ابن أبي الدنيا في العيال (٢-٧٨٦)

(٥) رواه ابن أبي الدنيا في العيال (٢-٧٨٧)

(٦) رواه ابن أبي الدنيا في العيال (٢-٧٨٨)

(٧) رواه اصحاب السنن (**پێشتر کردوومانە بەکوردی**)

**منداڵ بنرێت. هەروەك پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فـەرمووی:** «وُلِدَ لِي اللَّيْلَةَ غُلَامٌ ، فَسَمَّيْتُهُ بِاسْمِ أَبِي إِبْرَاهِيمَ»[1] **واتە: ئەمشەو منداڵێکمان بوو ناومانناُ بەناوی باوکم ئیبراهیم.**

**هەروەها دەفەرموێت:** «عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ -رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ- قَالَ: وُلِدَ لِرَجُلٍ مِنَّا غُلَامٌ فَسَمَّاهُ مُحَمَّدًا، فَقَالَ لَهُ قَوْمُهُ: لَا نَدَعُكَ تُسَمِّي بِاسْمِ رَسُولِ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، فَانْطَلَقَ بِابْنِهِ حَامِلَهُ عَلَى ظَهْرِهِ، فَأَتَى بِهِ النَّبِيَّ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وُلِدَ لِي غُلَامٌ فَسَمَّيْتُهُ مُحَمَّدًا، فَقَالَ لِي قَوْمِي: لَا نَدَعُكَ تُسَمِّي بِاسْمِ رَسُولِ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم". فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم": "تَسَمَّوْا بِاسْمِي وَلَا تَكْتَنُوا بِكُنْيَتِي، فَإِنَّمَا أَنَا قَاسِمٌ أَقْسِمُ بَيْنَكُمْ"»[2] . **واتە: "جابری کوڕی عەبدوڵڵا" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پیاوێك لە ئێمە منداڵێکیان بوو ناویان نا (موحەممەد)، خزمەکانی پێیان گوت: لێت ناگەڕێین ناوبنێیت بە ناوی پێغەمبەری خواوە** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"**، پیاوەکە کوڕەکەی خستە سەرپشتی و بەپرتاو هێنای بۆلای پێغەمبەرو** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، کوڕێکمان بووە و ناوم ناوە (موحەممەد)، خزمەکانم پێیان گوتم: ناهێڵین بەناوی پێغەمبەری خواوە ناوی بنێیت، پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **فەرمووی: (بەناوی منەوە ناوبنێن بەڵام بە نازناوی منەوە نازناو مەنێن، چونکە من دابەشکارم لە نێوانتاندا بەش دەکەم).**

**هەروەها لە سوننەتدا هاتووە کە موستەحەببە منداڵ بەچەند ناوێکە ناوبنرێت، لەوانە:**

**(١)** «وَأَحَبُّ الْأَسْمَاءِ إِلَى اللَّهِ : عَبْدُ اللَّهِ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ، وَأَصْدَقُهَا: حَارِثٌ وَهَمَّامٌ ، وَأَقْبَحُهَا : حَرْبٌ، وَمُرَّةٌ»[3] **واتە: خۆشترین ناو لای خوا (عەبدوڵڵا) و (عەبدولڕەحمان)ە، ڕاستترین ناویش (حاریس) و (هەممام)ە، قێزەونترینیش (حەرب) و (موڕە)یە.**

**(٢)** «تَسَمَّوْا بِاسْمِي، وَلَا تَكْتَنُوا بِكُنْيَتِي»[4] **واتە: بەناوی من ناو بنێن، بەڵام نەکەن بەهەمان نازناوی من نازناو بدەن بەکەس.**

**(٣) ناونان بەناوی پیاوچاکان، هەروەك دەفەرموێت:** «عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: لَمَّا قَدِمْتُ نَجْرَانَ سَأَلُونِي فَقَالُوا: إِنَّكُمْ تَقْرَءُونَ "يَا أُخْتَ هَارُونَ" -مريم: ٢٨- وَمُوسَى قَبْلَ عِيسَى بِكَذَا وَكَذَا، فَلَمَّا قَدِمْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) سَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: "إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَمُّونَ بِأَنْبِيَائِهِمْ وَالصَّالِحِينَ قَبْلَهُمْ"»[5] **واتە: "موغیرەی کوڕی شوعبە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کاتێ هاتم بۆ (نەجران)، پرسیاریان لێکردم، گوتیان: ئێوە دەخوێننەوە** (يَا أُخْتَ هَارُونَ) -مريم: ٢٨- **"مووسا"یش لە پێش "عیسا"وەیە بە ئەوەندە و ئەوەندە ساڵ ئیتر**

---

(١) أخرجه مسلم ( ٧ / ٧٦ ) و أبو داود ( ٣١٢٦ ) و ابن حبان في صحيحه

(٢) صحيح مسلم

(٣) رواه أبو داود (٤٩٥٠) وأحمد (٥/٣٤٥) سنن ابي داود عَنْ أَبِي وَهْبٍ الْجُشَمِيِّ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ)

(٤) رواه البخاري (١١٠) ومسلم (٢١٣١) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ)

(٥) مسلم (٢١٣٥)

چۆن ئـەبێت "مەریـەم" خوشـکی "هـاروون" بێـت کەزەمـەنێکی زۆریـان لەبەینداپـە؟)، کـاتێ هاتمـەوە خزمـەتی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پرسیاری ئەوەم لێکرد، فـەرمووی: ئـەوان بـەناوی پێغەمبـەران و پیاوچاکانی پێش خۆیانەوە ناویان دەنا.

## لا باسێك سەبارەت بە تەڵاق

هەڵبەت خوای پەروەردگار بۆ هەر دەردێك دەرمانێکی داناوە، بێگومان تەڵاقیش بەشێکە لەو دەرمانانـەی کە خوای پەروەردگار بە درووستی گرتووە، بەو مەرجەی کە مـەرجی تـەڵاق لـە نێـوان ژن و مێـرد جـێگیر بێـت، کاتێ کە پیاو زانی کە ناتوانێ لە گەڵ خێزانەکەی چیتر ژیان بەسەر بـەرێت لەبـەر هـەر هۆیـەکی شـەرعی، ئـەوە چاکترین دەرمان بۆ ئەمە تەڵاق دانە. هەربۆیـە خـوای گـەورە ڕێگـەی بـە تـەڵاق داوە، بـەڵام ئەگـەر لەگـەڵ یـەك هەڵبکەن، تا بواری چارەسەری تر هـەبێت، ئـەبێ ئـەوەیان لەبـەر چـاو بگیرێـت، بۆیـە تـەڵاق ئەبێتـە دوا ڕێگـەی جیابوونەوەی نێوان ژن و مێرد.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً﴾ (النساء: ٣٤) واتـە: ئەگـەر وازیـان لـە لادان و یاخیبوون هێناو گوێرایەلییان کردن، ئەوە ئیتر ستەمیان لێ مەکەن.

جا لێرەدا ئەوەی کە مەبەستمە تەنها ئاماژە دانە بـە ڕەوشـتەکانی تـەڵاق، چـونکە تـەڵاق زیـاتر باسـێکی فیقهییەو ڕەنگە ئێرە بواری ئەم باسە فیقهییە نەبێت.

## لە ڕەوشتەکانی تەڵاق

(١) تەڵاق ئەبێ لە کاتی پاکی ژنەکەدا بێت، واتە: ئافرت ئەبێ لـەو کاتـەدا پاکبـێ لـە حـەیز و نیفـاس و سکپڕی، ئەبێ چاوەڕێی پاکبوونەوە یان منداڵ بوون بێت و پاك ببێتەوە، ئـەو دەمـە پیاوەکـە دەتوانـێ تـەڵاقی بدات، ئەمەش ڕەحمەتێکی خوایە کە ئەیەوێ ڕەحمیان پێ بکات و پیاویش ئەو مـاوەی چـاوەڕێی پاکبوونـەوەی ژنەکەی دەکات ڕەنگە دڵی لە گەڵ خێزانی پاك بێتەوەو تەڵاقی نەدات. خوای گەورە دەفەموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ﴾ (الطلاق: ١). واتە: ئـەی پـەیامبـەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بـە ئوممەتەکەت بڵێ: کاتێ ویسـتتان ژنـەکانتان تـەڵاق بـدەن، جـا لـەکاتی دەسـت پێکردنـی عیددەیانـدا تـەڵاقیان بدەن، واتە: لە حەیز پاك بن و، لەو پاکیەشدا مێرد لەگەڵیا دروست نەبووبێت.

(٢) ئەبێ تەڵاقدانەکە لە چـوار چـێوەی سـوننەتی پێغەمبـەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەرنەچـێت، چونکە تەڵاقی بیدعیش هەیـە، کـە خیلافـی سـوننەتی پێغەمبـەرە "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئـەویش وەك

تەڵاقی سێبەسێ. چونکە لە تەڵاقی سێبەسێدا تەنها یەك تەڵاق دەکەوێت، نەك سێ، وەك ئێستا باوە، ئەمەش ڕاوبۆچوونی زۆر لە زانایانە، لەوانە "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییە" و "ئیبنولقەییم" (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

(٣) لە گەڵ تەڵاقدانەکەی توندوتیژی لەگەڵ خێزانەکەی بەکار نەهێنێت و ئازاری نەدات و لێی نەدات، مادام هێشتا دوو تەڵاقی تری ماوە، بۆی نییە کە لەماڵ دەری بکات و لە خواردن و خەرجی بێبەشی بکات، تەنها لێك دوور دەکەونەوەو سەرجێی لەگەڵ یەك ناکەن. وەك خوای گەورە دەفەرموێ ﴿لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعاً بِالْمَعْرُوفِ حَقّاً عَلَى الْمُحْسِنِينَ﴾ (البقرة: ٢٣٦). واتە: گوناهتان ناگات ئەگەر (نەگونجان) و ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان و مارەییشتان بۆ دیاری کردبوون، ئێوە دیاریو یارمەتییەکیان پێ بدەن، ئەوەی دەوڵەمەندەو زۆری هەیە، وە ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەرکەس) بە ڕادەی توانای خۆی، ئەم دیاری و یارمەتیانە ئەرکی سەر شانی چاکەکارانە، کە بە شێوەیەکی چاك ئەنجامی بدەن.

(٤) نابێ ئەو پیاوە نهێنی خێزانەکەی ئاشکرا بکات، چ لە کاتی تەڵاق دانەکەی چ لە دوای تەڵاق دانەکەی.

(٥) ئەگەر تەڵاقێکی دا، ئەوا خوای پەروەردگار هێشتا بوارێکیان بۆ ئاشت بوونەوەی هەردووکیان ڕەخساندووە تا پێکبێنەوەو بۆ ژیانێکی خۆش تێی هەڵبچنەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئاً إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ (البقرة: ٢٢٩). واتە: تەڵاق دوو جارە، دوو کەڕەتە، لەوەو دوا واتە بۆ سێیەمجار ئیتر ئەگەر دەیەوێ ژیانی هاوسەری بباتە سەر (نابێت تەڵاق بێت بە دەمیا، وە ئەگەر هات) دەبێت بە چاکی و بە ڕێکوپێکی دەست بەرداری ببێت، وە بۆتان حەڵاڵ نییە کە هیچ شتێکیان لێ بسێننەوە لە مارەیی و ئەو شتانەی پێتان بەخشیون، مەگەر بترسن لەوەی کە نەتوانن سنوورەکانی خوا چاودێری بکەن و (ستەم لەیەك بکەن)، خۆ ئەگەر (ئەی خێر خوازان) ترسان لەوەی کە (ژن و مێردەکە) سنووری خوا ڕانەگرن و (خۆیان گوناهبار دەکەن) ئەوە ئێوە گوناهبار نابن کاتێك کە دڵنیان ئافرەتەکە دەیەوێت (بە هەندێك سامان، یا دەست هەڵگرتن لە هێندێك مارەیی) خۆی ڕزگار بکات، دڵنیابن ئەو شتانەی کە باسکران سنوورەکانی خواوەندن، لێی مەترازێن و دەستدرێژی مەکەنە سەر، ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر سنوورەکانی خوا، ئا ئەو جۆرە کەسانە ستەمکارن.

## هاوسەرگیرییە جۆراوجۆرەکان

بێگومان هاوسەرگیری زۆر چەشن و جۆری هەیە، کە هەڵبەت هێندێکیان شەرعین وەك ئـەوەی لەسـەرەوە باسمان کردو لە ژێرەوەش باسی هێندێکی تر دەکەینەوە، هەندێکیشیان جگە لەوە کە ناشەرعین، ئەوا دەکەونـە بەرتاوانە گەورەکانیشەوە خوا پەنامان بدات.

جۆرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

(١) هاوسەرگیری میسیار

(٢) هاوسەرگیری عورفــی

(٣) هاوسەرگیری میتعە

(٤) هاوسەرگیری مارەبەجاش

(٥) هاوسەرگیری بە نیازی تەڵاق

(٦) هاوسەرگیری خاوەن کتێبەکان (أهل الكتاب) و موشریکەکان

(٧) ژنبەژنی (زواج الشغار)

(٨) شووکردن بەکەسانی بێباوەڕ

## یەکەم: هاوسەرگیری میسیار (زواج المسيار)

هاوسەرگیری میسیار لەڕووی زمانەوە لە (سار)ەوە هاتووە، هەروەها (السير) بریتییە لە ڕۆیشـتن لـە سـەر زەوی، وە پێی دەڵێن: (المسيار) یانی پیاو ماوە ماوە سەر دەدات لەژنەکەی لەهەرکاتێك کە خۆی حـەزی لێیـە، ماوەیەکی کەم لای دەمێنێتەوە پاشان هەڵدەسێ جێی دەهێڵێت و لێی دووردەکەوێتەوە.

هاوسەرگیری میسـیار هـەمان هاوسـەرگیرییە کـە لـە ڕێـی گرێبەسـتەی شـەرعییەوە لـەنێوان ژن و مێـرددا دەبەسترێت، بەم شێوە شەرعییەی کە هەیە، بەڵام تەنها لێرەدا ئـافرەت لەهەنـدێ هـەقی خـۆی خـۆش دەبێـت، وەك خانوو و خەرجی و جێگەی خەو!

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زۆرن، لەوانە:

(١) زۆربوونی قـەیرەژنی: ئەمـەش دەردێکە کـە لـە بارودۆخـە جۆرەکانـەوە بوونیـان زۆر دەبێـت، لەوانـە بەهۆکار ڕەتکردنەوەی گەنجەگانمان بۆ هاوسەرگیری! کـە هێنـدێ جـار لەبـەر زۆری مارەییـیەکان و ئەرکـەکانی خێزانداریێتییەوە، یان لەبەر زۆربوونی ڕێژەی تەلاقە، بۆیە لەو حاڵەتەدا ئافرەت بەهەر نرخێك بێـت، ڕازییـە کـە

شوو بكات، هەتا بەجۆری میسیاریش بێت، یان لەسەر حسێبی تەنازول كردن بێت لە هەندێ هەقەكانی خۆیشیەوە.

(٢) ناچاربوونی هەندێ لە ئافرەتەكان كە هەر لەماڵی خۆیاندا بمێننەوە، ئەویش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت كە جگە لە خۆی كەسی تر نەبێت كە ئاگای لە كەسوكاری یان پیرە دایكی یان پیرە باوكی بێت ، یاخود نوقسانی جەستەیی هەیە، كەسوكاریشی ڕازی نین كە ئەو ئافرەتە بكەوێتە سەر شانی كەسێكی ترەوە كە توانای بەخێوكردن و هەڵگرتنی نەبێت، یاخود ئەو ئافرەتە منداڵی هەیە، ناتوانێت كە شوێنی خۆی و منداڵەكانی لەق بكات و بۆ شوێنی تر بگوێزێتەوە..هتد.

(٣) هەندێ جار پیاو خۆی ئەوەی دەوێت، پێویستی بەوە هەیە كە ژنی تری هەبێت، بەڵام ناتوانێت لای ژنی یەكەم ئاشكرای بكات و كار بكاتە شیرازەی ماڵ و منداڵییەوە !

(٤) زۆر گەشتكردنی پیاوە بۆ وڵاتێكی دیاریكراوو مانەوەیەكی درێژ لەوێ، بۆ ئەوەش ئاشكرایە كە ئەوكەسە لەگەڵ ئافرەتێكی حەڵاڵی خۆی بێت باشترە لەوە كە بێ ژن بێت و خراپەش لەهەموو لایەكەوە دەورەی بدەن.

## حوكمی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە

زانایان لەو بارەوە ناكۆكن، هەیە پێی وایە كە دروستە، هەیشە بە درووستی نازانێت، ئەوانەی كە دەڵێن دروستە لەگەڵ ئەوانەی بە باشی نازانن، لە چەند شتێك یەكدەگرنەوە:

(١) هیچ كام لەوان نەهاتوون تەواو ئەم كارە پووچ بكەنەوە، یان بڵێن درووست نییە، بەڵام بەرهەڵستیش دەكەن، چونكە دەڵێن: ئەوە سوكایەتییكردنە بە ئافرەت، یان قۆستنەوەی پێویستێتی ئافرەتە، چونكە ئەو ئافرەتانەی بەهۆی منداڵەكانیانەوە ئامادەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەبن، لەو كاتەدا پێویستییەكانیان بەزایە دەچێت بەهۆی ئامادەنەبوونی بەردەوامی باوكەكەوە.

(٢) ئەوانەی كە پێشتر بە ڕەوایان زانیبوو، پاشان بێدەنگبوون و چیتر بەردەوام نەبوون لەسەر ئەوە كە بەدرووستی بزانن، لەوانە "شێخ عەبدولعەزیزبن باز" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) و "شێخ عەبدولعەزیز ئال شێخ"، ئەوانە و زۆر لەزانای تر، پێیان وایە كە ئەو كارە دروستە، بەڵام هەندێ لەو زانایانەی كە لەدواییا بێدەنگبوون لەئاست ئەو كارە دوای ئەوەی پێشتر ڕێگەیان پێدابوو، لەوانە "شێخ عوسێمین" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەشبوو لەوانە بەتەواوی ڕێگری لەو كارە كرد، وەك "شێخی ئەلبانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

(٣) ئەوەی کە ئەو کارەی پێ درووستە، باسی لەکاتێکی دیارکراو نەکردووە، وەکو (میتعە) وە باسی ئەوەشی نەکردووە کە ئەو ژنە بەبێ وەلی مارە بکرێت، هاوسەرگیریش بەبێ ئاگاداری وەلی بێبایەخ و پووچە، وە نەشیان گوتووە کە مارەبڕینەکەی بەبێ بوونی شایەت بەڕێوە بچێت.

## قسەی زانایان سەبارەت بەو جۆرە هاوسەرگیرییەوە

(١) پرسیاریان لە "شێخ عەبدولعەزیز بن باز" کرد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارە هاوسەرگیری میسیارەوە، وەڵامی دایەوە فەرمووی: مادام مەرجەکانی هاوسەرگیری تیا جێگیر بێت هیچ گرفتێکیان نییە، مەرجەکانیش بریتین لە بوونی وەلی و ڕازیبوونی هەردوولا و هەروەها بوونی دووشایەتی دادگەر، پاشان ژنەکەو پیاوەکە هەردوولا ساغ و سەلامەت بن، چونکە پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: « أَحَقُّ مَا أَوْفَيْتُمْ مِنَ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ»[١] واتە: (لە پێشترین مەرجێك كە پێویست بێت وەفای پێبکرێت ئەو مەرجانەیە کە سەرجێیی پێ حەلاڵ دەکرێ). (وەك: مارەیی و نەفەقە و ڕەوشت چاکی لەگەڵ هاوسەر و... هتد). هەروەها دەفەرموێت: «الْمُسْلِمُونَ عَلَى شُرُوطِهِمْ»[٢] واتە: مسوڵمانان لەسەر مەرجی خۆیانن. ئەگەر هەردوولا ڕێککەوتن کە ئافرەتەکە لەماڵی خۆی دابنیشێت، یان بۆنموونە بەس پیاوەکە بەڕۆژ بێتە ماڵی ژنەکە یان بەس بەشەو، یان چەند ڕۆژێکی دیاری کراو، یان چەند کاتێکی دیاری کراو، ئەوە هیچ گرفتێکیان نییەو درووستە، ئەویش بەو مەرجە هاوسەرگیرییەکەیان ئاشکرا بکەن و نەیشارنەوە[٣]

(٢) هەروەها پرسیاریا لە "عەبدولعەزیز ئال شێخ" کرد لەوبارەوە، فەرمووی: مەرجەکانی مارەیی ئەوەیە کە هەردوولا ڕازی بن وە وەلی ژنەکەش ئاگادار بێت و دوو شایەتیش هەبێت، ئەگەر ئەو مەرجانەیان تیا جێگیر بوو، پاشان هاوسەرگیرییەکەیان ئاشکرا کردو نەیانشاردەوە، پاشان ئاهەنگی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان گێڕا، ئەوە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە درووستە، جا هەرناوێکی لێ ئەنێیت ئەمە گرفت نییە[٤]

هەروەها پرسیار لە "شێخ ئەلبانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کرا لەو بارەوە فەرمووی: ئەمە لەبەر دوو ڕێگا ڕێگری لێ دەکرێت:

---

(١) رواه الخاري ( ١٧٤/٢ و ٤٣٣/٣ ) و مسلم ( ١٤٠/٤ ) عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رضي الله عنه)/ قال الألبانى فى "إرواء الغليل" ٣٠٣/٦

(٢) سنن ابي داود ( ٣٥٩٤ ) عن ابي هريرة (رضي الله عنه)/ قال الألبانى فى "إرواء الغليل" ١٤٢/٥

(٣) "فتاوى علماء البلد الحرام " ( ص ٤٥٠ ، ٤٥١ ) ، و" جريدة الجزيرة " عدد (٧٨٦٨) الاثنين ١٨ جمادى الأولى ١٤١٧هـ.

(٤) "جريدة الجزيرة " الجمعة ١٥ ربيع الثاني ١٤٢٢ هـ ، العدد : ١٠٥٠٨

یەکـەم: مەبەسـت لەوکەسـەی کـە زەماوەنـد دەکـات حەسـانەوەو (تەسـکین)ە، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (الروم: ٢١). واتە: یەکێك لە نیشانەو بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهـەم هێنـاوە، بەڕاسـتی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوەو تێدەفکرن. بەڵام لەم جۆرە هاوسـەرگیرییە ئـەم ئامانەجە نایەتەدی.

دووەم: ئەگـەر ئامـانج لـە هاوسـەرگیری لای کـابرا منـداڵ پێکهێنـان بێـت، ئەمـەش بـەهۆی دووری ژن و مێردەکـەوە لەزۆربـەی کاتـەکان لەیـەکتردا، ئەوکاتـە خـراپ بەسـەر منداڵـەکان دەشـکێتەوە، لـەوە کـە دووردەکەونەوە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنیان لەسەر خورەوشتێکی بەرزو جوان[1]

هەروەها "شێخ سالح ئەلعوسێمین" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وا دەبینێت کە ئەم کارە نەکرێت باشـترە، وە دەڵێت: هاوسەرگیری میسیار ئەگـەر مەرجـەکانی قبـوول و ڕازیبـوون و بـوونی وەلـی و هەردووشایەتییەکەو ئاشکراکردنی تێداجێبر بوو، ئەوە هاوسەرگیرییەکی درووستە. ئەمەش شـتێکی باشـە بـۆ بەرژەونـدی هەنـدێ لـە ژنان و پیاوان، کە لەبا رودۆخێکی تایبەتدا پێویستیان بـەم هاوسـەرگیرییەیە. بـەڵام ڕەنگـە هەنـدێ لەوانـەی کـە دینداریان کزە ئەمە بۆ مـەرامی تایبـەتی خۆیـان بقۆزنـەوە، بۆیـە واجـب ئەوەیـە کـە ئـەم کـارە بـۆ هەمووکـەس ڕێگەی پێنـەدرێت، بـەڵکوو سـەیری بارودۆخـەکان دەکرێـت لەلایـەن هـەردوو ژن و پیاوەکـەوە، ئەگـەر گونجـاوو پێویست بوو بۆهەریەك لەوان ئەوە ڕێگەیان پێ دەدرێت، دەنا ڕێگە نادرێت، بۆیە دەبیـنین زۆر لـەو ئافرەتانـەی کە بەم نیازە مارەکراون بـەمانگ مێردەکـانی خۆیـان نـابینن و بـەردەوام دەبێـت کاتـەکانی لـەدیار سـەتەلایت و ئەنتەرنێتەوە بەسەر ببات، (کابراش کەی پێی خۆش بوو سەری لێ بدات و کەمێ لەگـەڵی جـووت بێـت و پاشـان جێی بهێڵێتەوە) جگە لەوە ئەم پیاوە بەم شێوە چەندە لە منداڵەکانی دوور دەکەوێتەوە، یاخود لەو مـاوەی کـە پیاوەکـە لـەو ئافرەتـە دوورە، چـۆن ئافرەتەکـە هێنـدە ئـارام دەگرێـت و حـەزو ئـارەزووە جنسـییەکانی کـپ دەکاتەوە!!

بەکورتی ئەمە چەند قسەیەك بوو لەسەر هاوسەرگیری میسیار.

## دووەم: هاوسەرگیری عورفـی

هاوسەرگیری (عورفی) دوو جۆرە:

(١) أحكام التعدد في ضوء الكتاب والسنة (ص ٢٨ ، ٢٩)

(١) جۆرێکیان ناشەرعیی و نادرووستە: بریتییە لەپڕکردنەوەی گرێبەستێیەك لە لایەن پیاوەوە کە تێیدا ژنەکە دانی بەوەدا هێناوە کە ئەو ژنیەتی! دوو شایەتیش لەم نێوەندەدا شایەتی ئەم ڕێورەسمە دەدەن، دوودانەی لێ کۆپی دەکرێت و دانەیەك لای پیاوە دانەیەکیش لای ژنەکە دەمێنێت، پاشان پیاوەکە هەندێ پارە دەدات بە ئافرەتەکە!

هەڵبەت ئەم جۆرەشیان شەرعیی و درووست نییە، چونکە باسی وەلی تیا نەکراوە، یانی وەلی ژنەکە ئاگای لەو کەین و بەینە نییە، بۆیە کارەکەیان بە نهێنی دەمێنێتەوە! پێغەمبەری خواش "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمویەتی: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ»[١] واتە: هەر ئافرەتێك بە بێ ئاگاداری وەلییەکەی مارە بکرێت، ئەو نیکاحە پووچە، ئەو نیکاحە پووچە، ئەو نیکاحە پووچە.

(٢) جۆرەکەی تریان شەرعی و درووستە، ئەمەش ڕێك وەك هاوسەرگیری ئاسایی وایە، تەنها ئەوەیە لای لایەنە پەیوەندیدارە حوکومییەکان تۆمار ناکرێت، هەڵبەت هێندێ لە زانایان ئەم کارەشیان بە حەرام داناوە ئەویش بەهۆکار ئەوە کە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم ڕێورەسمە تۆمار ناکرێت. بەڵام زۆربەی ڕاکان لەسەر ئەوەن کە درووستە، مادام هەموو مەرجەکانی هاوسەرگیری تیا جێگیرە.

## خاڵە لێکچوەکانی هاوسەرگیری میسیار و هاوسەرگیری عورفی

(١) گرێبەستەی هاوسەرگیری لەهەردوولادا لەڕووی شەرت و مەرجەکانەوە، هەریەك شتن، کە بریتین لە ڕازیبوونی هەردوولاو بوونی وەلی و شایەتەکان.

(٢) هەردوولا لەسەر بنەمای خۆشییەکانی نێوان هەردوولا بونیات دەنرێ، هەروەك میرات و نەسەبیش دەیانگرێتەوە.

(٣) لەهەردوولادت کۆمەڵێك هۆکاری لێکچوو هەیە کە هۆکاری بەستنی ئەوجۆرە هاوسەرگیرییەن، لەبارەی مارەیی و تەڵاق و هەوڵدا لە بێئاگابوونی ژنی یەکەم لەبارەی ژنهێنانی دووەمەوە، بوونی قەیرەیی، هەروەها حەزی پیاو بۆخۆشی وەرگرتن لە ئافرەت زیاتر لە ئافرەت، هەروەها ترسانی پیاو لە تێکچوونی شیرازی خێزانی یەکەمی..هتد.

(٤) هەردوولا بە جۆرێك لە نهێنی پەیڕەو دەکرێن.

---

(١) رواه الترمذي وحسّنه ( ١١٠٢ ) وأبو داود (٢٠٣٨) ابن ماجه ( ١٨٧٩ ) من حديث عائشة ، صححه الألباني في "إرواء الغليل" (١٨٤٠)

## خاڵە لێکجیاکانیان

(١) هاوسەرگیری میسیار لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی حوکوومی تۆمار دەکرێت، وەلێ هاوسەرگیری عورفی نا.

(٢) هاوسەرگیری عورفی هەموو جۆرە شوێنەوارە شەرعییەکانی لەسەر بونیات دەنرێت وەکوو خەرجی و جێگەی مانەوەو خەو، بەڵام هاوسەرگیری میسیار نە خەرجی تیا مسۆگەرە نە دابینکردنی جێگەی خەوو مانەوە.

## سێیەم: هاوسەرگیری میتعە

هاوسەرگیری میتعە، هاوردنی ژنە بۆ کاتێکی دیاری کراو ئەویش بەپێی ڕێککەوتنی هەردولا، بەبێ بوونی مارەیی و شایەت و وەلی! ! بۆیە ئاشکرایە کەوا هاوسەرگیری میتعە هاوسەرگیرییەکی پووچ و ناشەرعییە، بۆ کەس نییە کە بیر لەوکارە بکاتەوەو ئەنجامی بدات.

"ئیبنولمونزیر" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ´سەرەتا ڕوخسەتی ئەوە هەبوو بە ئەنجامدانی ئەم کارە، بەڵام ئێستا جگە لە ڕافیزە هیچ تاقمێکی تر ئەم کارە بە درووست نازانن. هیچ قسەیەکیش ماناو نرخێکی نییە ئەگەر موخالیف بێت بە کتێب و سوننەت´.

"قازی عییاز" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ´پاشان کۆڕای زانایان لەسەر حەڕامێتی ئەوکارە ڕێککەوتن، تەنها ڕافیزییەکان نەبێت´.

"خەتتابی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): دەڵێت: ´ئیجماع لەسەر ئەوەن کە میتعە حەرامە، تەنها شیعەکان پێیان وایە کە درووستە´ لەکاتێکدا کە هاتووە لە "عەلی کوڕی ئەبووتالیب" کە فەرمویەتی ئەم کارە نەسخ بۆتەوە. هەروەها "ئیمامی بەیهەقی" ڕایدەگەیەنێت کە پرسیاریان لە "جەعفەری کوڕی موحەممەد" کردووە لەوبارەوە، ئەویش فەرموویەتی: کە ئەم کارە هەر زینایە بۆخۆی´!.

هەروەها "ئیمامی قورتوبی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ´هەموو ڕیوایەتەکان ئەوە دەگەیەنن، کە ماوەی حەڵاڵبوونی میتعە، ماوەیەکی زۆر کورت بووە، پاشان حەڕام کراوە، پاشان سەلەف و خەلەف ڕێککەوتن لەسەر حەڕامێتی میتعە. جگە لە ڕافیزەکان کەر هەر لەسەر ئەوەن کە درووستە´.

ئاشکرایە کە ئەو یەکدەنگییەی زانایان لەسەر حەڕامێتی ئەو کارە پشتبەستن بووە بە بەڵگەکان لە قورئان و سوننەت.

**لە قورئاندا، خوای گەورە دەفەرموێت:**

(١) ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ * فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ﴾ (النور: ٥-٧). واتە: ئەوانەشن پارێزەری داوێنیانن، خۆیان لە هەموو ڕێگەیەکی یاساغ و ناشەرعیی دەپارێزن، وە لە جێبەجێکردنی ئارەزووەکانیان خۆراگرن مەگەر لەگەڵ هاوسەری خۆیان، یان لەگەڵ کەنیزانیان (ئەوانەی موڵکی خۆیانن) جا بێگومان لەو ڕێیەوە لۆمە کراو نابن و لێیان ناگیرێ ئینجا هەر کەسێ لە غەیری ئەو ڕێگایەوە هەوڵ بدا بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووی خۆی، وەك زیناو نێربازیی و.. ئەو جۆرە کەسانە ئەوە ڕەفتاریان بێت، دەست درێژکەرو سنوور بەزێنێکی لە ئەندازە بەدەرن.

دیارە کە ئەو ئافرەتەی میتعەی لەگەڵ دەکرێت، ناشێت ببێتە هاوسەر، چونگە پەیوەندی خێزانی لەهەردوو لادا دەبن بە میراتگری یەکتر، هەروەك لەسەر ژنەکەش حسێبی پابکوونەوەی خوێن و هەر سێ تەڵاقەکە دەکرێت، ئەمەش ئەحکامی خێزاندارییە لە کتێبی خوادا، بەڵام ئەوانەی کە پێیان وایە کە میتعە درووستە، لە لایەن ڕافیزەکانەوە، پێیان وایە کە لەم کارەدا لایەنی پاکبوونەوەی خوێن و میرات نایانگرێتەوە. دیارە دیسان ئەو ئافرەتەی کە میتعەی لەگەڵ دەکرێت کەنیزەك نییە، دەنا ئەگەر وابوایە ئەوە کڕین و فرۆشتنی درووست بوو.

(٢) ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾ (النور: ٣٣). واتە: با ئەوانەش دەسەڵاتی زەماوەندو ژن هێنانیان نییە، بەردەوام بە(عیففەت) خۆرابگرن و، بە پاکی ڕەفتار بکەن هەتا خوا لە فەزڵ و بەهرەی خۆی دەروێکیان لێ دەکاتەوە ودەوڵەمەندو بێنیازیان ئەکا.

دەی ئەگەر میتعە درووست بوایە ئەوە خوا فەرمانی عیففەت و خۆڕاگری نەدەکرد.

(٣) ﴿وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ۚ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ ۚ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنكُمْ ۚ وَأَن تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (النساء: ٢٥). واتە: ئەوەش کە نەیتوانی لە ئێوە لەبەر دەست کورتی، ئافرەتانی سەربەستی باوەڕدا مارە بکات، ئەوە با لە کچە کەنیزەکە ئیماندارەکانتان بخوازێت، خوایش زانایە کە ڕادەی ئیمانتان چەندە و چۆنە، ئێوە هەندێکتان لە هەندێکتانن (هەمووتان لە ئادەم و حەوان و ئەم جیاوازیە چینایەتییە شتێکی کاتییە)، لەبەرئەوە ئەو کەنیزەکانە مارە بکەن لەسەر ڕەزامەندی کەس و کارو خاوەنەکانیان و مارەییان بەچاکی پێ بدەن، لەکاتێکدا ئەو کەنیزەکانەش پێویستە پاك داوێن بن و دووربن لە داوێن پیسی و دۆست گرتنەوە، خۆ ئەگەر شوویان کردو لەوەودوا داوێن پیسیەکانیان ئەنجامدا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتانی سەربەست دەدرێن (چونکە ئازادیی تەواویان نەبووە لەو سەردەمەدا)، لەبەر ئەوە مارەکردنیان

بۆ ئەوانەتانە کە دەترسێت تووشی هەڵەو گوناهـ ببێت، خۆڕاگریتـان (تـا خـوا دەرووتـان لێدەکاتـەوە) چاکترە بۆتان، خوایش لێخۆشبوو و میهرەبانە.

ڕافیزەکان هاتوون پشتیان بەم ئایەتە بەستووە بۆ بەدرووستگرتنی میتعـە، کـە خـوا دەفـەرموێت: ﴿فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ (النساء: ٢٤). یـانی: ئینجـا لەگـەڵ هـەر ژنێکیانـدا بوونـە هاوسـەر دەبـێ لەبەرامبەر ئەو لەزەتەوە مارەییيان بدەنێ، چونکە خوای گەورە بـۆی دیـاریکردوون، کـەوابوو هـەر چۆنێ ئێـوە لەزەتیان لێوەر ئەگرن بەهۆی مارەکردنیانەوە، دەبێ ئاوایش مارەییان بدەنێ.

دیارە ئەمەش بەڵگە نییە لە درووستی میتعە، بـەڵکوو شیعەکان هـاتوون مانـای نادرووسـتیان بـۆ وشـەی (استمتعتم) داتاشیوە، کەچی لە ئەسڵدا باس کردنە لە نیکاحی درووست، چونکە کاتـێ کـە خـوا بـاس لەوشـتانە دەکات کە بۆ ئافرەت حەڕامە، وەك لەسەرەتای ئایەتەکە دەفـەرموێت: ﴿وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ۚ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ (النساء: ٢٤). واتـە: بێجگـە لەوانـە ڕێتـان پێدراوە کـە بـەماڵ و دارایـی خۆتـان ئافرەتـانی تـر تـا چـوار مـارە بکـەن بەشـێوەی شـەرعیی و بـەداوێنپاکی، نەبەداوێنپیسیی و ناجوامێرانە، واتە: لەمارەکردنیانـدا دەبـێ یاسـاو مەرجـەکانی نیکـاح ڕەچـاو بکـرێن، ئەگـەرنا ئەوکارە بە (سەفاح) و داوێن پیسیی وزینا دادەنرێ ئینجا لەگەڵ هەر ژنێکیاندا بوونە هاوسـەر دەبـێ لەبەرامبـەر ئەو لەزەتەوە مارەییيان بدەنێ، چونکە خوای گـەورە بـۆی دیـاریکردوون، کـەوابوو هـەر چۆنێ ئێـوە لـەزەتیان لێوەرئەگرن بەهۆی مارە کردنیانەوە، دەبێ ئاوایش مارەییان بدەنێ. ئینجا فەرمووی: ﴿وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ . . .﴾ (النساء: ٢٥). واتە: ئـەوجا هەرکەسێکیشـتان لەبەردەسـتەنگی مـاڵیی، توانـاو دەسەڵاتی نەبوو، ژنانی ئازادی داوێنپاکی بڕوادار مارە بکات.

کەوابوو هەموو باسەکان ئاماژەکردن بە نیکاحی درووست.

دیسان لە ئایەتەکان ئەوە نیشان ئەدەن، کە هەرکەس چێژ لـەخێزانی خـۆی وەربگرێـت، لـەڕێی جیمـاع و جووتبوونەوە، ئەوە لە هەمان کات لەسەری پێویست دەبێت کە بە تەواوی مارەیی بدات بە ژنەکەی یان نیوەی.

### بەڵگە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"

(١) « عن سَبْرَةَ الْجُهَنِيُّ (رضي الله عنه): أَنَّهُ كَانَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"، فَقَالَ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنِّي قَدْ كُنْتُ أَذِنْتُ لَكُمْ فِي الِاسْتِمْتَاعِ مِنَ النِّسَاءِ، وَإِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، فَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ مِنْهُنَّ شَيْءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيلَهُ، وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا »[1] واتە: "سەبرەی جوهەنی" (خوا لێـی ڕازی بێـت) دەڵـێ: لـە خزمەت پێغەمبەردا بووم "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کـە فـەرمووی خەڵکینـە، مـن پێشـتر ڕێگـەی ژنهێنـانی

---

(١) رواه مسلم (٤ / ١٣٢) عن الرَّبِيعُ بْنُ سَبْرَةَ الْجُهَنِيُّ عن ابيه (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهما)

**کاتیم بە ئێوە دابوو، لەڕاستیدا (لە ئێستە بەدواوە) خوای گەورە تاڕۆژی قیامەت حەرامی کردووە، هەر کەسێ ژنێ لەوانەی لایە بادەستبەرداری ببێت و هەرچیتان پێداون لێیان مەسێننەوە.**

(٢) «عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نَهَى عَنْ مُتْعَةِ النِّسَاءِ يَوْمَ خَيْبَرَ، وَعَنْ أَكْلِ لُحُومِ الْحُمُرِ الْإِنْسِيَّةِ»[١] **واتە: "عەلی کوڕی ئەبووتالیب" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **ڕۆژی غەزای (خەیبەر) ژنهێنانی کاتی و خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی حەرام کرد.**

(٣) «عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ الرَّبِيعِ بْنِ سَبْرَةَ الْجُهَنِيِّ ، عَنْ أَبِيهِ ، عَنْ جَدِّهِ ، قَالَ : " أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم"بِالْمُتْعَةِ عَامَ الْفَتْحِ حِينَ دَخَلْنَا مَكَّةَ ثُمَّ لَمْ نَخْرُجْ مِنْهَا حَتَّى نَهَانَا عَنْهَا»[٢] **واتە: "عەبدولمەلیکی کوڕی ڕەبیعی کوڕی سەبرەی جوهەنی" (خوا لێیان ڕازی بێت) ئەویش لە باوکی ئەویش لە باپیری دەگێڕێتەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا** "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" **لەساڵی فەتحی مەککەدا، ئەو کاتەی کە چوینە مەککە فەرمانی پێکردین بە میتعە، پاشان هێشتا لە مەککە دەرنەچووبووین، تا نەهی لێکرین کە چیتر نیکاحی میتعە بکەین.**

**ئەمەو ئەو فەرموودانەی باسمان کرد گشتیان ئاماژە بە حەرامێتیی میتعە دەدەن تا هاتنی ڕۆژی دوایی .**

**هەروەها "ئیمامی نەوەوی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: سەرەتا لە پێش شەڕی خەیبەر حەڵاڵ کردا، پاشان لە ڕۆژی فەتحی مەککە بە موستەحەب دانرا، پاش ئەوە بە سێ ڕۆژ حەرامکرا تا هاتنی ڕۆژی دوایی**[٣]

**کەواتە ئەوانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوە کە سەرەتا ئەم کارە درووست بووە، پاشان حەرامکراوە.**

**هەروەها لە هەندێ لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا "ئیبنوعەبباس" (خوا لێی ڕازی بێت) ئەم کارەی بە درووست زانیبوو، هەروەها هەندێ لە هاوەڵانیش سەرەتا ئەم کارەیان دەکرد، هەروەك "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت). دەگێڕێتەوە، هەروەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە دەفەرموێت:** «كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْسَ لَنَا نِسَاءٌ فَقُلْنَا أَلَا نَسْتَخْصِي فَنَهَانَا عَنْ ذَلِكَ ثُمَّ رَخَّصَ لَنَا أَنْ نَنْكِحَ الْمَرْأَةَ بِالثَّوْبِ إِلَى أَجَلٍ ثُمَّ قَرَأَ عَبْدُ اللَّهِ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ" -المائدة: ٨٧-» **واتە: لەگەڵ پێغەمبەر** "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" **بۆ غەزا دەرچووین و هیچ**

---

(١) البخاري / المغازي/ ٣٩٧٩

(٢) أخرجه مسلم (١٣٢/٤ . ١٣٣) عَنْ عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ الرَّبِيعِ بْنِ سَبْرَةَ الْجُهَنِيِّ ، عَنْ أَبِيهِ ، عَنْ جَدِّهِ (رضي الله عنهما)/ إرواء الغليل" ٣١٥/٦

(٣) شرح مسلم ٥٥٣/٣

کامیشمان ئافرەت (یان ژنی خۆمان لەگەڵدا نەبوو!)، ئەڵێ: گوتمان: خۆ نەخەسێنین؟! کەچی پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلی آلِهِ وسّلَم" بەرهەڵستی لێکردین، پاشان ڕوخسەتی پێداین کە سەرو ئافرەتێك بۆ کاتێکی دیاری کراو مار ببڕین!، ئەڵێ پاشان "عەبدوڵڵا" ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەو پاکیانەی کە خوا لێی حەڵاڵ کردوون ئێوە بە حەرامی دانەنێن..

"عوروە" ئەڵێ هەتا "عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕۆژێك لە مەککە هەڵسایەوە فەرمووی: هێندێ کەس خوا دڵی کوێر کردوون، وەك چۆن چاوی کوێرکردوون کە فتوا بە درووست بوونی میتعە دەدەن! واتە: نارازی بوو لە "عەبدوڵلای کوڕی عەبباس" بەم کارە، ئەڵێ ڕۆژێك «"عەبدوڵلای کوڕی عەبباس"، "عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر" بانگ دەکات و پێی دەفەرموێت: (إنك لِجِلْفُ جافٍ) واتە: تۆ تەبیعەت وشکیت و کەم تێدەگەیت، بەو خوایە میتعە لە سەردەمی پێشەوای خواناسان (مەبەستی پێ پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلی آلِهِ وسّلَم" بوو) ئەنجام ئەدراو ئەکرا، ئەڵێ "عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر"یش پێیگوت: دە تۆ بیکە، جا بزانە من بەردەبارانت دەکەم یاخود نا!! تا لە دواییا "ئیبنوعەبباس" لە ڕای خۆی پەشیمان بۆتەوە.

هەروەها سەبارەت بە قسەی "جابر" (خوا لێی ڕازی بێت) کە دەڵێت: «كُنَّا نَسْتَمْتِعُ بِالْقَبْضَةِ مِنَ التَّمْرِ، وَالدَّقِيقِ الْأَيَّامَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" وَأَبِي بَكْرٍ حَتَّى نَهَى عَنْهُ عُمَرُ فِي شَأْنِ عَمْرِو بْنِ حُرَيْثٍ»[1] لە فەرمایشتی «ثُمَّ نَهَانَا عَنْهُمَا عُمَرُ ، فَلَمْ نَعُدْ لَهُمَا»[2] ئەوە دەگەیەنێ ئەوەی کە لەسەردەمی "ئەبووبەکر" و "عومەر" پێی ڕاگەیانراوە کە ئەو کارە شەرعیی نییە، ئەوە پێشتر ئەم نەهییەی پێنەگەیشتووە.

"حافز ئیبنوحەجەر" لە (فتح الباري) دەڵێت: ئەوەی کە لێرە ڕوون دەبێتەوە، ئەوەیە کە عومەر بەپێی ئیجتیهادی خۆی نەبووە کە بەرهەڵستی لەم کارە کردووە، بەڵکوو بەپێی نەهییەکەی پێغەمبەرەوە ئەویش ڕێگری لەم کارە کردووە. ئەم بەرهەڵستییەشی لە ڕیوایەتی "ئیبنوماجە" هاتووە کە لە "ئەبووبەکری کوڕی حەفس" ئەویش لە "ئیبنوعومەر" گێڕاویەتییەوە، کە دەڵێت: ئەوکاتەی کە "عومەر" بوو بە خەلیفە وتارێکیدا فەرمووی: (إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" أَذِنَ لَنَا فِي الْمُتْعَةِ ثَلَاثًا، ثُمَّ حَرَّمَهَا)[3] واتە: پێغەمبەر "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" تەنها سێ ڕۆژ ڕێگەی میتعەی پێداین، پاشان حەرامی کرد. هەروەها "ئیبنومونزیر" و "بەیهەقی" لە ڕێی "سالیمی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عومەر" ئەویش لە باوکیەوە گێڕاویەتەوە، کە "عومەر" بەسەر مینبەر دەکەوێت و دوای حەمدو سوپاسکردنی خوا، دەڵێت: (مَا بَالُ رِجَالٍ يَنْكِحُونَ هَذِهِ الْمُتْعَةَ، وَقَدْ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" عَنْهَا؟)[4] واتە: ئەمە پیاوان چیانە هاوسەرگیری ئەم میتعەیە دەکەن،

---

(١) صحيح مسلم

(٢) صحيح مسلم

(٣) سنن ابن ماجة

(٤) الفتح الباري ٧٧/٩

لەکاتێکدا پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەرهەڵستی لێ کردووە؟! هەروەها خۆبەدەستەوەدانی یارانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بۆ بەرهەڵستییەکەی "عومەر" بە پاڵپشتی بەڵگەیەك بوو لە فەرمایشتی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هەروەك "ئیمامی تەحاوی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: "عومەر" وتاریدا وە بەرهەڵستی لە زەواجی میتعە کرد، ئەمەش بەبەڵگە لە پێغەمبەری خواوەوە وەریگرت، دیسان بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە عومەر چۆن شوێن بەرهەڵستییەکەی پێغەمبەر کەوتبوو.

هەروەها درووست نییە بڵێیت کە ئەگەر میتعە زینایە، ئەی چۆن پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بۆکاتێکی دیاریکراودا بە حەڵاڵی داناوە؟! دەڵێین: ئاشکرایە ئەو کاتەی کە میتعە حەڵاڵ بوو، ئەوە زینا نەبوو، بەڵکوو بەزینا ناساندنی دوای حەڕامبوونییەوە هات، یانی هەر ئەو کاتەی کە حەڕامکرا، ئەگەر هەرکەسێك بەردەوام بوایە ئەوە وەکو ئەوەوابوو کە زینای کردووە![1]

## جیاوازییەکانی نێوان هاوسەرگیری میسیار و هاوسەرگیری میتعە

(١) میتعە بۆ کاتێکی دیارکراوە، بەڵام میسیار کاتی دیارکراو نییە، لەیەکیش جیا نابنەوە بە تەڵاق نەبێت.

(٢) میتعە لەسەر بنامەی هاوسەرگیری شەرعی بونیات نانرێت، لە ڕووەکانی خەرجی و جێگەو تەلاق و عیددەو میراتەوە، بەڵام میسیار هەموو مەرجە شەرعییەکانی تیا جێگیرە، تەنها خەرجی و جێگەی خەو نەبێت.

(٣) ئافرەتی میتعە تەلاقی پێوە نالکێنرێت، بەڵکوو کە کاتەکەی تەواو بوو، لەیەکتر دوور دەکەونە، بەڵام میسار پێچەوانەی ئەوەیە.

(٤) بوونی وەلی و شایەت مەرج نین لە کاری میتعەدا،، بەڵام لە میساردا دەبێت شایەت هەبێت و وەلیش ئامادە بێت، یان ڕازی بێت.

(٥) میتعە سنووری چەند ژنەی بۆ نییە، کابرا دەتوانێت لەیەك کاتدا بیست ژنی هەبێت لە میتعەدا، بەڵام میسار چوارچێوەی چەندژنە نابەزێنێت، تەنها بۆی هەیە کە لەیەك کاتدا چواری هەبێت.

## چوارەم: هاوسەرگیری مارەبەجاش

مارە بەجاش دەردێکە بۆتە پەڵەی ڕەش لە نێو ئوممەتی ئیسلامی، هەتا کافران و بێباوەڕان مسوڵمانانیان پێ لەکەدار کردووە، بۆیە فەسادو خراپەکارییەکی زۆری لە نێوان مسوڵمانانی بێئاگاو نا حاڵی

---

(١) من موقع الشبكة الاسلاميه/ مركز الفتوى بإشراف د.عبدالله الفقيه

ناوەتەوە. بۆیە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەفرەتی لەوانە کردووە کە ئەم کارە بۆ خەڵکی حەلال دەکەن، وە نەفرەتیشی کردووە لەوانەی کە بۆیان ڕێکدەخرێ و ئەوانەیش کە ڕێکی دەخەن!

دیارە ئەگەر ئەم کارەش لە ئیسلامدا شتێکی شیاو بوایە ئەوە هەرگیز پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" نەفرەتی بۆ نەدەناردن، بۆیە پێغەمبەری خوا "صَلّی اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" ئەم کارەی چواندووە بە بزنی شاخداری خواستراو، سەلەفیش بە بزماری دۆزەخیان ناو بردووە، بۆیە لە بازاڕی حەڵاڵکارانی مارەبەجاش؛ ئافرەت وەك بزنی شاخدار سەیر دەکرێ.. ئافرەت لەم کارەدا زۆر بێنرخ و بێقیمەت سەیر دەکرێت، نە وەلیمەی بۆ دەکرێ نە لەناو خەڵکی ئاشکراو بەرچاو دەکرێ، نە کەرەسەی بوك گواستنەوەی بۆ ساز دەکرێ، نا هاوڕێ و هاودەمانی بۆ دیار دەکرێ، نە مارەیی نە خەرجی بۆ بڕیار دەدرێ، هێندە کارەکە بێ نرخ و شەرمەزارە هەتا کەس نابێ پێی بزانێ و بە حاڵی ئەو کەس بفامێ!! چونکە پێش ئەوە لە ئیسلامدا شتێکی عەیب و شوورەیی بێت، ئەوە هەتا لە نێو کۆمەڵگە و فیترەتی ئینسانەکانیش شتێکی زۆر بێ نرخ و بێ بایەخە..!!

## مارەبەجاش چییە؟

مارەبەجاش ئەوەیە ئەگەر ئافرەت هەر سێ تەڵاقی لە مێردەکەی کەوتبێ، ئەوە بۆی نییە بچێتەوە لای مێردەکەی، تا شووێکی تر نەکاتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ﴾ (البقرة: ٢٣٠). واتە: بەڵام ئەوان دێن حیلە شەرعیی (حیلەی ناشەرعیی) لەگەڵ ئەم کارەدا دەکەن.. لە جیاتی ئەوە کە ئافرەتەکە بچێت شووێکی تر بکاتەوە پاشان ئەگەر مێردە تازەکەی بە دڵی خۆی ژنەکەی تەڵاقدا پاشان بیەوێت بچێتەوە لای مێردە کۆنەکەی، کەچی دەچن لە گەڵ یەکێك بە بڕێ پارە ڕێکدەکەون کە ژنەکەی لێ مارە ببڕن و پاشان تەڵاقی بدات! تا خانم سەر بەرزانە بچێتەوە لای مێردە کۆنەکەی!! **جا سەیر ئەوەیە لە هێندێ ناوچەی کوردستان بە تایبەت لە دەشتی هەولێر ئەو ئافرەتە دێنن لە مشکێکی مارە دەکەن پاشان مشکی بەستەزمان!! بە بەر چەقوان دەدەن و دەیکوژن!! گوایە ژنەکە لەم مشکە تازە بێوەژن بووەو مێردە مشکەکەی بە قوربانی حازریان بووەو جوانە مەرگ بووە!! ئینجا ئافرەتەکە جارێکی تر بە سێ تەڵاقی نوێوە دەچێتەوە لای مێردە کۆنەکەی!!! سەیرتریش لەمە ئەوەیە کە هێندێ جاران ئەو ژنە دەهێنن لە مەسینەیەکی ئاودەستی مزگەوتدا مارە دەبڕن، دوایی مەسینەکە لەت و پەت دەکەن!! یان دەیهێنن لە کوولەکەیەکی مارە دەبڕن و دوایی کوولەکە لە ئاو دەکوڵێنن و بە دە کەسان لە کوولەکەی بەستەزمان وەردێن و هەر یەکەو پارەچەیەکی ئەخاتە ورگی خۆی، ئیتر کودووی (کوولەکە)ی بەستەزمان هەتا ماوە لەو زیندا**

**تاریكەی ئەم ورگانە چاوی بە تیشكی خۆر ناكەوێتەوە، مەگەر بە گەنیوی بێتە دەر!!! ژنە هەمدیس بۆ مێردی كۆنی دەبێتەوە بووكی یەك شەوە!!**

**كەواتە: ئەم كارەیە پێی دەگوترێت: مارە بەجاش (التحلیل) بۆیە پێغەمبەری خوا** "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **وەك لە "ئیبنو مەسعوود" (خوا لێیان ڕازی) بێت دەگێڕنەوە كەوا فەرموویەتی:** «لَعَنَ رَسولُ اللّٰهِ صلی اللّٰه علیه وسلم المحَلِّلَ وَالمحَلَّلَ لَهُ»[1] **واتە: پێغەمبەری خوا** "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **نەفرەتی كردووە لەو كەسەی كە ژنی خۆی بۆ یەكێك دەبات و بە ڕێكەوتنی نێوانیان تا ماوەیەك لەلای دەبێ، ئینجا تەڵاقی دەدا بۆ ئەوەی حەڵاڵ بێت بۆ مێردی یەكەمی.**

**بۆیە زانایان كاری زۆریان بەم فەرموودە كردووە، لەوانە: (عومەری كوڕی خەتتاب و عوسمانی كوڕی عەففان و عەبدوڵڵای كوڕی عومەر – خوا لێیان ڕازی بێت –) .**

**هەروەها "ئیمام ئەحمەد" لە موسنەدەكەی و "نەسائی" لە سونەنەكەی بە سەنەدێكی سەحیح هێناویانەتەوە كەوا پێغەمبەری خوا** "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **نەفرەتی لەم كارە كردووە، وەك دەفەرموون:** «لَعَنَ رَسُولُ اللّٰهِ صلّی اللّٰه علیْهِ وَسلمَ الْوَاشِمَةَ والمستوشِمَةَ، وَالوَاصِلَةَ وَالمؤْصُولَةَ، وَالمحَلِّلَ وَالمحَلِّلَ لَهُ، وَآكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ». **واتە: پێغەمبەری خوا** "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **نەفرەتی كردووە لەوەی كە خاڵ ئەكوتێ و لەوەیش كە بۆی ئەكوترێ، لەوەی كە قژی دەستكرد دا ئەنێ و ئەوەیش كە بۆی دا ئەنرێ، لەوەی كە ژنی خۆی دەخاتە ژێر پیاوێكەوە (بەنیەتی مارە بەجاش)و ئەو كەسەیش بۆی حەڵاڵ دەكرێت، ئەوەی كە سوو دەخواو ئەویش كە بۆی بڕیار ئەدرێ. هەروەها دیسان لە موسنەدی "ئیمام ئەحمەد" و سونەنی "نەسائی" هاتووە كە لە "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە دەفەرموێت:** «.. المحلل وَالمحَلِّلُ لَه: مَلْعُونُونَ عَلَی لِسَانِ مُحَمَّدٍ صلّی اللّٰه علیهِ وسلمَ یَوْمَ الْقِیَامَةِ». **واتە: ئەو كەسەی كە ژنی خۆی بە مارە بەجاش ئەدا بە پیاوێك و ئەوەیش كە بۆی حەڵاڵ دەكرێت لە سەر زمانی موحەممەد** "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **نەفرەتیان لێ كراوە. هەروەها لە "عەلی كوڕی ئەبووتالیب" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كەوا فەرموویەتی:** «أَنَّهُ لَعَنَ المحَلَّلَ لَهُ»[2] **واتە: پێغەمبەر** "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **نەفرەتی كردووە لەو كەسەی كە لێی حەڵاڵ دەكرێت. هەروەها لە "ئەبوهورەیرە" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كەوا پێغەمبەر "**"صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسّلَم" **فەرموویەتی:** «لَعَنَ اللّٰهُ المحَلِّلَ وَالمحُلَّلَ لَهُ»[3] **ئیمامی "تیرموزی" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: پرسیارم لە "بوخاری" كرد دەربارەی**

---

(١) رواه الحاكم فی الصحیح والترمذی وقال: حدیث حسن صحیح/ قال الألبانی فی "إرواء الغلیل" ٣٠٧/٦

(٢) رواه الإمام أحمد وأهل السنن كلهم غیر النسائی

(٣) رواه الإمام أحمد بإسناد رجاله كلهم ثقات

ئـەم فـەرمووده، ئـەڵێ، گـوتی: ئـەم فـەرمووده حەسـەنه، چـون "عەبـدوڵڵای کـوڕی جەعفـەری مـەخزوومی" و "عوسمانی کوڕی موحەممەدی ئەخنەسی" تیایدا گێڕاویانەتەوه، ئەوانیش جێگەی متمانەن.

هـەروەها "عەبـدوڵڵای کـوڕی ئیبنوماجـه" لـه سـونەنەکەی خۆیـدا دەڵێـت: "موحەممـەدی کـوڕی بەشـار"، ئەویش له "ئەبووعامڕی زەمعەی کوڕی ساڵح"، ئەویش لـه "سـەلەمەی کـوڕی وەهـڕان"، ئـەویش لـه "عیکرەمـەی کوڕی" و ئەویش له "ئیبنـو عـەبباس" (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) گێڕاویانەتـەوه کـەوا «لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم المحلِّل والمحلَّل له» واته: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" نـەفرەتی کـردووه لـەو کەسـەی کـه ماره بەجاش به ژنەکەی ئەکات و ئەو کەسەیش که بۆی حەڵاڵ دەکرێت.

هەروەها له "عوقبەی کوڕی عامر" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوه کـەوا پێغەمبـەری خـوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" فەرموویەتی: «أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِالتَّيْسِ المسْتَعَارِ ؟ قَالُوا: بَلَى، يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: هُوَ المحَلِّلُ. لَعَنَ اللهُ المحَلِّلَ وَالمحَلَّلَ لَهُ»[1] واته: ئایا پێتان بڵێم: کـه تەگـەی (بزنـی شـاخدار)ی بـەکرێگیراو چ شـتێکه؟ گوتیـان: بـەڵێ ئـەی پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم"، فەرمووی: ئـەو کەسـەی کـه مـاره بـەجاش بەحـەڵاڵ دەگـەیـەنێ، نەفرەتی خوا لەوەی که به حەڵاڵی دەگەیەنێ و ئەوەیش که بۆی حەڵاڵ دەکرێ.

هەروەها له "عەمڕی کوڕی دینار" (یەکێك بوو له ناسـراوانی تـابیعین) –خـوا لێـی ڕازی بێـت– دەگێڕنـەوه کەوا: پرسیاری پیاوێکیان لێ کرد کەوا ژنەکەی خۆی تەڵاق دابوو، پیاوێکیش له خـەڵکی گوندەکـه دێـت و کـابرا بەبێ ئاگاداری ژنەکەو ئەو کەسە هێندێ پارەی پێ ئەدات تا به مارەبەجاش ژنەکەی لێ ماره بکـات! ! "عـەمری کوڕی دنیار" گوتی: نەخێر، ئەم کاره درووست نییه، پاشان باسـی ئـەوەی کـرد کـەوا پێغەمبـەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" فەرموویەتی: «لا، حَتَّى يَنْكِحَ مُرْتَغِباً لِنَفْسِه، فإذَا فَعَلَ ذلِكَ لَمْ تَحِل لَهُ حَتَّى يَذُوقُ العُسَيْلَةَ»[2] واتـه: نەخێر! تاکوو ئافرەتەکەی به ویستی خۆی شوو دەکاتەوه، ئەگەر وایشی کرد، ئەوه هەر بۆی حەڵاڵ نییـه تـاکو شیرینی نەچێژێ (یانی: تا جووت نەبێ).

**بەڵام سەبارەت به هەڵوێستی یارانی بەڕێزەوه "خوا لێیان ڕازی بێت" هەڵوێستگەلێکی زۆر جوانیان له دەرهەق ئەم ناهەقییەوه هەبووه، لەوانه:**

له کتێبی (المصنف)ی "ئیبنوئەبی شـەیبه" و سـونەنی (الأثرم) و (الأوسط)ی "ئیبنومـونزیر" سـەبارەت بـه "عومـەری کـوڕی خـەتتاب" (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێڕنـەوه کـەوا فەرموویـەتی: (هـەر کەسـێکی مارەبـەجاش حەڵاڵکەرێك یان حەڵاڵ بۆ کراوێکم هاتبێته لا، ئەوه بەردەبارانم کردووه ! !) .

---

(١) رواه ابن ماجه بإسناد رجاله كلهم موثقون، لم يجرح واحد منهم

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة ( ١/٤٥/٧ )/ قال الألباني : و هو مرسل صحيح الإسناد ، رجاله رجال الصحيح

هەروەها "عەبدولڕەزاق" لە "مەعمەڕ"، ئـەویش لـە "زوهـری"، ئـەویش لـە "عەبدولمـەلیکی کـوڕی مـوغیرە" دەگێڕنەوە دەڵێت: پرسـیاریان لـە "ئبنوعومـەر" (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) کـرد سـەبارەت بـە کەسـێك کـە مـارە بەجاشی بۆ کەسێك بڕیار داوە، ئەویش فەرمووی: ئەو کەسە خوێنمژە ! ![1]

هەروەها هەمدیس لە "عەبدولڕەزاق" دەگێڕنەوە دەڵێت: "سەوری عەبدوڵلای کوڕی شەریکی عـامری" بـۆی گێڕاوینەوە، فەرمووی: گوێم لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) بوو، کە باسـی پیاوێکیـان لەگەڵـدا کـرد کـە کچـە مامەکـەی خـۆی تـەڵاق دابـوو، پاشـان پەشـیوان ببـووەوە دەیویسـت کـە بـە مارەبـەجاش بیهێنێتـەوە ! ! "ئیبنوعومەر"یش (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرمووی: ئەوە هـەردووکیان زیناکـارن! ! جـا حـەز دەکـا بیسـت سـاڵ بمێننەوە (واتە: چ پیاوە بۆ حەڵاڵ کراوەکە، چ ئافرەتەکە).

هەروەها دەفەرموێت: "مەعمـەڕ" و "سـەوری" لـە "ئەعمـەش" و لـە "مـالیکی کـوڕی حـارس" و ئـەویش لـە "ئیبنوعەبباس" (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) دەگێڕنـەوە، کـەوا پیاوێـك پرسـیاری لێکـردو گـوتی: مـامم سـێ جـاران ئامۆژنمی تەڵاق داوە، "ئیبنوعەبباس"یـش فـەرمووی: جـا ئـەو بێفـەرمانی خـوای کـردووەو ئێسـتاش پەشـیوانە، گوێڕایـەڵی شـەیتانی کـردووەو شـەیتانیش دەرووی خێـری بـۆ ئـاوەڵا نەکردۆتـەوە، ئـەویش دەڵێـت: ئـەی چـی دەڵێیت: ئەگەر خێزانەکەی بە مارە بەجاش بهێنێتەوە؟! ئەویش فـەرمووی: کەسـێ بیـەوێ فـێڵ لـە خـوا بکـات خواش فێڵی لێ دەکات (واتە: ئاقیبەتی فێڵەکەی پێ نیشان ئەداتەوە).

هەروەها لە "سولەیمانی کوڕی یەسار" دەگێڕنەوە کـەوا باسـی پیاوێکیـان گەیانـدە لای "عوسمـانی کـوڕی عەففان" کەوا ژنێکی بە نیازی مارە بەجاش هێناوە، ئەڵێ: ئەویش یەکسـەر چـووە لای هـەردووکیان و لـە یـەکی جیا کردنەوە، ئینجا بە ئافرەتەکەی فەرموو: مەچۆوە لای مێردەکـەت، تـاکوو مێردێکـی تـر بـە ویسـتی خـۆت و ویستی پیاوەکە دەکەیتەوە[2]

هەروەها ئەبوو "ئیسحاقی شیرازی" لە کتێبی (المهذب)دا لە "ئەبوومەرزووقی توجەیبی" دەگێڕێتەوە، کـەوا پیاوێك دێتە لای "عوسمانی کوڕی عەففان" (خوا لێی ڕازی بێت) و پێی گوت: کەوا دراوسـێکەمان لـە خێزانەکـەی خۆی توورە بووە بەم توورەییەوە ژنەکەی خۆی تەڵاق داوە، ئـەڵێ منـیش سـکم پێیـان سـووتا دەمـەوێ ژنەکـە مارە بکەمەوە، پاشان تەڵاقی بدەم بۆ ئەوەی بچێتەوە لای مێردەکـەی! ! یـان مێردەکـەی بیگێڕێتـەوە، ئـەڵێ: "عوسمان"یش فەرمووی: مەیهێنە تەنها خواستت بۆ نیکاحەکە نەبێت، (واتە: خواستت بۆ ژنهێنـان بێـت نـەك بـۆ ئەوەی تەڵاقی بدەیت تاکوو مێردەکەی بیهێنێتەوە).

---

(١) رواه ابن ابي شيبة

(٢) رواه أبو إسحق الجورجاني في "كتاب المترجم"، وذكره ابن المنذر عنه في كتاب الأوسط

هەروەها "ئبنو ئەبی شەیبە" لە (مصنف)ەکەی لە "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: نەفرەتی خوا لەو کەسەی کە حەڵاڵی دەکات و ئەو کەسەیەش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت.

هەروەها لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (نەفرەتی خوا لەو کەسەی کە مارە بەجاش بە حەڵاڵ دەگێڕێ و ئەوەیشی کە بۆی حەڵاڵ دەکرێ). هەروەها "جەوزجانی" بە سەنەدێکی باش لە "ئیبنوعومەر" (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کەوا پیاوێك ژنێکی بە مارەبەجاش هێناوە بۆ ئەوە بۆ مێردەکەی خۆی تەڵاقی بدات! ئەڵێ: ئەویش فەرمووی: نەفرەتی خوا لەو کەسە کە حەڵالی دەکات و ئەوەیش کە بۆی حەڵال دەکرێت. !

جا لێرەوە "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمە" (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: ئەمانە هەمووی هەڵوێست بوون لای "عومەر" و "عوسمان" و "عەلی" و "ئیبنوعەبباس" و "ئیبنوعومەر" (خوا لە هەمووان ڕازی بێت). لە گەڵ ئەوە کە دەقی ئاشکرا بوون کە کەسێك ئەم جۆرە مارەبڕەی پەنهانی و بە نهێنی بۆ ئەنجام بدرێت، ئەمە مارەبەجاش (تحلیل)ە، دیارە کە بابای بکەر لە سەر زمانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" نەفرەتی لێکراوە، یارانی پێغەمبەریش چاك لەو دەستەواژەی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" حاڵی ببوون، بۆیە ئەوانیش ئەم هەڵوێستەیان هەبوو. بۆیە قەت ڕوخسەتی لەم چەشنەیان نەداوە، لەگەڵ ئەوە زۆر هەبوون لەو سەردەمە کە سێ تەڵاقیان لە ئافرەتێکدا کەوتبوو، کەچی ئەم ناهەقی (مارە بەجاش)ەیان بە هەق نەزانیوە، وەك دەبینین کە خێزانی "ڕوفاعەی قورەزی" بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ مێردەکەی ناکۆك بوو و سێ جاران تەڵاق درابوو، زۆری کرد تا بتوانێ بگەڕێتەوە لای مێردەکەی، کەچی کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد کە ڕێگەی بۆ خۆش بکات تا بچێتەوە لای مێردەکەی. دەی ئەگەر مارەبەجاش درووست بوایە هەڵبەت پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسّلَم" ڕێگەی ئەدا.

**هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی تابعینیش ئەوە هەڵوێستیان لە هەڵوێستی سەحابەی کیرام کەمتر نەبووە، بۆ نموونە:**

"عەبدولڕەزاق" دەڵێت: "مەعمەڕ" ئەویش لە "قەتادە" پێی ڕاگەیاندووین کە گوتوویەتی: ئەگەر بکەر یان بۆ کراو یاخود ئافرەتەکە یان هەر یەکێکی تر ئەم کارە بە درووست وەربگرێت ئەوە درووست نییە.

هەروەها "ئیبنوجوڕەیج" پێی ڕاگەیاندووین کەو ئەڵێت: بە "عەتائ"م گوت: کەسێك بە ئەنقەست ئەم کارە بکات ئایا سزای لە سەرە؟ ئەویش دەڵێت: نەمزانیوە کە سزای بۆ دانرابێت، بەڵام من پێموایە کە دەبێ سزا بدرێت.

هـەروەها "مەعمـەڕ" لـە "قـەتاد"ەوە پێـی ڕاگەیانـدووین کـە فەرموویـەتی: ئەگـەر ئافرەتێـك بـە نیـازی مارەبەجاش تەڵاق بدرێت، ئەوە درووست نییە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ مێردەکەی پێشووی.

هـەروەها "ئیبنوجـورەیج" دەڵێـت: بـە "عەتائـ"م گـوت: ئەگـەر ئافرەتێك مارەبەجاشـی پێکـرا پاشـان گەڕێنرایەوە لای مێردەکەی پێشووی حوکمی چۆنە؟ ئەڵێ، ئەویش فەرمووی: لێك جیا دەکرێنەوە.

هەروەها "مەعمەڕ" لە "حەسەن"ەوە دەگێڕێتەوە کە مارەبەجاشیان بە ئافرەتێك کردووە بۆ پیاوێك بـەبێ ئەوە کە پیاوەکە پێی بزانێت؟ ئەڵێ، ئەویش فەرمووی: لە خوا بترسـن مـەبن بـە بزمـاری ئـاگر لـە سـنوورێك لـە سنوورەکانی خوا.

هەروەها "ئیبنومـونزیر" دەڵێـت: "ئیبراهیمـی نـەخعی" فەرموویـەتی: ئەگـەر نیـازی یـەکێك لـە کەسـەکان، مێردی یەکەم، یان مێردی دووەم، یان ئافرەتەکە مارە بەجاش بێت، ئەوە نیکاحی دووەمیـان پـووچ ئەبێتـەوە و بۆ یەکەمیش ناگێڕدرێتەوە.

هەروەها "حەسەنی بەسری" (بە ڕەحمەت بێت) دەفەرموێت: یەکێك لەو سێ کەسە نیـازی ئـەم کارەیـان هەبوو، ئەوە کارەکانیان بێ کەڵکە.

هـەروەها دەڵێـت: "بـەکری کـوڕی عەبـدوڵڵای مـەزنی" سـەبارەت بـەو کەسـەی کـە بـە حـەڵاڵی دائـەنێ و ئەوەیش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت فەرموویەتی: ئەو کەسانە لە نەفامی پێیان دەگوترا تەگەی خواستراو.

هەروەها "عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی نەجیح" لە "موجاهید" دەگێڕنەوە کەوا سـەبارەت بـە ئایـەتی: ﴿إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ﴾ (البقرة: ٢٣٠). فەرموویەتی: واتە: ئەگەر گومانیان برد کە نیکاحەکەیان بێ فێڵە.

هەروەها لە "نوفەیلی" دەگێڕنەوە ئەویش لە "یەحیای کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی ئـەبی غونیـە" و ئـەویش لە "عەبدولمەلیك" و ئەویش لە "عەتائـ"، سەبارەت بە پیاوێك کە ژنەکەی خۆی تەڵاق داوە، پیـاوێکیش زۆر سـکی پێ دەسـووتێت، هەڵدەسـتێ ژنەکـە لـە خـۆی مـارە دەکاتـەوە بـە بـێ ئـەوەی مێردەکـەی پێشـووی بـە نیـازی بزانێت! ! ئەڵێ: "عەتائـ"یش فـەرمووی: ئەگـەر ئـەم کـارەی بـۆ مارەبـەجاش بێـت، ئـەوە بـۆی دروسـت نییـە، ئەگەریش بە نیازی هێنانی بیهێڵێتەوە ئەوە بۆی دروستە.

"سەعیدی کوڕی موەسەییەب" سەبارەت بە پیاوێك کە ژنێکی بە نیازی مارەبەجاش هێنابوو بـەبێ ئـەوەی کە نە مێردەکەی پێشووی و نە ئافرەتەکە بە نیازی ئەم کارەی بزانن، فەرمووی: بۆ هیچیان ئـەم کـارە دروسـت نییە. (رواه حرب في مسائله).

هەڵبەت ئەم چوار پێشەوا بەڕێزەی کە ناومان هێنان واتە: (حەسەنی بەسری و سەعیدی کوڕی موسەییەب و عەتائی کوڕی ڕەباح و ئیبراهیمی نەخعی) پایەی تابعین بوون و ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیان هەبوو سەبارەت بە مارەبەجاش.

**سەبارەت بە تابیعی تابیعینیش وایان فەرمووە:**

"ئیبنو مونزیر" (بە ڕەحمەت بێت) دەفەرموێت: "مالیکی کوڕی ئەنەس" و "لەیسی کوڕی سەعد" دەفەرموون: ئەم جۆرە نیکاحە جگە لە نیکاحی خواست درووست نییە، هەروەها "مالیك" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە یەك جیادەکرێنەوە، جیاکردنەوەشی بە شێوەی فەسخ دەبێت، نەك تەڵاق.

"سوفیانی سەوری" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر کەسێك ئافرەتێکی بە مارەبەجاش هێنا، تاکوو بۆ مێردەکەی پێشووی تەلاق بدات، پاشان بیری لەوە کردەوە کە ئافرەتەکەی لای خۆ بهێڵێتەوەو بۆ لای مێردەکەی نەگەڕێنێتەوە، ئەوە لە یەك جیا دەکرێنەوەو سەر لە نوێ لە یەك مارە دەکرێنەوە.

"ئیسحاق" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: دروست نییە کە لای خۆی بیهێڵێتەوە، چونکە بە عەقدی نیکاح مارەی نەکردووە.

"جەوزجانی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: "ئیسماعیلی کوڕی سەعید" دەڵێت: لە "ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل"م پرسیار کرد دەربارەی پیاوێك کە بە نیازی مارە بەجاش ژنێکی هێناوە تاکوو بۆ مێردەکەی بگەڕێنێتەوە، بە بێ ئەوەی کە ئافرەتەکەی بەم نیازەی بزانێت! ! ئەڵێ ئەویش فەرمووی: ئەمە مارەبەجاشە، ئەگەر بەو نیازە ئەو کارە بکات ئەوە نەفرەتی خوای لێ کراوە.

"ئیبنوئەبی شەیبە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: وا نابینیم کە دروست بێت بەم کارە ئافرەتەکە بگەڕێنرێتەوە لای مێردەکەی پێشوو.

**ڕوونکردنەوە:**

هێندێ کەسی ناحاڵی وا حاڵی بوونە کە ئەوەتا لە قورئاندا ئاماژە بە مارە بەجاش دراوە، وەك فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٣٠). واتە: خۆ ئەگەر (بۆ جاری سێیەم، پیاو ژنەکەی خۆی) تەڵاقدا، ئەوە ئیتر جارێکی تر بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی شوویەکی تر بکات و (هاوسەری دووەمی بەشێوەیەکی ئاسایی تەڵاقی بدات، یان بمرێت)، ئەوە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکترو (ژیانی ژن و مێردایەتی دەست پێبکەنەوە)، ئەگەر گومان و ڕایان وابوو دەتوانن سنوورەکانی خوا ڕاگرن و (ژیانێکی

ئاسودەیی ببەنە سەر)، جا ئەوەی کە باسکرا سنوورەکانی خوای گەورەن، ڕوونیان دەکاتەوە بۆ گەلێك کە بزانن و تێبگەن.)

دێن و دەڵێن: لەو ئایەتە هەر ئەمە ئەڵێت: کە ئێوە ئێستا بە حەرامتان داناوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: "ئیبنولقەییم" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: بەڵێ ڕاستە: ئەگەر پیاوێك هەر سێ تەڵاقی لە ژنەکەی خۆی کەوێت، ئەوە ناتوانێت کە بیگەڕێنێتەوە لای خۆی تا ئافرەتەکە شوویکی تر بە ویستی خۆی نەکاتەوە، کاتێکیش ئەگەر مێردە تازەکەی بە ویستی خۆی ژنەکەی تەڵاق دا، ئەو کاتە ژنەکە بۆی هەیە کە بە نیکاحێکی نوێوە بگەڕێتەوە لای مێردە کۆنەکەی، (بەڵام: نەك مێردە تازەکەی و ژنەکە بە نیازی گەڕانەوەی ژنەکە بۆ لای مێردە کۆنەکەی ئەم کارە بکەن)، چونکە وەك لە پێشەوە باسمان کرد کە ئەم کارە حەرامەو زۆرێك لە زانایان پێیان وایە کە زینایە.

دوایی ئەگەر لە تەواوی ئایەتەکە بنۆڕین؛ ئەبینین کە دەفەرموێت: [ . . . فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلاجُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٢٣٠). واتە: ئەگەر مێردی دووەمی ئافرەتەکەی تەڵاقدا، ئەوە گوناهبار نابن کە بگەڕێنرێنەوە لای یەکتر، بەو مەرجە کە سنووری خوایان پاراستبێ. بەڵام لێرە سنوورەکانی خوا پێشێل کراون چونکە مەرجەکانی نیکاح لە مارە بەجاشەکەدا مسۆگەرو بەر قەرار نەبووە.. وەك لە پێشەوە باسمان کرد و کۆمەڵێ ڕاو بۆچوونی زانایانمان سەبارەت بەم باسە خستە ڕوو، ئەمە جگە لەو هەموو فەرموودەی کە هێنامانەوە، چونکە مەرجی مارە بەجاشەکە بۆ نیکاحی ئافرەتکە نییە، بەڵکوو بۆ گەڕاندنەوەی ژنەکەیە بۆ مێردی دووەمی، بۆیە مێردی دووەم کە بەم نیەتەوە ئەو ئافرەتە دەهێنێتەوە لای خۆی کە جیماعی لەگەڵ نەکات و یەکسەر تەڵاقی بدات و بیگێڕێتەوە لای مێردەکەی خۆی. هەروەك لە فەرموودەی "عائیشە" بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەفەرموێت: «عَنْ عائِشَةَ رَضِىَ اللَّهُ عَنْها: طَلَّقَ رَجُلٌ إِمْرَأَتَهُ ثَلاثاً فَتَزَوَّجَها رَجُلٌ، ثُمَّ طَلَّقَها قَبْلَ أَنْ يَدْخُلَ بِها، فَأَرادَ زَوْجُها الأَوَّلُ أَنْ يَتَزَوَّجَها، فَسَأَلَ النَّبِيَّ " صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم " عَنْ ذَلِكَ؟ فَقالَ: لاَ، حَتَّى يَذُوقَ الآخَرُ مِنْ عُسَيْلَتِه»[1] واتە: پیاوێك سێبەسێ ژنی خۆی تەڵاقدا، جا یەکێکی تر مارەی کرد و ئەویش تەڵاقیدا بەر لەوە کە جیماعی لەگەڵدا بکات، مێردەکەی یەکەمیش ویستی کە دیسان لە خۆی مارە بکاتەوە، پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" فەرمووی: لێت حەڵاڵ نییە کە مارەی بکەیتەوە تا ئەو کاتە کە مێردەکەی دووەمی هەنگوینی لێ تام ئەکات. (واتە: تا جیماعی بە تەواوی لەگەڵ ئەکات).

(١) رواه الشيخان

هەتا ئەگەر لە گەڵیشی جووت نەبێت، مادام پیاوەکە بە نیازی مارەکردنی نەیهێناوە، ئەوە ژنەکەی نەهێناوەو ژنەکەش شووی نەکردۆتەوە، دیارە مەرجی چوونەوە لای مێردەکەشی ئەوەیە کە ئافرەتەکە دەبێ شووێکی تر بکاتەوە.

## جیاوازی نێوان زەواجی مارەبەجاش و زەواجی میتعە

ئەگەر خواو پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم" نیکاحی میتعەیان حەڕام کردبێت، لە گەڵ ئەوەش مەبەست لە میتعە چێژ وەرگرتن بێت لە ئافرەت و ماوەیەکیش لەلای پیاوەکە بمێنێتەوە، ئەوە بە بێ شک نیکاحی مارە بەجاش لەو خراترە، چونکە کابرا نیازی ئەوەی نییە کە لای خۆی بیهێڵێتەوە، بە ئەندازەی ئەو بزنە نەبێت کە بۆ ساتێکی کەم ڕادەگیرێ و بەرەڵا دەکرێت. بۆیە "شێخولئیسلام ئیبنوتەیمیە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: نیکاحی میتعە لە دوازدە ڕووەوە لە نیکاحی مارە بەجاش باشترە.

یەکەم: نیکاحی میتعە لە سەرەتای ئیسلام درووست بوو، بەڵام نیکاحی مارەبەجاش هیچ کاتێک بە ڕەوا نەزانراوە.

دووەم: یارانی بەڕێز (خوا لێیان ڕازی بێت) لە سەردەمی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم" میتعەیان کردووە، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان قەت مارەبەجاشێکیان نەکردووە.

سێیەم: نیکاحی میتعە جێگەی مشتومڕی یاران بوو، وەك لەوانە "ئیبنو عەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕێگەی پێیدابوو، یاخود "ئیبنومەسعوود" (خوا لێیان ڕازی بێت). هەروەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە دەفەرموێت: «كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْسَ لَنَا نِسَاءٌ فَقُلْنَا أَلَا نَسْتَخْصِي فَنَهَانَا عَنْ ذَلِكَ ثُمَّ رَخَّصَ لَنَا أَنْ نَنْكِحَ الْمَرْأَةَ بِالثَّوْبِ إِلَى أَجَلٍ ثُمَّ قَرَأَ عَبْدُ اللَّهِ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ" -المائدة: ٨٧-» واتە: لەگەڵ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم" بۆ غەزا دەرچووین و هیچ کامیشمان ئافرەت (یان ژنی خۆمان لەگەڵدا نەبوو!)، ئەڵێ: گوتمان: خۆ نەخەسێنین؟! کەچی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم" بەرهەڵستی لێکردین، پاشان ڕوخسەتی پێداین کە سەرو ئافرەتێك بۆ کاتێکی دیاری کراو مار ببڕین!، ئەڵێ پاشان "عەبدوڵڵا" ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەو پاکیانەی کە خوا لێی حەڵاڵ کردوون ئێوە بە حەڕامی دانەنێن..

"عوڕوە" ئەڵێ هەتا "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕۆژێك لە مەککە هەڵسایەوە فەرمووی: هێندێ کەس خوا دڵی کوێر کردوون، وەك چۆن چاوی کوێرکردوون کە فتوا بە درووست بوونی میتعە دەدەن! واتە: ناڕازی بوو لە "عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس" بەم کارە، ئەڵێ ڕۆژێك «عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس"، "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر" بانگ دەکات و پێی دەفەرموێت: (إنك لجِلْفُ جافٍ) واتە: تۆ تەبیعەت وشکیت و کەم تێدەگەیت، بەو خوایە میتعە لە سەردەمی پێشەوای خواناسان (مەبەستی پێ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ

وسَلَم" بوو) ئەنجام ئـەدراو ئـەكرا، ئـەڵێ "عەبدوڵڵای كـوڕی زوبـەیر"یـش پێیگـوت: دە تـۆ بیكـە، جـا بزانـە مـن بەردەبارانت دەكەم یاخود نا!!

كەواتـە: ئەمـە ڕای "ئیبنومەسـعوود و ئیبنوعـەبباس" بـوو سـەبارەت بـە میتعـە ، بـەڵام سـەبارەت بـە مارەبەجاش وەك لە پێشەوە ڕاكانمان هێناوەوە كە ئەم دوو زاتە پاكە چۆن لە دژی ئەوەستانەوە.

چوارەم: پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عليْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَم"و یارانی هیچ فەرمایشتێكیان نەبووە كـە نـەفرەت بكەن لەوانەی كە میتعە دەكەن، بەڵام بە ئاشكرا نەفرەتیان كردووە لەوانەی كە نیكاحی مارە بەجاش دەكەن.

پێنجەم: ئەو كەسەی كە میتعە دەكات مەبەستێكی ڕوونی هەیە، كە مەبەستی ئەوەیە كا ماوەیـەك لەگـەڵ یەكدا بن و چێژ لەیەكتر وەربگرن، بەڵام بابای مارەبەجاش دەكات هیچ مەبەستێكی نییە تـەنها وەك ئـەوە نـەبێ كە بزنێك دەهێنێ و ئیشی خۆی لەگەڵ دەكاو بەڕێی دەكات، واتە: نیكاحەكـەی بـێ مەبەسـتە. بۆیـە "حەسـەن" فەرمووی: بزمارێكی ئاگرە لە سنووری خوا گیر دەكرێت.

"شێخولئیسلام" دەڵێت: بزمار لە شتێك دا ئەكوترێ، بەڵام ئەو ئافرەتە لەم كـارەدا بـۆ مێردەكـەی خـۆی دەكوترێ!! بۆیە خوا حەڕامی كردووە.

شەشەم: بابای میتعەكار شتێكی نەكردووە تا حەڕامی حەڵاڵ كردبێ، لەوانـەش نییـە كـە بیـەوێت فـێڵ لـە خوا بكات وەك چۆن فێڵ لە منداڵ دەكرێت، بـەڵكوو بـە ئاشـكراو بـە پـەنهانی چـووە نیكـاحی لەگـەڵ ئافرەتێك بەسـتووە، بـەڵام ئـەوەی كـە مارەبەجاشـی بـە حـەڵاڵ دەرخسـتووە، ئـەوە فێڵـزان و لەخشـتەبارە، گاڵتـە بـە ئایەتەكانی خوا دەكات، بۆیە كەوتۆتە بەر نەفرەت و لەعنەتی خواوە.

حەفتەم: بابای میتعەكار ئافرەتەكەی بۆ خۆی دەوێت، هەر ئەمەشە نهێنی نیكـاح و مەبەسـتەكانی، بـەڵام بابای مارەبەجاشكار بۆخۆی ئەم كارە ناكات، بەڵكوو بۆ كەسێكی تره كـە ئـەیكات، ئەمـەش دژە بـە بنـەماكانی شەریعەت.

هەشتەم: فیتڕەتی ساغ و دڵی ساغ، ئـەو دڵـەی كـە جـەهل و چـاولێكەری تیـا بەرجەسـتە نـەبووبێت زۆر توووندو خێرا دەبەر مارەبەجاش ڕادەكات و لێی دەسڵەمێتەوە، بەڵام نیكاحی میتعە فیتڕەت و ئەقڵی سەلیم لێـی دوورناكەوێتەوە، ئەگەر وا نەبوایە ئەوە لە سەرەتای ئیسلام ڕێگەی پێ نەئەدرا.

نۆیەم: نیكاحی میتعە وەك ئەو ئەسپێك وایـە كـە بـۆ ماوەیـەك بـە كرێـی وەردەگریـت و پـاش پێكهێنـانی ئاتاجی خۆت دەستی لێ بەر ئەدەیت، بەڵام كاتێ كە مانـەوەی بـۆ دیـار دەكـەیت ئەوكاتـە لـە مەبەسـتی نیكـاح دوور دەكەوێتەوە، بەڵام نیكاحی مارەبەجاش، بەهیچ شتێك ناچێ و لەگـەڵ هـیچ شـتێك بـەراورد ناكرێـت، تـەنها

هەر ئەو وێکچواندنە نەبێت کە پێی چوێندراوە، ئەویش وێچواندنیەتی بە خوێنمژی یان بەو بزنە تەگەی کە بەکاری دێنێ و بەڕێی دەکات.

دەیەم: خوای پاکوبێگەرد کۆمەڵێك هۆکاری داناون، وەك کڕین و فرۆشتن و بەکرێهێنان و خۆ دەقەبەرکردن و نیکاح و.. هتد هەموو ئەوانە کۆمەڵێ هۆکارن بۆ پێداویستە جۆراو جۆرەکان، لەوانە: کڕین و فرۆشتن هۆکارە بۆ قازانجی هەردوولا، کرێداری هۆکارە بۆ قازاجی ماددی هەردوولا، نیکاح و ژن مارەبڕین هۆکارە بۆ داسەکنین و دامرکاندنی حەزی هەردوولا، بەڵام هەرچی مارەبەجاشە جگە لەوە کە پێچەوانەی شەریعەت و بەرنامەی خوایە، ڕێگەیەکیش نییە بۆ عیلاج، چون لەم ناوە تەنها ئافرەتەکە زەرەر دەکات بۆیە کارەکەی بە تەگەی بەکرێ گیراو سەیر کراوە، سەرباری ئەم پێکچواندنە سووکایەتیەکی زۆریش بە ئافرەتەکە دەکرێ و نامووسی دەبردرێ.

یازدەیەم: حاڵی ئەو کەسەی کە مارە بەجاش دەکات وەك حاڵی مونافیقێك وایە، چونکە مونافیق وا نیشان دەدات کەوا مسوڵمانە و پابەندە بە ئیسلام چ بە کردەوە چ لە ناخی خۆیدا، بەڵام لە ناخیدا پابەند نییە بەهیچ شتێکی ئەم دینەوە، مارەبەجاشیش وا نیشان ئەدرێت کە ئەمە زەواجە ئەنجامی ئەدرێت، واتە نیەتی نیکاحی هەیە، وانیشان ئەدات کە لە سەر ڕەزامەندی ئافرەتەکە ئەو کارەی ئەنجام داوە، بەڵام لە ناخیاندا شتێکی ترە، پیاوەکە نایەوێت کە ئەو ژنە بهێنێت و ژنەکەش نایەوێت شووی پێ بکات، وە ناشیانەوێ نەفەقەو خەرجی بکەوێتە نێوانیانەوە و هەق و هقوقەکانی نیکاح لە سەر خۆیاندا جێبەجێ بکەن. واتە پێچەوانەی ناخی خۆیان مامەڵە دەکەن. خواش لێرە هەقیقەتەکە دەزانێ و ژن و پیاوەکەش بە هەمان شێوە دەزانن کە کار بەم چەشنەیە.

دوزادەیەم: نیکاحی مارەبەجاش هەتا نە بە نیکاحی نەفامان و نە بە نیکاحی ئیسلامیش ناچێت، نەفامانی پێشوو لە مەسەلەی نیکاحدا کۆمەڵە شتێکی نابەجێیان لەگەڵی پەیوەست دەکرد و بە نیکاحی مارەبەجاشیش ڕازی نەبوون، بۆیە نەیاندەکرد! هەروەك لە "سەحیحی بوخاری"دا هاتووە کە لە "عوروەی کوڕی زوبەیر" دەگێڕنەوە کەوا "عائیشە" (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕۆژێ بە "عوروە"ی گوت: نیکاحی نەفامی چوار جۆر بوو؛ هەیانبوو وەك نیکاحی ئێستای خەڵکی وابوو، پیاوێك دەهات و داوای دەستی کچێکی لە پیاوێك یا لە وەلیەکەی دەکردو ئەوانیش ڕازی دەبوون و مارەی دەکرد، ئەوی تریان پیاوێك بە خێزانەکەی خۆی دەگوت: ئەگەر لە حەیز پاك بوویتەوە بە دوای فولان کەسدا بنێرە و داوای جیماع و سەرجێی لەگەڵدا بکە، جا مێردەکەی لێ دوور دەکەوتەوەو دەستێ لێ نەئەدا، تا ڕوون دەبووەوە کە لەکام پیاو دووگیان بووە! ئەوەیشی بۆیە دەکرد تاکو کوڕیان ببێت، ئەم نیکاحەش پێی دەگوترا نیکاحی ئیستیبزاع (نكاح الاستبضاع)، ئەوی تریان نزیکەی دە کەس کۆ دەبوونەوەو دەچوون لەگەڵ ئافرەتێك جیماعیان دەکرد، کاتێك کە ئافرەتەکە دووگیان دەبوو و منداڵەکەی دا ئەناو چەند شەوێکی پێ دەچوو، ئینجا دەینارد بە دوای هەر دە پیاوەکە، بۆیە

هیچ کامیان نەیاندەتوانی کە نەچن، تا دەچوون و لە لای کۆ دەبوونەوە، ئینجا پێی دەگوتن: ئێستا زانیتان کە چیم لێتان دەوێ؟ ئەوەتە منداڵەکە بووە، ئینجا بە یەکێکیانی دەگوت: فـولان کـەس بزانـە کـە ئـەو منداڵـە ئـی تۆیە جا چ ناوێکت پێ خۆشە لێی بنێ! ئەویش نەیدەتوانی کە ڕەتی بکاتەوە!! **نیکـاحی چـوارەم:** خـەڵکێکی زۆر کۆ دەبوونەوەو دەچوونە لای ئافرەتێك، ئەویش دەستی بە ڕووی بەهیچیان نـەدەهێنا تـا ڕەتیـان بکاتـەوە، واتە کەسی ڕەت نەئەکردەوە، ئەم جۆرە ئافرەتانە داوێـن پـیس و زیناکـار بـوون، لـە بەردەرگـەی مـاڵی خۆیـان ئاڵایەکیان هەڵدەکرد تاکو خەڵکی بزانن کە ئافرەتی ئەو ماڵە ئیشی لەشفرۆشـی دەکـات، هـەر کـەس بیویسـتایە دەچووە لای و لەگەڵی ڕادەبوێرا، کاتێ کە یەکێك لەوان سکی پڕ دەبوو و منداڵەکەی لە دایك دەبوو دەچـوو (بـە حسێبی خۆیان) کەسێ کە فیراسەی هەبوو و بە شوێنەوارەکانی ئەزانی، ئـەوانیش دەهـاتن و گومانیـان لـە سـەر کێ وەستابایەوە منداڵەکەیان دەکرد بە ملی ئەودا، ئەویش نەیدەتوانی کە بەرهەڵستی و لاملی بکات! کـاتێکیش کە خـوا پێغەمبـەری مـەزنی "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَم" بـە هـەق هـەنارد، ئـەم نیکاحـە نەفامییـەی شـکاندو هەڵوەشاندەوە، تەنها ئەو نیکاحەی هێشتەوە کە ئێستا هەیەو لە ئارادایە.

کەواتە؛ ئاشکرایە کە نیکاحی مارە بەجاش ئەو نیکاحە نییە کە پێغەمبـەری خـوا "صَلّی اللّٰهُ علیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَم"جێگیری کردو هێشتبێتیەوە، چونکە هەتا نەفامانی ئەوێ ڕۆژێش بـەم جـۆرە مارەبەجاشـە ڕازی نـەبوون. چونکە فیترەتی سەلیم و گەلانی پێشووش ڕقیان لەم کارە بووەو بە عەیبیان زانیوە.

## پێنجەم: هاوسەرگیری بە نیازی تەڵاق

هاوسەرگیری بە نیازی تەڵاق بریتییە لە هاوسەرگیرییکردنی پیاو لەگـەڵ ئافرەتێـك بـەپێی هـەموو مەرجـە شەرعییەکانەوە، بەڵام لەلایەن پیاوەکەوە نیەتی ئەوە هێنراوە کە ئەم هاوسـەرگیرییە کاتییـە بـۆ چـەند مانگێـك یان چەند ساڵێك، یان تا ئەو کاتەی خوێندنەکەی تەواو دەبێت! هەرکە ویستی تەلاقی ئەدات، بەبێ ئـەوە ژنەکـە بەو کەینوبەینەی ئەو پیاوە بزانێت!

هەڵبەت ئەم جۆرە نیکاحە لای زانایان جیگەی خیلاف و ناکۆکییە، لەوانە:

(١) قسەی جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەیە کە ئەم جـۆرە نیکاحـە درووسـتە، چـونکە هەموومەرجـەکانی هاوسەرگیری تیا مسۆگەرە.

(٢) قسەی دووەمیان ئەوەیە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پووچە و هیچ بایەخێکی نییـە، ئەمـەش قسـەی "ئەوزاعیی" و پاشینەکانە لە حەنبەلییەکان، هەروەك لیژنەی دائیمە بۆ لێکۆڵینەوەو فتوای شانشـینی سـەعوودی و شێخ "موحەممەد ڕەشید ریزا" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر ئەوەن کە ئەو کارە درووست نییە، بەڵگـەش ئەوەیە کە ئەم پیاوە نیەتێکی هەیە لـە ئەنجامـدانی ئـەو کـارەی، وەك پێغەمبـەر "صَلّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَعَلَی آلِهِ وسَلَّم"

دەفەرموێت: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ»[1] واتە: هەموو کردەوەیەك بە نیەتە، یانی ئەم پیاوە چۆتە نێو بازنەی زەواجی کاتییەوە وەك میتعە، یانی ئەو خۆی لەناخی خۆیدا نیازی تەلاقدانی ئەو ژنەی هەیە هەرکات کە خۆی حەزی کرد، بەبێ ئەوە ژنەکەی بەم مەرجە بزانێت، خۆ ئەگەر بیشزانێت ئەوە تەواو کارەکەیان بۆ ئەبێت بە میتعە، کە وەك زینا وایە.

(٣) ڕای سێیەم دەڵێت: ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە حەڕامە، چونکە لەسەر فێڵ و تەڵەکەبازی بونیاتنراوە، بەڵام گرێبەستەکەی درووستە، چونکە هەموو ئەحکامەکانی جێگەو خەرجی و میراتی تێدا مسۆگەرە. کە ئەمەش ڕای ئیمام شافعییە. ئەمەش حەڕامە چونکە لەسەر بنەمانی فێڵ و لەخشتەبردنەوە بونیاتنراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا﴾ ئەم جۆرە نیکاحەش جۆرێکە لە گاڵتەپێکردن و یاریکردن بە ئابڕووی کەسانی تر، چونکە ئەو ژنە بزانێت کە ئەم پیاوە نیازی ئەوەیە هەیە، چۆن ماڵی خۆی لەگەڵ ئەم پیاوە وێران دەکات؟ دواییش کە تەلاق درا، چەندە زەحمەتە تا کەسێکی تری بۆ ڕێك دەکەوێتەوە، تا شووی پێ بکاتەوە. یان ڕەنگە هەر لە ڕقان دانیشێ و قژی سپی خۆی بهۆنێتەوەو شووێکی ترە نەکاتەوە، یان باوکی ئەو ژنە یان وەلی ئەمری ژنەکە چۆن بەوە ڕازی دەبێت کە یاری بەکەرامەت و ئابڕوویان بکرێت؟!!

بۆیە کۆمەڵێك لە زانایان فتوای حەڕامێتیان لەو بارەوە داوە، لەوانە (کۆڕی فیقهی ئیسلامی) و هێندێ لەزانا هاوچەرخەکان، وەك شێخ "عوسێمین" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هۆکاری حەڕامێتیشیان ئەوەیە:

(١) فێڵ و لەخشتەبردنی ئافرەتەکەو وەلی ئەمری ئافرەتەکەیە.

(٢) یاریکردنە بە گرێبەستەی هاوسەرگیری، لەکاتێکدا خوا دەفەرموێت: ﴿وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا﴾ (النساء: ٢١) واتە: ئەوانیش پەیمانێکی قایم و ئەستووریان لێوەرگرتوون، واتە: نیکاح و مارەکراون بۆتان.

(٣) نزیکە لەکاری میتعەوە، لە هەندێ ڕووەوە.

(٤) وێنەیەکی ناشیرینی ئیسلام پێشکەش بە بێباوەڕان دەکرێت، بەتایبەت ئەوانەی کە لەوڵاتانی کوفر، ژن بەنیازی تەلاقدان لەخەڵکانی ئەو وڵاتە دەخوازان.

بۆیە "ئیمام مالیك" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وتویەتی: (ليس هذا من أخلاق الناس)[2] یانی ئەمە لەخوڕەوشتی مرۆڤەکان نییە.

هەروەها (کۆڕی فیقهی ئیسلامی) کە لقێکە لە پەیوەندیی زانایانی ئیسلامی، لە خولی هەژدەدا لە بڕیاری پێنجدا لە ڕۆژی ١٤٢٧/٣/١٢ ڕایانگەیاند: کە ئەمە دەقەکەیەتی: 'هاوسەرگیری بە نیازی تەڵاق ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هەموو مەرج و ڕوکنەکانی نیکاحی تیا جێگیرە، بەڵام پیاوەکە لە ناخی خۆیدا بەنیەتی تەڵاق ئەوژنە دەهێنێت، جا بۆ دە ڕۆژە، یاخود دیار نییە، وەك ئەوەی کە بۆ نموونە: کەی دیراسەو خوێندنەکەی

---

(١) أخرجه البخاري /١ ومسلم ١٩٠٧/١٥٥

(٢) شرح مسلم للنووي ١٨٢/٩

تەواوبوو، ئەودەم دەستبەرداری ژنەکەی دەبێت و تەڵاقی دەدات. دیارە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هەرچەندە کە هەندێ لە زانایان بەدروستییان زانیوە، بەڵام (کۆڕی فیقهیی) ڕێگری لەم کارە دەکات، چونکە هاوسەرگیرییەکە لەسەر بنەمانی فێڵ و درۆوە بونیاتنراوە، چونکە ئەگەر وەلی ئەمری ئەو ژنە بەو کەینوبەینەی پیاوەکەی بزانیایە، ئەوە بەم عەقدە ڕازی نەدەبوو. بۆیە ئەم کارەی خراپەی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئابڕووی مسوڵمانان لەکەدار دەکات.

**ئایا ئەگەر ژنەکە بە نیازی پیاوەکەی زانی، ئایا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە درووستە؟**

دەڵێین: هێدێك کەس دەڵێن: ئەگەر ژنەکە بەم نیازە بزانێت بەڵام لە عەقدەکە ئەوە نەنووسرێت، ئەوە مەکرووهە و حەرام نابێت، بەڵام دەڵێین: نەخێر ئەوە حەرامە، چونکە کارێکە زۆر لە میتعەوە نزیکە، هەروەك گاڵتەکردنیشە بە نیکاح لەلایەن هەردوولاوە.

## شەشەم: هاوسەرگیری خاوەن کتێبەکان (أهل الکتاب) و موشریکەکان

لە بنەڕەتدا ئەمە جۆرێکی تر نییە لەهاوسەرگیری، بۆیە لێرە زیاتر قسەمان لەسەر شەرعێتی و ناشەرعێتییەکەیەتی، دەنا هەموو مەرجەکانی نیکاحی تیا بەرجەستەدەبێت لەهەموو ڕووەکانی تری هاوسەرگیری شەرعییەوە. بۆیە لێرە تەنها قسە لەسەر درووستی و نادروێستییەکەی دەکەین.

خوای گەورە دەفەرموێت:

(١) ﴿وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُولَٰئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ (البقرة: ٢٢١). واتە: ئافرەتانی موشریك و خواناس مارە مەکەن هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، بێگومان کەنیزەکێکی ئیماندار چاکترە لە ئافرەتێکی موشریك و خوانەناس، هەرچەندە (جوانییەکەی، یان سامانەکەی، یان پلەوپایەکەی) سەرسامی کردبن و ژن مارە مەبڕن لە پیاوانی موشریك و خوانەناس هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، بەڕاستی بەندەیەکی ئیماندار چاکترە لە موشریك و خوانەناسێك، هەرچەندە سەرسامی کردبن (قەدو قیافەو پلەوپایەو سامانەکەی)، ئائەو خوانەناسانە بانگەوازی مەردوم دەکەن بەرەو دۆزەخ، خوایش بانگهێشتی مەردومان دەکات بەرەو بەهەشت و لێخۆشبوون بە فەرمان و ئیزنی خۆی (کە گوێڕایەڵی ڕێبازەکەیەتی) و خوا ئایەتەکانی (قورئانەکەی) بەروونی دەخاتە بەرچاو بۆ خەڵکی، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێبگەن.

مەبەستی موشریك لێرە بتپەرستەکانە، ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیوە. وەك هیندۆدسەکان و بودییەکان و شیوعییەکان ... هتد.

قسەی زانایان لەبارەی ئەو ئایەتەوە:

"ئیمام ئیبنوجەریری تەبەری" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەی (٣٦٣/٤) بە سەنەدێکی چاك لە "قەتادە" دەگێڕێتەوە، کە لەبارەی ئایەتی ﴿وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ گوتویەتی: مەبەستی ئافرەتە موشریکەکانی عەرەبە کە هیچ کتێبی ئاسمانییان نییە بۆ خوێندنەوەی.

لێرەدا تەنها ئەو ئافرەتانە ریزپەرن کە خاوەن کتێبی ئاسمانین، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ (المائدة: ٥).

"ئیبنوکەسیر" لە تەفسیرەکەیدا (٤٧٤/١) دەڵێت: ئەم حەڕامێتییە لای خواوەیە کە درووست نییە بۆ بڕواداران کە ئافرەتانی موشریکە بخوازن، ئەوانەی کە بتپەرستی دەکەن، ئەمەش هەتا ئافرەتە موشریکەکانی ئەهلی کتێبیش دەگرێتەوە، تەنها ئافرەتانی ئەهلی کتێب نەبێت کە خوا ئاماژەی پێداون دەفەرموێت: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ﴾ (المائدة: ٥). واتە: وە ژنانی ئیماندارو داوێنپاك و (حوڕ) و ئازادیشتان بۆحەلاڵە، هەروەها ئەو ژنەداوێنپاکانەش کە لەپێش ئێوە کتێب و نامەیان پێدراوە (لەو جوولەکە و گاورانە) بڕوایان بەتەورات و ئینجیل هەیە، بەمەرجێ مارەییەکانیان بدەنێ و ئێوەش وەکو ئەوان داوێنپاك بن، و شەرواڵ پیس و زیناکار نەبن

"عەلی کوڕی تەڵحە" لە "ئیبنوعەبباس" دەگێڕێتەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) کە لەبارەی ئایەتی ﴿وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ فەرموویەتی: ئەم ڕیزپەرییە تەنها بۆ ئافرەتانی ئەهلی کتێبە. بەهەمان شێوە "موجاهید" و "عیکرمە" و "سەعیدی کوری جوبەیر" و "مەکحوول" و "حەسەن" و "زەحاك" و "زەیدی کوری ئەسلەمە" و "ڕەبیعی کوڕی ئەنەس" و غەیرزە ئەوان، وایان فەرمووە.

(٢) ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾ (الممتحنة: ١٠). واتە: ئێوەش ژنە کافرەکان رامەگرن.

"ئیبنوکەسیر" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەی (٩٤/٨)دا دەڵێت: ئەمە لای خواوە حەرامکراوە کە بابای بڕوادار هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتە موشریکەکان بکات و بەردەوام بێت لەگەڵیان.

"مەروانی کوڕی حەکەم" دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" پەیمانی لەگەڵ کافرەکانی قوریش بەست لە ڕۆژی حودەیبیەدا، ئافرەتانی بڕوادار هاتنە لای پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" ئینجا خوا ئایەتی دابەزاند و فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ﴾ (الممتحنة: ١٠). واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ژنە باوەڕدارەکان کە لەمەککەوە کۆچیان کرد بۆلای ئێوە لە مەدینە جا بۆخۆتان تاقییان بکەنەوە، بزانن راست ئەکەن لەبڕواکەیاندا؟ تا فەرمووی: ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ

﴿الْكَوَافِرِ﴾ "عومەری کوڕی خـەتتاب" لـەو ڕۆژەدا دووژنـی تـەڵاق دا، یـەکیان شـوویکردەوە بـە "موعاویـەی کـوڕی ئەبووسوفیان" و ئەویتر بە "سوفیانی کوڕی ئومەییە"ی کردەوە. [1]

ئەوانەی باسکران لەهەمبەر ئافرەتانی موشریك بوو، کە هیچ پەیامێکی ئاسمانییان بۆ نەهاتووە.

بەڵام لەدەرهەق ئافرەتە جوولەکەو دیانەکان، ئەوە خوای گەورە ئەوانی بەتایبـەت کـردووە لـەناو تـەواوی موشریکەکان و کافرەکان، یانی درووستە کە هاوسەرگیریان لەگەڵ بکرێت ئەویش بەمەرجی پاکی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ وَمَنْ يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ (المائدة: ٥). واتـە: لـەمڕۆوە هەرچـی خـۆراکی چـاك و پاکـە بۆتان حەڵاڵ کـراوە و خـواردنی ئەوانـەی کـە کتـێبی ئاسمانیـان پێـدراوە بۆتـان حەڵاڵـە، خواردەمـەنی ئێـوەش حەڵاڵە بۆ ئەوان، ئافرەتانی داوێن پاك لە ئیمانداران و ئافرەتانی داوێن پاك لەوانەی کتێبیان پێدراوە پێش ئێـوە (بۆتـان حەڵاڵـە) کاتێـك مارەییـان پێبـدەن، بەمـەرجێك ئێـوە پـاك داوێـن بـن و داوێـن پـیس نـەبن بەئاشـکراو دوورەپەرێز بن لە دۆستگرتنی نهێنی بۆ داوێنپیسی، جا ئەوەی بێباوەڕ بێت بەشەرعی خواو لەم حەرامانـە خـۆی نەپارێزێت، ئەوە ئیتر کارو کردەوە چاکەکانیشی پـووچ دەبێتـەوە و ئـەو جـۆرە کەسـانە لـە قیامەتـدا لـە ڕیـزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندو دۆڕاوەکاندان.

کەواتـە بـەپێی ئایـەتی ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ ئافرەتـانی ئـەهلی کتێـب بـۆ ئێمـە حـەڵاڵن. مەبەستیش لە (إحصان) بریتییە لەپاکی لە زینا، یانی بەومەرجە زیناکار نەبن.

بۆیە دەبینین کە هێندێ لە یارانی پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ هەنـدێ لە ئافرەتانی ئەهلی کتێب کرد. هەروەك "شەقیقی کـوڕی سـەلەمە" (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەڵێـت: "حوزەیفـە" ئافرەتێکی جوولەکەی مارەکرد، "عومەر"یش بۆی نووسی هەرئێسـتا دەسـتبەرداری ببـە! ئـەویش بـۆی نووسـی ئایا وا دەزانیت کە ئەم کـارە حەڕامـە، تـا وازی لـێ بهێـنم؟ "عومـەر"یش وەڵامـی دایـەوە نـەخێر مـن نـاڵێم کـە حەڕامە، بەڵام لەوە دەترسم کە خوو بەوجۆرە ئافرەتانەوە بگرن کە زیناکاربوونە! [2]

"عامری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی نەستاس" دەڵێت: "تەڵحـەی کـوڕی عوبەیـدوڵڵا" کچـی پیـاوێکی نـاوداری جوولەکەی هێنا، "عومەر" کە ئەوەی زانی هانیدا تا پێی تەڵاقدا! [3]

---

(١) رواه البخاري (٢٧٣١، ٢٧٣٢)

(٢) رواه ابن جرير في تفسيره (٤٢٢٣) ، وقال عنه ابن كثير في تفسيره (٤٧٥/٣) : إسناد صحيح

(٣) رواه عبدالرزاق في المصنف (١٠٠٥٩)

"ئیبنوجەریر" لەسەر ئەم هەڵوێستەی عومەر ئەدوێ کە لەئاست و "تەڵحە" و "حوزەیفە"دا هەیبوو، دەڵێت: عومەر بۆیە وای کرد بۆ ئەوە خەڵکی فێری ئەم کارە نەبن و خەریکی مارەکردنی جوولەکەو دیانەکان بن و پشتیش لە ئافرەتانی مسوڵمان بکەن و بەبێ شووکردن بمێننەوە.

**پوختەی قسان لەوبارەوە دەڵێین:**

(١) درووست نییە ئافرەتێك بخوازیت کە موشریکەو هیچ دینێکی نییە، لە دینە ئاسمانییەکان نییە.

(٢) درووستە کە هاوسەرگیری لەگەڵ جولەکە یاخود دیاناندا بکەیت، ئەویش بەپێی کتێبی خوا ئەم کارە ڕێگەی پێدراوە.

(٣) بەمەرجێك دەتوانیت کە ئافرەتانی ئەهلی کتێب بهێنیت کە پاك بن و فێری زینا نەبووبن، ئەمەش ڕای جەماوەری مسوڵمانانە.

(٤) سابت بووە کە هاوەڵانی پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" کچانی ئەهلی کتێبیان خواستوە، وە "عومەر" کە ناڕازی بووە هەر لەبەر ئەوەبووە، کە خەڵکی بەهۆی ئەو ئافرەتانەوە دەستبەرداری ئافرەتانی مسوڵمان ببن. (الله اعلم).

## حەفتەم: ژنبەژنی (الشغار)

جۆرێکی تر لە هاوسەرگیری ژنبەژنییە کە پێی دەگوترێت (الشغار).

**تاریفی (الشغار):**

شیغار جۆرێکبوو لە نیکاحی سەردەمی نەفامی کە بریتبوو لە هاوسەرگیریکردنی پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بەمەرجی ئەوە لەوبەر پیاوێکی تر هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی تری ئەوبەرەوە بکات، بەبێ بوونی مارەیی، بۆ نموونە ژنێك ئەدرا بە پیاوێك لە گوندێك بەومەرجە ئەهلی ئەو گوندە ژنێك لە بەرامبەر ئەوە بدەن بە کەسێکی تر لە گوندی ئافرەتەکە، هەریەك لە ژنەکانیش دەبوون بە مارەیی یەکتر! ! یاخود ئەمە لە نێوان دووم ماڵدا ڕووی دەدا، ماڵێك کچەکەی خۆیان ئەدا بە ماڵەکەی تر، ئەو ماڵیش کچی خۆی ئەدا بەمان، هەردوو ژنەکەش دەبوون بە مارەیی یەکتر، بۆیە ئەگەر لایەکیان ژنەکەیان تەلاق بدایە، ئەوە لاکەی تریش ژنەکەی تەڵاق ئەدایەوە ! !

بۆیە لەڕووی زاراوەی شەرعییەوە شیغار؛ بریتییە لەوە کە پیاو خۆشکی خۆی یان کچی خۆی بدات بە کوڕی ماڵێکەوە بۆ هاوسەرگیری، پیاوی ئەو ماڵەش یان وەلی ئەمری ئەو ماڵە کچێکی خۆی یان خوشکێکی خۆی ئەداتەوە بە کوڕی ماڵەکەی تر بۆ هاوسەرگیری، بۆ ئەمەش هەریەك لە ژنەکان ئەبن بەمارەیی یەکتر! ! ئەمەش تاریفی حەنبەلییەکان و مالیکییەکان و حەنەفییەکانە بۆ شیغار.

هەڵبەت ئەم کارە بە ناشەرعی دانراوە، وە پێغەمبەری خوا "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" نەهی لەکردنی کردووە، هەروەك فەرموویەتی: «لَا شِغَارَ فِي الْإِسْلَامِ»[1] واتە: ژنبەژنی لە ئیسلامدا نییە. هەروەها "جابری کوڕی عەبدوڵڵا" (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: «نَهَى رَسُولُ اللَّهِ "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" عَنِ الشِّغَارِ»[2] یانی: پێغەمبەر "صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم" بەرهەڵستی لە ژنبەژنی کردووە.

زانایان سەبارەت بەم جۆرە هاوسەرگیرییە: پشتیان بەم دووفەرموودەیە بەستووە بۆ پووچکردنەوەی ژنبەژنی، هەروەك لە پێشدا باسمان کرد.

## هۆکاری درووستنەبونی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە:

زانایان ناکۆکن لەسەر هۆکاری بەرهەڵستیکردن لەم جۆرە هاوسەرگیرییە، هەیە دەڵێت: بریتییە لە وەقفکردن و بەمەرجکردنی کارەکەیان، وەك بڵێیت، گرێبەستەی هاوسەرگیری کچەکەم لەگەڵ تۆدا ناکەم، تا تۆ گرێبەستەی کچەکەی خۆتم بۆ نەکەیت. هەیشە دەڵێت: هۆکاری بەرهەڵستیکردنەکە ئەوەیە کە هەریەك لە کچەکان دەبن بە مارەیی ئەوی تریان! لێرەدا زوڵم لەهەریەك لە ئافرەتەکان دەکرێت، بەوەی کە هەریەکەیان لە مارەییەکایانا بێبەش دەبن.

## هەشتەم: شوکردن بە کەسانی بێباوەڕ

ئاشکرایە کە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسانی بێباوەڕو دژ بەئیسلام درووست نییە، وە ئەوانەیش کە شوویان کردووە بەکەسانی باوەڕنەبوو بەخواوە، یاخود بە مورتەدد ەوە، ئەوە تەلاقەکەیان هەڵدەوشێتەوە، وە حەڕامیشە کە ئەو ژنە بەدیار ئەو پیاوەوە دابنشێت.

ئەم باسەش کەمێك وردەکاری تیایە، بۆیە سەرنجتان بۆ ئەو وردەکارییە ڕادەکێشم، تا بتوانین لە ڕووی شەرعەوە ئەم باسە هەڵسەنگێنین، دەڵێین:

---

(١) رواه مسلم عن ابن عمر، ورواه ابن ماجه من حديث أنس بن مالك / (صحيح) انظر حديث رقم: ٧١٦٨ في صحيح الجامع

(٢) إرواء الغليل" ٦/٣٠٥

ئەگەر پیاو لە ئیسلام پاشگەز بووەوە، بۆ نموونە کوفری کرد، یاخود سوکایەتی بەپێغەمبەر کردو جنێوی پێدا، یاخود نکوڵی لەدین کرد، ئەوە ئەگەر ئەم پیاوە ژنەکەی مارکردبێت بەلام هێشتا دخولی لەگەڵ نەکردبێت، ئەوە یەکسەر نیکاحەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

"ئبنوقودامە" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر یەکێك لە ژن و پیاوەکە پێش دخوول لە ئیسلام پاشگەز بووەوە، ئەوە نیکاحەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە، ئەمەش ڕای گشتیی زانایانە، تەنها لە "داوود" دەگێڕنەوە کەوا نیکاحەکەی بەتاڵ نابێتەوە، واتە نیکاحەکەی هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، ئەمەش دەڵێین ڕاستیەکەی ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾ (الممتحنة: ١٠). هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾ (الممتحنة: ١٠). واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ژنە باوەڕدارەکان کە لەمەککەوە کۆچیان کرد بۆلای ئێوە لە مەدینە جا بۆخۆتان تاقییان بکەنەوە، بزانن ڕاست ئەکەن لەبڕواکەیاندا؟ بۆیە بە هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام ئەوە نیکاحەکە بەتاڵ دەبێتەوە.[1]

بەلام ئەگەر هەڵگەڕانەوەکەی دوای دخول بێت یانی دوای گواستنەوەی و جیماعکردن لەگەڵی، ئەوە پرسیارێك دێتە پێش، ئەویش ئایا یەکسەر لەیەك جیا دەکرێنەوە، یاخود ڕادەوەستن تاکوو عیددەی تەواو دەبێت؟ لێرەدا خیلاف هەیە لە نێوان فەقیهەکان:

لە مەزهەبی شافعی، وە لای حەنبەلییەکانیش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو کەسە پێش ئەوە عیددەی ژنەکەی تەواو بێت و تۆبەی کردو گەڕایەوە ناو ئیسلام، ئەوە نیکاحەکەی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، وەلێ ئەگەر عیددەکەی تەواوبوو پێش ئەوە پەشیمان ببێتەوەو بگەڕێتەوە ناو ئیسلام ئەوە لەیەك جیا دەکرێنەوە، وە ناشبێتەوە ژنی تاکوو جارێکی تر بەعەقدێکی نوێ مارە نەکرێتەوە.

مەزهەبی حەنەفییەکان و مالیکییەکان پێیان وایە عیددەو میددە لە گۆڕێ نییە، بەڵکوو هەرکە لە ئیسلام پاشگەز بووەوە ئەوە یەکسەر نیکاحەکەی بەتاڵ دەبێتەوە[2] .

هەندێ لە ئەهلی عیلمیش پێیان وایە ئەگەر دوای تەواو بوونی عیددە ئەو کەسە تۆبەی کرد، ئەوە بۆی هەیە بچێتەوە لای ژنەکەی، ئەویش بەو مەرجە

ئەگەر ژنەکە ڕازی بوو و شووی بەکەسی تر نەکردبێتەوە.[3]

هەروەها شێخ "عوسێمین" دەڵێت: ئەگەر پیاو نوێژی تەرك كرد ئەوە لە سێ حاڵەت بەدەر نییە:

---

(١) المغني (١٣٣/٧)

(٢) "المغني" (١٣٣/٧) ، "الموسوعة الفقهية" (١٩٨/٢٢) ، "الإنصاف" (٢١٦/٨) ، "كشاف القناع" (١٢١/٥) ، "تحفة المحتاج" (٣٢٨/٧ ) ، "الفتاوى الهندية" (٣٣٩/١) ، "حاشية الدسوقي" (٢٧٠/٢)

(٣) "فتاوى أركان الإسلام" للشيخ ابن عثيمين ص ٢٧٩ ، وجواب السؤال رقم (٢١٦٩٠)

**حاڵەتی یەکەم**: ئەگەر ئەو نوێژ تەرککردنەی لە پێش بەستنی عەقدی نیکاحەوە بێت، ئەوە ئەوە ژنە بۆی نییە کە شووی پێ بکات.

**حاڵەتی دووەم**: ئەگەر دوای عەقدی نیکاح و پێش جیماعکردن یان کۆبوونەوەیان بێت بە تەنها، وازی لە نوێژ هێنابێت، ئەوە یەکسەر نیکاحەکەی هەڵدەوەشێتەوە!

**حاڵەتی سێیەم**: ئەگەر وازهێنانەکەی لە نوێژ دوای دخوول بووبێت، ئەوە دەوەستێتەوە سەر تەواوبوونی عیددەکەی، ئەگەر تۆبەی کرد پێش تەواوبوونی عیددەکەی ئەوە هەر ژنی خۆیەتی و لەگەڵی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەی نەکرد، ئەگەر ژنەکەی لە عیددە تەواوبوو، ئەوە نیکاحەکەی هەڵدەوەشێتەوە (خوا پەنامان بدات)[1] .

هەروەها هەڵوەشانەوەی نیکاح بەهۆی پاشگەزبوونەوە لە دین لای جەماوەری فوقەهایان بە تەڵاق حسێب نییە، هەروەك لە (الموسوعة الفقهية ٣٤/٧) دەڵێت: ئەگەر یەکێکیان لە دین پاشگەزبووەوە، ئەمە ئەگەر پێش دخوول بوو، ئەوە نیکاحەکەی هەڵدەوەشێتەوە، وە هیچیان نابن بە میراتگری هیچ کامیان. وە ئەگەر لەدوای دخوولەوە بێت، ئەوە "ئیمام شافعی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لەیەك دوور دەخرێنەوە، تا عیددەی ئافرەتەکە تەواو دەبێت، ئەگەر گەڕایەوە ناو ئیسلام، پێش تەواوبوونی عیددەکە، ئەوە هەر ژن و مێردی یەکترن، بەڵام ئەگەر نەگەڕایەوە ناو ئیسلام ئەوە نیکاحەکە هەڵدەوەشێتەوە بەبێ تەڵاق.

هەروەها "ئەبووحەنیفە" و "ئەبوویووسف" وە لە ڕیوایەتێکی حەنبەلییەکاندا، هاتووە دەڵێت: ئەگەر هەر کامیان لە دین هەڵگەڕانەوە، ئەوە یەکسەر نیکاحەکە هەڵدەوشێتەوە، بەڵام ژمارەی تەڵاقەکان هیچی لێ کەم نابێتەوە، جا ئەگەر ئەو پاشگەزبوونەوە پێش دخوول یان دوای بووبێت.

"مالیکییەکان" دەڵێن: کە ئەمەش قسەی "موحەممەدی کوڕی حەنیفە"یە، دەڵێت: ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان لە ئیسلام پاشگەز بووەوە، ئەوە نیکاحەکەی هەڵدوەشێتەوە بە تەڵاقی بائن!

## ئیسلام و مەسەلەی چەندژنی (تعدد الزوجات)

مەسەلەی چەندژنە (التعدد) باسێکی ترە لە هاوسەرگیری، کە ئیسلام و بەرنامەی خوا وەك حیکمەتێکی تری ئەم دینە وایە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی خێزانەکان، کە حەیفێ خەڵکی هێندە دەڕواننە لایەنە سۆزدارییەکانەوە کەمتر ئاوڕ لە حیکمەت و گەورەیی ئەم نیعمەتەی خوا ئەدەنەوە، کە چەندە کەڵکو سوودی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیمان هەیە.

بۆیە دەڵێین کاتێ کە خوا چوارژنە بۆپیاو حەڵاڵ ئەکات، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەندەکان هەڕەمەکی ئەم کارە وەربگرن، تا هێندێکێك پێیەوە گیرۆدە ببن و هێندێکیش پێیەوە خەنی ببن، بەڵکوو ئەم باسەش وەك باقی باسەکانی تر پەیوەستە بەچەند شەرت و مەرجێکەوە، بۆیە لەمەرجەکانی ئەم کارە بوونی توانای

---

(١) فتاوى نور علی الدرب

جەستەیی و داراییەوە، وە ئەو کەسە لەخۆی نەترسێت کە مەیل بەلای یەکێیاندا بکات و ئەوی تر فەرامۆش بکات، یان لەگەڵ یەکێکیان ساغ و بێخەوش بێت لەگەڵ ئەوی تریان ناڕاست و نادادگەر بێت! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ (النساء: ٣). یانی ئەگەر پیاو لەخۆی ڕابینی کە لەڕووی جەستەیی و داراییەوە بتوانێت بەیەکسانی و دادگەری لەگەڵ هەمووان هەڵسوکەوت بکات، ئەوە ئەو کارەی بۆ درووستە. بەڵام ئەگەر لەسەر یارمەتی و خۆشویستنی لایەکیان بەسەر ئەویتریاندا خۆی دۆزیەوە ئەوە بێگومان هەنگاوێکی خراپی گرتووە بۆ هاورنی ژنی دووەم یان سێیەم یاخود چوارەم! یان پێشتر لەخۆی ڕا نەئەدیت کە چەند ژنەی هەبێت، یاخود زانی ئەگەر ئەو کارە بکات ژنی یەکەمی هەستی دەرووشێ و سوۆزو ئەوینی لەدەست دەردەچێ، ئەگەر لەو کاتەدا ئەو پیاوە موراعاتی ئەو هەستەی ژنەی یەکەم بکات، ئەوە بەتەئکید پاداشتی لەسەر وەردەگرێت ئەگەر ژنی تر نەهێنێت. بەڵام ئەوەش نالێین کەوا چەندژنە خراپەکانی خرابترن لە چاکەکانی بەو مانایە کە ماڵ تێك ئەدات و پشێوی دەخاتە نێوان ئەو خێزانەوە! منداڵەکانی سەرگەردان و بێنەوا دەبن، چونکە شەرع باشتر لەوبارەوە شارەزاترە لەوە ئێمە عەتف و سۆزی خۆمان بۆ باسەکە بکەینە پێوەری ڕاستی و ناڕاستی شتەکان. بەڵێ بێگومان ئەوە دەزانین کە هێندێ جار ئەو حاڵەتی پشێویە لەنێوان خێزانەکانمان درووست دەبێت، بەڵام ئەمە دەگمەنە مەرج نییە لە هەموو ماڵێك ئەو پشێویە سەرهەڵبدات. تەنها ئەوەی هەیە ئافرەتەکانمان دووچاری غیرە دەبن، کە ئەمەش شتێکی سرووشتییە، هەمووکەس جۆرێك لە غیرەی هەیە، بەتایبەت ئافرەتەکانمان، بۆیە هەتا لەنێو دایکانی بڕواداریش دەبینین کە ئەو غیرەیان هەبووە! دیارە هەر ئەو کارەش لەشەرعدا بەتەنها جێگەی تەکلیف و ماندووبوون نییە، بەڵکوو تەواوی بەندایەتییەکانیش لای هەندێکان زۆر ئاسان پەیڕەو دەکرێن، لای هێندێکیش قورسەو جێبەجێ ناکرێن! بەڵام هەموو ئەمانە هەرخوا خۆی حیکمەت و نهێنییەکەی دەزانێت، بۆیە فەرمووی: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الملك: ١٤). واتە: مەگەر خوا نازانێ کێی دروستکردووەو چۆنی دروستکردووە لەکاتێکدا زۆر وردبین و بە ئاگایە؟ پاشان ئەو غیرەو پڕکێشییە لە ژنێکەوە بۆ ژنێکی تر دەگۆڕێت، ئافرەت هەیە هیچ بەرهەڵستییەکی نییە بۆ ئەوکارە، هەتا ئی واهەبووە خۆی چۆتە داخوازی بۆ مێردەکەی خۆی، چونکە زانیویەتی کە هاوردنی ژنی دووەم چەندە لە بەرژەوەندی پیاوەکەیە دوو هەندە لە بەرژەوەندی خۆیەتی... هەیشە بەخەو بزانێت مێردەکەی نیازی ژنهێنانێکی تری هەیە، ئەوە قیامەت هەڵدەسێنێت!!

## حیکمەت و بەرژەوەندییەکانی چەندژنە

وەك باسمانکرد کە چەندژنە بەرژەوەندی و حیکمەتی زۆری هەیە، ئەنا خوای گەورە بە درووستی دانەدەنا، لەو حکیمەت و بەرژوەندییانەش ئەمانەی خوارەوەن:

(١) ئیسلام زینای حەرام کردووە، وە زۆر بەتووندیش ئەو حەرامێتییەی ڕاگەیاندووە، چونکە مەفسەدەو خراپەیەکی زۆری پێیوەیە، ئیسلامیش کاتێك کە زینا حەرام دەکات، دەرگەیەکی تری بۆ بەندەکان خستۆتە

سەرپشت کە شەرعییەو هەمان ڕۆلی جیماع و ئەسوودەیی و ڕەحەتبوون دەبینێت بەڵام بە شێوەیەکی شەرعیی، ئەویش ژنهێنانە، وە ڕێگەی بەچەندژنە داوە لەهەموو سات و وەختێکدا، بۆیە ڕێگریکردن لەوکارە زوڵمە لە ئافرەت پیاو دەکرێت، بەڵکوو ڕێگریکردن دەرگای زیناو دامێنپیسی دەخاتە سەرپشت، چونکە ژمارەی ئافرەتان بەردەوام لەهەموو سات و وەختێدا زۆر زیاترە لە پیاو، بەتایبەت لەکاتی شەڕو دەستەویەخەکاندا، کە هەر پیاوە لەبەرەی جەنگەو ژیانیان لەمەترسییە، لە کوشتن و یەخسیرکردنیان لەلایەن دوژمنانەوە هەندەی تر ژمارەی پیاوان کەم ئەبێتەوەو هی ژنان زیاد دەکات، بۆیە لەبەرامبەر هێنانی یەك ژن، چەندین ژنی تر زوڵمی لێدەکرێ و بێشوو دەمێنێتەوە ! ئەمەش وا لە ئافرەتان دەکات، کە ناچاربن خۆ بدەنە دەست زیناو دامێن پیسییەوە، ئەویش نەك هەرلەبەر لایەنە جنسیەکەی بەڵکوو زۆربەی جار لەبەر بێنەواویی و برسێتی و دەستکورتیان، کە دەبینیت زۆربەی پیاوەکانیان لەشەڕدا کوژراون، ئەوانیش بێ پیاوە پارێزەری سەریان ئەبێت ژیان بەرنەسەر، بۆیە بۆ بژێوی ژیانیان و بەخێوکردنی منداڵەکانیان زۆر ناچار بەو لەشفرۆشییە دەبن ! ! بەمەش زیاتر کەمبوونەی نەوەی نوێ و بەزایەچوونی هەڵی وەچەنانەوە سەرهەڵئەدات.

(٢) هاوسەرگیری تەنها خۆشی جەستەیی نییە بە تەنها، بەڵکوو بریتییە لە ڕاحەت و سوکنایی، جگە لە نیعمەتەکانی منداڵ، منداڵیش لە ئیسلامدا وەك شتەکانی تر نییە لە سیستەمەکانی سەر زەوی، بەڵکوو دایکوو باوك لەو کاتەدا گەورتین حەقیان دەکەوێتە سەر منداڵەکانیان، ئەگەر ئافرەت منداڵی بوو، وە هەڵسا بە پێگەیاندن و تێگەیاندنیان و پەروەردەکردنیان، ئەوە دەبن بە گلێنەی چاوو گەشەی چاوەکانیان، جا بزانە کامەیان باشترە بۆ ئافرەت، ئایا لەژێر سایەی پیاوێك بچێت تا بەرگری و پارێزگاری لێبکرێت، بەهۆی ئەمەوە منداڵ و وەچەی لێ پەیا بێت، یاخود بەتەنها لە گۆشەیەك ترۆ ببێ و کەس لای بەلادا نەکات و ئاوڕی لێ نەداتەوە ؟ ! !

(٣) ڕوانگەی ئیسلام دادگەرو یەکسانە بۆ هەمووان، ئیسلام بەیەك چاو سەیری هەموو ئافرەتێك دەکات، ڕوانگەی یەکسان پێمان دەڵێت: هەردەبێت بەچاوی یەکسانی سەیری هەموو ئافرەتێك بکرێت، ئەگەریش وابوو، دەی تاوانی ئەو قەیرە ژنانە چییە کە تا ئێستا نەچوونەتە قسمەتیان هەڵنەستاوە و پیاوان نەهاتوون بۆ داخوازیان؟ ! ئەی بۆ بەچاوی سۆزو ئەوین سەیری ئەو ئافرەتانە نەکەین کە مێردەکانیان مردوون و بە بێوەژنی ماونەتەوە؟ لەکاتێکدا هێشتا گەنجن و هەردەبێت چاوەڕێی پیری و مردنی خۆیان بکەن؟ دیسان دەڵێمەوە کامەیان باشترە، ئایا ئافرەت لە ژێر سایەی مێردەکەی خۆی ئاسوودەو بەخۆشی ژیان بگوزەرێنێت، یاخود بێکەس و تەنها بێ پەناو پەسیو چاوی لەدەستی خەڵکی بێت، یان لە ناچاری تووشی زیناو خراپەکاری بێت (خوا پەنامان بدات). دەی کامە باشترە، ئایا پیاو دووژن یان سێ یان چواری هەبێت، یاخود یەك ژن و دەیان ئەشقی هەبێت؟ ! !

(٤) ئاشکرایە کە چەندژنە (التعدد) واجب نییە، زۆر لە مسوڵمانە پیاوەکان تەنها ژنێکیان هەیە، ئەگەر تەنها ژنێك بۆ ئەوپیاوە بەسە، وە تواناو دەسەڵاتی بەخێرکردنی چەند ژنی تری نەبوو، ڕەنگە پێویست نەکات ئەو پیاوە چەند ژنی تری هەبێت. بەڵام وەك باسمکرد، دەیان بگرە سەدان لە پیاوان دەرەقەت چەند ژنەش

دێن، وە پێویستی زۆریان بە هاوردنی چەند ژنی تر هەیە، وەلێ ناوێرن لە ترسی ژنەکەی یاخود ماڵە خەزوورانیان ژنی تر بهێننەوە، ناچار ئەوانیش ڕەنگە تووشی دەیان گوناهی تر ببنەوە، خوا پەنامان بدات.

(٥) سرووشتی ئافرەت لەگەڵ سرووشتی پیاو زۆر لێك جیایە، ئەویش لەڕووی ئامادەگی بۆ موعاشەرەو سەرجێییکردن، ئافرەت هەموو کات ئەو ئامادەییەی تیا نییە، بەتایبەت لەکاتی سووری مانگانەیدا، کە هەندێ ئافرەت سوری مانگانەکەیان لە مانگێکدا دە ڕۆژ دەخایەنێت، یان هەیە دووهەفتە، یان لەکاتی زەیستان (النفاس) کە چلدانە ڕۆژ ئەو ئافرەتە ناتوانێت لەگەڵ پیاوەکەی جووت ببێت، یان جاری واهەیە لەیەکەم ڕۆژی سکپڕی ئافرەت، ئەو ئافرەتە زەوقی سەرجێیی لەگەڵ مێردەکەی نامێنێت، بۆیە ئەم پیاوە ئەبێت نۆ مانگ و چل ڕۆژ بەدیار ژنەکەیەوە دابنیشێت بەبێ ئەوە بتوانێت سەرجێیی لەگەڵدا بکات! ! بەڵام پیاو تەواوی مانگەکان ئامادەگی سەرجێیی هەیە، دەی ئەگەر ئافرەت حاڵی ئاوبێت ئەم پیاوە چی بکات باشە؟! ! بۆیە باسی چەندژنە چاکترین چارەسەرە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم پیاوە.

(٦) هۆکارێکی تر ئەوەیە کە ڕەنگە ئەو ئافرەتە نەزۆك بێت و منداڵی نەبێت، لێرەدا هەردولا لە نیعمەتی منداڵ بێبەش دەبن، بۆیە لەجێی ئەوە ئەم پیاوە ژنەکەی تەڵاق بدات، ئەو ژنێکی تر دەهێنێتەوە، ئەویشی هەر لەلا دەمێنێتەوە.

(٧) جاری وا هەیە ژنەکە تووشی نەخۆشی درێژخایەن دەبێت، وەك شەلەل بوون و لەپێکەوتن، لەو کاتەدا ناتوانێت کە بەچاکی خزمەتی پیاوەکەی بکات. بۆیە لەوکاتەدا ئەگەر پیاوەکە ژنی تری هێنا، ئەوە چ پیاوەکە چ ژنەکەی هەردوو سوودمەند دەبن بەم کارەوە.

(٨) جاری وا هەیە خوڕەوشتی ژنەکە کەمێ خراپە، ڕەنگە زۆر درو هارو هاج بێت، خوڕەوشتی پەسند نەبێت، خزمەتی ماڵ و منداڵی بەچاکی نەکات، بۆیە لە جێی ئەوە کە تەڵاقی بدات پیاوەکەی ژنێکی تر دەهێنێتەوە، ئەم ژنهێنانەوەشی زۆر لەبەرژەوەندی منداڵەکانی و ئافرەتە خراپەکارەکەشی دابێت.

(٩) توانای پیاو بۆ منداڵبوون زۆر زیاترە لە توانای ئافرەت، پیاو لە دوای شەستساڵیشەوە دەتوانێت منداڵی ببێت، بەڵکوو ڕەنگە لە سەدساڵیش، بەڵام زۆربەی ئافرەتان لە تەمەنی چل ساڵیدا توانای دروستکردنی منداڵیان نامێنێت، یان هەر چیتر منداڵیان نابێت، بۆیە ڕێگریکردن لەچەندژنە زوڵمێکە لە نانەوەی وەچە دەکرێت.

(١٠) هێنانی ژنی دووەم ڕاحەت و ئاسوودەییە بۆ ژنی یەکەم، ژنی یەکەم کەمێك پشوودەدات، لە قورسایی و هەڵگرتنی باری پیاوەکەی، بەڵام کە دەبینێت ژنێکی تر هاتۆتە پێش، ئەو کاتە باری بەرپرسیارێتیی و ماف و ئەرکەکانی ژیانی هاوسەری لەسەر سووکتر دەبێت، بۆیە هەندێ لەو ئافرەتانەی کە تێ ئەگەن و بیر لە بەرژەوەندییەکان دەکەنەوە، کاتێ کە پیر دەبن، یان بێتوانا و بێتاقەت دەبن، هانی مێردەکانیان دەدەن تا ژنی تر بهێنێتەوە! !

(١١) ڕەنگە پیاو ئافرەتێکی دەستکورت و هەژار بخوازێت، کە کەس نەبووە بژێوی ژیانی بۆ بسەنێت و چاودێری بکات و بەخێوی بکات، بۆیە ئەم پیاوەی کە دەچێت پەناو پەسیو بۆ ئەم ژنە پەیدا دەکات بەخواستنی ئەو ژنە، ئەوە بەم کارەی خێرێکی گەورەی دەستکەوتووە.

(١٢) ئەوەی کە ڕێگەی بە چەندژنە داوە ئەوە خوایە، هەر خۆشی بەبەرژوەندییەکانی ئەوکارە دەزانێت، وە خۆشی بە بەزەییترە بەرامبەر بە بەندەکان لە بەندەکان بۆ خۆیان.

بۆیە لێرەوە حیکمەتی ئیسلام بۆ کاری چەندژنە دەردەکەوێت. دەنا هیچ شتێك نییە کە لەم دینە هاتبێت مایەی ناڕەحەتی و ئەزیەتی بەندەکان بێت، بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾.

## هۆکارەکانی درەنگ پێکهێنانی هاوسەر

دیاردەی تاخیر پێکهێنانی هاوسەرو ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری لای گەنجەکانمان لەوسەردەمەی ئێستاماندا ڕێژەیەکی بەرچاوی هەیە، دەبینین لەدەورانی پێشوودا ئەو دیاردەیە زۆر کەمبوو، بەڵام لەگەڵ دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێنماییەکانی ئەم دینە و پەیابوونی دەیان سەرچاوەی تێکدەری ژیانی کۆمەڵایەتیمان، وەك بوونی تەکنەلۆژیا نوێکانی وەك ئەنتەرنێت و سەتەلایەت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و برەودان بە ژیانی خۆشەویستی ئەشق و غەرامیات و بڵاوکردنەوەی تەمومژەکان لەسەر ئیسلام و بانگەشەکردن بۆ ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و ئازد نەبوونی زانایان ئیسلامیی لەبەرگری کردن لە دین و چاوترساندنی مسوڵمانان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، لەبەرامبەر ئەوەش بڵاوکردنەوەی تۆڕی خراپەکاری و هەموو ئەوانە کۆمەڵێ هۆکاری زۆر خراپی هێنایە بەردەم گەنجەکانمان تا وایان لێ بێت زۆر درەنگ بیر لەهاوسەرگیری بکەنەوە.

ئیسلام هیچ تەمەنێکی دەستنیشان نەکردووە بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیری، بەڵکوو هانی گەنجەکانی داوە کە ژن بهێنن، هەروەك لەم فەرموودەدا هاتووە دەفەرموێت«عَنْ عَلْقَمَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بِمِنًى فَلَقِيَهُ عُثْمَانُ (رضي الله عنه)، فَقَامَ مَعَهُ يُحَدِّثُهُ، فَقَالَ لَهُ عُثْمَانُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَلَا نُزَوِّجُكَ جَارِيَةً شَابَّةً؟ لَعَلَّهَا تُذَكِّرُكَ بَعْضَ مَا مَضَى مِنْ زَمَانِكَ. قَالَ: فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَئِنْ قُلْتَ ذَاكَ لَقَدْ قَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّمَ": (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ»[(١)] واتە: "عەلقەمە" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: لەگەڵ "عەبدوڵڵا"دا لە (مینا) دەگەڕاین، "لوقمان"ی (خوای لێ ڕازی بێت) پێگەیشت، دەستیان کرد بە گفتوگۆ، "عوسمان" پێی گوت: ئەرێ "عەبدولڕەحمان" بۆچی کچێکی گەنجت بۆ نەهێنین، سا بەڵکوو ئەو ڕۆژگارانەت بهێنێتەوە یاد کە لە دەستت چوون؟ "عەبدوڵڵا" گوتی: ئەگەر تۆ ئەوە بڵێیت، پێغەمبەر "صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّمَ" پێی فەرمووین: ٗ

---

(١) البخاری/ النکاح / ٤٧٧٨ عَنْ عَلْقَمَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ)

ئەی گەنجینە هەر کەس لە ئێوە توانای هەیە، با ژن بهێنێت، چونکە ژن هێنان باشترین هۆکارە بۆ چاوپارێزی و داوێن پارێزی، هەر کەسێکیش ناتوانێ با ڕۆژوو بگرێت، چونکە بۆی دەبێتە قەڵغان٬.

**بەکورتی هۆکارەکانی درەنگ چوونە نێو ژیانی خێزانداریی‌یەوە ئەمانەی خوارەوەن:**

لەسەردەمانی پێشوو ژنهێنان زۆر سادەو ساکار بوو، ئافرەت هەرکە هەڵێئەدا هەرزوو داخوازی دەهات، ئەمەش لای ئەو خەڵکەی ئەو سەردەمە زۆر ئاسایی بوو، بۆ ئەوە بتوانن ڕەوشتی خۆیان بپارێزن و نەکەونە هەڵەوە، بەڵام ئەمڕۆ ڕوانگەکان سەبارەت بە هاوسەرگیری زۆر جیاوازی هەیە لەوەی دوێنێ، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی پێوەر و تێگەیشتن و ڕوانگەکان بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیرییەوەیە، ئینجا دابونەریتەکان و جۆری تێگەیشتنەکان لە کۆمەڵگای ئێستاماندا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، جگە لە لاوازی لایەنە ئایینییەکە کەمی تێگەیشتن لە فێرکارییەکانی ئیسلام (کە هەمیشە پاسەوانی خێزان و ئەقڵ و هەست و نوستی بەندەکان بووە) بۆیە ئەو کۆمەڵگایەی ئێستامان دەبینیت وەك کەلوپەلێکی نمایشکراوی بەسەر هاتووە، بووینەتە کەلوپەلێکی لەکەڵك کراوو و لەپێکراو! تا ئێمەی هێنایە گۆشەیەکی زۆر تەسکی خراپەکارییەوە، کە وابزانین ژنهێنان و پێکهێنانی ژیانی خێزانداری لە تەمەنی زووەوە ڕێ لە ئازادییەکان دەگرێت و حەزو ویستەکان سنووردار دەکات!! دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش یەکێکبووە لەو چەکانەی کە دوژمنانی ئیسلام پێیەوە لەبەرامبەر گەنجەکانمان وەستاوەتەوە، هەروەك لە کۆنگرەی پەکین لە ساڵی ١٩٩٥ لە وڵاتەی یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بەیاننەمەیەك کۆنگرەکەی خۆی تەواو کرد کە تێیدا ڕایگەیاند هاوسەرگیری لە تەمەنی زوو توندو تیژییە لە دژی ئافرەت!!!

جگە لەو هۆکارە، هۆکاری ئابووریش هۆکارێکی تربووە، وای کردووە کە دەستەمۆکردنی خانوو و بڕی تێچووی هاوسەرگیرییەکان لە ژێر سایەی بێکاری و هەژاری زۆر زەحمەت بێت! بێئگان لەوە کە ئەگەر ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە پشت بەخوا ببەستن، خوای گەورە لە ڕێی ژنهێنانەوە کامە کەس هەژار و دەستکورتە خوا بێنیازی دەکات و پێویستییەکانی بۆ پێك دەهێنێت، هەروەك دەفەرموێت: ﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ (النور: ٣٢). واتە: ژن بدەن بە پیاوانی بێ ژن و ئافرەتانی بێوەژن بدەن بەشوو، هەروەها ژن بدەن بە بەندە ساڵحەکانتان و کەنیزەکەکانیشتان بدەن بە شوو ئەگەر هەژاریش بن، ئەوە خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەهرەوەریان دەکات، خوای گەورەش هەمیشە فراوانگیرو زانایە.

هەروەها گۆڕانکاری بەسەر پێگەیاندن و تێگەیاندی ڕۆڵەکانمان لەلایەن باوکان و دایکانەوە هاتووە، دایکان و باوکان ناتوانن منداڵەکانیان بەشێوەی گونجاو و شەرعییەوە پێ بگەیەنن، ناتوانن لە ئایین و بەرنامەی خوا بەهرەوەریان بکەن، وە نەیانتوانیوە کە هەر لە زووەوە ئاشنایان بکەن بە فەرمان و نەهییەکانی ئیسلامەوە. ئێستاش گەنجەکانمان کەوتوونەتە نێوان دوو تاشەبەردی نەدانی و بێئگایی دایکان و باوکانمان و

پێگەیاندنی قوتابخانە سەقت و وێرانەکانمانەوە کە وایان لێهاتووە وەك دەستاڕ دەهاڕدرێن و وردو خاش دەکرێن! !

بۆیە بەکورتی و بەکوردی دەتوانین ئەو باسە وردبکەینەوە بەخاڵ هۆکارەکان دستنیشان بکەین:

(١) بێکاری و دابەزینی ئاستی گیرفان و بەزەحمەت دەستگیربوون بە هۆکارەکانی بژێوی ژیان، وای لە گەنجەکانمان کردووە کە دەرەقەتی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزانداراری نەیەن.

(٢) فەسادو خراپەکاری لە کۆمەڵگادا باڵی کێشاوە بەسەر هەموو کونوقوژبنەکانییەوە، ئەمەش وایکردووە کە خەڵکی پەنا بۆ پەیوەندییە ناشەرعییەکان بەرن، بەبێ ئەوە پەنا بۆ کەناڵە شەرعییەکان بەرن بۆ ئەوە توانا جنسییەکانی خۆیان لە ڕێگە ئەو کەناڵە شەرعیانەوە جێبەجێ بکەن، کە یەکێك لەو کەناڵانە هاوسەرگیرییە.

(٣) داواکردنی مارەیی زۆر و تێچووی هاوسەرگیری و داواکاری زۆری کەسوکاری کچەکەوە، هۆکارێکی ترە.

(٤) خوێندنی قوتابخانە و بەردەوامی لەسەر خوێندن و هەوڵدان بە گەشتن بە ئاستێکی بەرز لە وەرگرتنی زانستەکاندا، دیسان ڕێگرە لەبەردەم کچان و کوڕانمان کە بیر لە هاوسەرگیری بکەنەوە.

(٥) دانانی مەرجی زۆر بۆ هاوسەرگیرییەکان، بۆ نموونە کچەکە یان کوڕەکە کەسێکیان دەوێت زۆر جوان بێت، شارەزا بن، کوڕەکە دەبێت ماڵی سەربەخۆی هەبێت، سەیارەی هەبێ و دەوڵەمەند بێت.. یاخود ماڵی باوکی کچەکە دەیانەوێت کچەکەیان هەر لە ناوچەکەی خۆیان بمێنێتەوە، لێیان دوور نەکەوێتەوە، یاخود ماڵی باوکی کچەکە یاخود کوڕەکە ڕازی نین کەهیچ کامیان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی بێگانە بکەن، ئەبێت هەر بۆ خزم بن، هەموو ئەمانە هۆکارێکی ترن لە درەنگ هاوسەرگیریکردن.

(٦) گەنجەکانمان سەرقاڵن بە زۆر شتەوە، توانای ئەوەیان نییە وێڕای سەرقاڵیەکانیان، هێندەی تر بەم کارەوە کاری خۆیان قورستر بکەن و وەبەر کارەکانیان ڕانەگەن.

(٧) نایانەوێ سەربەستییان لە ڕێی هاسەرگیرییەوە سنووردار بکەن.

(٨) کچەکە شوو ناکات لەبەر ئەوە کاتی خۆی باوکی ژنێکی تری بەسەر دایکی هێناوە، بۆیە ئەویش هەڵوێستی لەهەموو پیاوێك وەرگرتووە ئامادە نییە شوو بکات، لەبەر ئەوە متمانەی بە پیاو نەماوە.

(٩) بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە تەڵاق و ناجێگیری خۆشەویستی و تەبایی لە ناو ماڵەکانمان، دیسان کچەکانمانی ترساندووە.

(١٠) کچەکە یان کوڕەکە چاویان کەوتۆتە سەرکەسێکی ترەوە، بەڵام دابونەریتەکان لێناگەڕێن بەوەی خۆیان دەیانەوێت پێی بگەن! ! هەریەك لەوان ئەو کەسە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت، یان درۆکردنی کوڕەکانمان لەگەڵ کچەکانمان ئەمەش دیسان هەڵوێستی ئەو کچانەی گۆڕیوە کە قەت شوو نەکەن.

(١١) تێکەڵی و شکاندنی شەرم لە نێوان کوڕو کچەکانمان لە زانکۆو قوتابخانەو شوێنە تێکەڵییەکانەوە، کە ڕۆژانە چەندن جۆر کچی جوان یان کوڕی جوان دەبینن وای کردووە لە کوڕان و کچانمان کە قەناعەت نەکەن تا ئامادەی هاوسەرگیری بن لەگەڵ ئەوانەی کە دێن و کە دایك و باوکەکانیان بۆیان دەستنیشان دەکەن.

(١٢) ترسان لە ئایندە، لە ژێر سایەی ئەو بارودۆخە خراپەی کە دەورەی لە کۆمەڵگا داوە.

(١٣) لەدەستدانی تێگەیشتنە شەرعییەکان بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری درووست و سوکنایی و خۆشەویستی ڕاستەقینە، هەروەها دووربوون لە دین و کەمی ئیمان و متمانەنەبوون بە خوا بەوە کە ڕزق و ڕۆزییەکان گشتی لەبەردەستی خوا دان.

(١٤ کۆچکردنی گەنجەکانمان بۆ هەندەران، لەبەر هەر هۆیەکی ئەمنی و ئابووری، جگە لەوە گرێدانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەفرەتانی ئەورووپی، لەگەڵ ئەوە کە ئەم پرۆسەیە لەوڵاتانی ئەورووپی زۆر ئاسانترە لە وڵاتانی خۆمان، ئەمەش دیسان وای کردووە کە گەنجەکانمان بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیری نەکەنەوە.

(١٥) نەبوونی متمانەی تەواو لە نێوان کچان و کوڕانمان لەزەمەنی فیتنەو بیشەرمیدا. وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا.

(١٦) دەزگا ڕاگەیاندنەکان و جیهانگیری (العولمة) ڕۆڵی زۆریان هەیە لە گۆڕینی دابونەریت و پێوەرەکانی نێو کۆمەڵگا.

(١٧) بێهیوایی و بێئومێدی لە ئایندە، وە زاڵبوونی ترس لەسەر ئەوە کە هەریەك لە کچ و کوڕەکان نەتوانن دەرەقەتی بەرپرسیارێتی بێن.

(١٨) کچەماڵی خۆی دەوێت، ئامادە نییە تێکەڵ بێت لەگەڵ ماڵە خەسووی!

(١٩) کچانمان کەسانێکیان دەوێت کە دەرچووی زانکۆکان بن، یاخود بەڵگە نامەیبەرزیان لە خوێندنە باڵاکان هەبێت! لەوسەریش کوڕەکانمان ئەو کچانەیان دەوێت کە بەتەمەن زۆر لەخۆیان بچووکتر بن.

(٢٠) دەستتێوەردانی کەسوکار و فەرزکردنی بۆچوونی خۆیان بەسەر بۆچووی کوڕەکان، بۆ ئەوە هەڵوێستیان پێ بگۆڕن تا هاوسەرگیری لەگەڵ فولانکەسدا نەکات، پێی دەڵێن دەبێت برازا یان خوارزاکەی خۆم یان خۆم ژنێکت بە دڵی خۆم بۆ بهێنم!! ئەمەش وا لە کوڕەکان دەکات کە درەنگ هاوسەرگیری پێك بهێنن. یاخود هەمان داخوزای لە کچەکان دەکرێت لەلایەن باوکان و دایکان و براکانەوە!

(٢١) نەبوونی دەزگا کۆمەڵایەتییە فەرمییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانمان و دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی گرفتی گەنجەکان و لادانی پەرچەکان لەبەردەم پرۆسە هاوسەرگیرییەکانەوە.

لەبەرامبەر هەموو ئەوانەش هەندێ هۆکاری تری زانیش هەن کە دیسان پەرچیان خۆستە بەردەم ئەو کارەوە.

دەبینیت گەنج هەیە بۆی هەڵکەوتووە کە زوو هاوسەرگیری پێك بهێنێت، بەڵام ناڕازییە بۆیە ئەو کارە ڕەت دەکاتەوە، هۆکارەکەشی ئەمانەی خوارەوەیە:

(١) توانای جیماع و سەرجێیی نییە، هەست دەکات کە زەوقی مردووە، ناتوانێت بەهۆی نەخۆشی خۆیەوە زوڵمیش لە ژنەکەی بکات.

(٢) ناگات بە ئافرەتێك کە لە ڕووی فیکرییەوە هاوشانی ئەو بێت!!

(٣) بوونی پەیوەندییە ناشەرعییەکان، وای لەگەنجەکان کردووە کە بزانێت پێویستی بە هاوسەرگیری نییە، لەبەر ئەوە ئەوەی ئەو دەیەوێت لە ڕێی حەرامەوە دەستی دەکەوێت. بەبێ ئەوەی بەرپرسیارێتی کەسیش هەڵبگرێت، بەڵام بە تەئکید لە ڕێی هاوسەرگیرییەوە ئەرك و واجباتی زۆری دەکەوێتە سەر.

(٤) حەز دەکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئافرەت سنووردار نەکرێت، پێی خۆشە زوو زوو هاوڕێی نوێی هەبێت، ئەمەش وای کردووە کە چێژ زیاتر لەو کارەی وەربگرێت، لەوە کە تا ماوە لەدیار ئافرەتێکەوە دابنیشێت و تەنها چێژ لەو وەربگرێت (خوا پەنامان بدات).

## دەرەنجامەکانی درەنگ پێکهێنانی هاوسەرگیری

هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، لێرشەوە بە کورتی ئاماژە بە دەرنجامی ڕەتکردنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەلایەن کوڕان و کچانمان لە چەند خاڵێکدا چڕ دەکەینەوە.

(١) ئەم کارە وا دەکات کە خراپەو خراپەکاری و پەیوەندییە ناشەرعییەکان و لادانە ڕەوشتییەکان لە کۆمەڵگادا زۆرتر پەرە بسێنێت.

(٢) بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکێیی و دڵتەنگی بەهۆکار نەبوونی ماڵ و هاوبەشی ژیان و گوشاری کۆمەڵگا، ئەمەش وا دەکات کە گەنجەکانمان بیر لە خراپەکاری بکەنەوە، وە بۆ کپکردنەوەی شەهەوەتەکانیان پەنا بۆ کارە ناشەرعییەکان بەرن!!

(٣) کەمبوونەوەی لاوازی ئیشتیاکردن بۆ ژن هێنان بە ڕێژەیەکی زۆر لەوانەی کە هاوسەرگیریان پێك نەهێناوە.

(٤) تووڕەبوون لە کۆمەڵگا و خراپی خۆگونجاندی کۆمەڵایەتی.

(٥) مەیلکردن بەلای تەنهایی و دابڕان و کەنارگیربوون، وە تۆمەتخستنە پاڵ دایك و باوك کە هۆکاربوون لەوە کە ئەو کەسە نەتوانێت ژن بهێنێت، هەر ئەمەش وای لەو کوڕە کردووە کە خراپ مامەڵە لەگەڵ دایك و باوکیدا بکات!!

(٦) کەمی هەڵی منداڵبوون لەلایەن ئافرەتە بەتەمەنەکانەوە، (ئەوانەی کە درەنگ شوو دەکەن) و زیادی لەباربردنی منداڵ و لەدایکبونی منداڵی شێواو وە ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەتی دووگیان بە گوشاری خوێن!!

(٧) ڕەنگە ئەو منداڵەی لەو ئافرەتە لە دایك دەبێت کە درەنگ شووی کردووە لەڕووی ئەقڵ و جەستەییەوە نوقسان دەرچێت!

(٨) هەمیشە هەستکردن بە داخ و مەراق، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە پەنا بۆ کارە ناشەرعییەکان دەبات بۆ ئەوە گڕی شەهوەتی خۆی بمرکێنێ، وەك ئەنجامدانی کاری دەستپەڕ و زۆر سەیرکردنی پێگە جنسییەکان و کەناڵە ئاسمانییە خراپەکان.. هتد.

(٩) هەستکردنی ئافرەت بە نەقس و نەبوونی ڕەغبەتی جنسی، ئەمەش وا دەکات کە چیتر متمانە بەخۆی نەکات.

(١٠) ئەو کۆمەڵگایەی کە قەیرەژن و قەیرەپیاوی تیا زۆرە ئیستقرارو جێگیری تیا کەمە.

(١١) بڵاوبووونەوەی نەخۆشییە جینسییەکان بەهۆکاری کاری نێربازی و زیناوە.

(١٢) زۆر حاڵەتی خۆکوژی و تاوان و دەستدرێژی و ڕفاندن.

(١٣) بڵاوبوونەوەی ڕێژەی تەلاقدان، لە دەرەنجامی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسێك کە گونجاو نەبووە لەگەڵ ئەوکەسە، ئەمەش زۆرجار لەوکەسانەدا ڕوو دەدات کە درەنگ هاوسەرگیریان پێك هێناوە.

(١٤) بڵاوبونەوەی چەندین جۆر هاوسەرگیری وەك هاوسەرگیرییەکانی میسیار و میسفار و فرێند، کە ئەمانە هیچیان خۆشەویستی و سوکنایی ناهێننە سەر دڵەکانەوە.

(١٥) بڵاوبونەوەی لەیەك نەگەیشتن و لەیەك هەڵزەقینەوە لە نێوان باوکان و ڕۆڵەکانەوە، چونکە باوکەکە لەتەمەنێکی زۆر تاخیرەوە منداڵی بووە، بەهۆی تاخیر پێکهێنانی هاوسەرگیرییەوە، بۆیە لێرەدا جیاوازییەکی زۆر سەرهەڵئەدات لەنێوان باوکێك کە هی زەمەنێکی ترە، وە منداڵێك کە هی زەمەنی ئێستایە، بۆیە جۆری بیرکردنەوەیان وا ئەکات کە سۆزیان بۆ یەکتر نەبێ و قەت نەگەنە یەك.

ئەمانە هەموو دەرەنجامی درەنگ پێکەوەنانی هاوەسەرگیرییە.

بەڵام نابێت ئەمەشمان بیر بچێتەوە کە بە فەزڵی خوای گەورە ئێستا ڕێکخراوو کۆمپانیای خێرخوازی زۆر هەن کە ڕەواج بە کاری هاوسەرگیری دەدەن، بۆ سوککردن و ئاسانکردنی باری سەرشانی کوڕ و کچەکان ئەویش بە ڕێکخستنی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ، ئەمەش هەنگاوێکی تەندروستی زۆر باشە کە لەسەری پاداشت وەردەگرنەوە. لەم جۆرە ڕێوڕەسمانەدا مرۆڤ هەست بە نرخی هاوبەرپرسیاری (التعاون) کۆمەڵایەتی و ڕۆحی برایەتیی ئیسلامی دەکات، بەڵام دەڵێم: وێڕای ئەوە ئەم ئەرکە هەندە بچووك نییە کە تەنها کۆمەڵێك یان ڕێکخراوێك بتوانن بەو ئەرکە مەزنە ڕابگەن، بەڵکوو زۆر لایەنی تر لەسەریانە کە لەخەمی ئەوەدابن و پشکیان لەم ئەرکە مەزنەدا هەبێت، لەوانە:

(١) خێزان کە ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە کار بۆ ڕۆڵەکانیان ئاسان بکەن بۆ ئەوە ئاسان بتوانن هاوسەرگیری پێك بهێنن، هەروەها داوای مارەیی زۆر نەکەن بۆ کچەکانیان و سادەو ساکار لەگەڵ ئەو کەسەی کە دێت بۆ داخوازی کچەکانیان مامەڵە بکەن و زۆر شەرت و مەرجیان نەبێت بەسەریاندا.

(٢) لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپرسیاری لە ئەستۆ بگرن، بۆ ئەوە هەلی کار و کەمی باجەکان بۆ خەڵك و جەماوەری خۆیان دەستنیشان بکەن. جگە لەوە هانیان بدەن و بڕێ پارە بە ڕێژە بۆ ئەوانەی کە نیازی هاوسەرگیریان هەیە تەرخان بکەن جگە لەوە هانی چەند ژنە بدرێ و خەڵات دیار بکرێت بۆ ئەوانەی کە

ئافرەتێکی قەیرە یاخود بێوەژنێك مارە دەکەنەوە، وە ئەوانەی کە ژنیان نییە لە گەنجەکانمان بڕێك پارە وەك خەلات دابین بکرێت بۆ پێکهێنانی ئەو هاوسەرگیرییە. جگە لە دیاریکرنی خەلات بۆ ئەوانەی کە منداڵیان دەبێت...هتد.

(٣) ئیمام و بانگخوازەکان و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ئەرکی ئەوە بخەنە ئەستۆ کە هانی خەڵکەکە بدەن بۆ هاوسەرگیری و باس لە باشییەکانی بکەن و ئاماژە بە خراپەی بێژنی و سەڵتەیی گەنجەکانمان بدەن، هەروەها باس لە کەمی مارەیی و کاریگەری زۆرییەکەی لەسەر کۆمەڵگادا بکەن، هەروەك باس لە چارەنووسی ئەوانەی کە هاوسەرگیری پێك ناهێنن لە کوڕان و کچان بکەن کە چۆن لەو ڕێگەوە زیناو خراپەکاری باڵ دەهێنێ بەسەر کۆمەڵگاوە. هەروەها ئاماژە بە پیرۆزی هاوسەرگیری و پەیوەندییە شەرعییەکانی نێوان کچان و کوڕان بکەن.

(٤) لایەنە بەرپرسە حکومییەکانی ڕاگەیاندن دەبێت چاودێری بخەنە سەر کەناڵە ناوخۆی و ئاسمانییەکانی تەلەفزیۆنەوە، وە قەدەغە بخەنەسەر پێگە پەدڕەوشتییەکانەوە. بۆیە دەبینین کە لەهێندێ وڵاتانی عەرەبی قەدەغەکراوە کە لە پێگەکانی ئەنتەرنێت ژووری تایبەت بە گفتوگۆکان و چاتەکان درووست بکرێت. چونکە ئەمە کاریگەری زۆری هەیە بۆ تێکدانی باری کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی خراپە لە نێوان کچان و کوڕانماندا.

(٥) خێرخوازەکان بتوانن کە چەند دامودەزگایەکی پێدانی قەرز پێك بهێنن بۆ پێدانی قەرزی حەسنە، بۆ ئەوانەی کە هاوسەرگیری پێك دەهێنن.

(٦) کردنەوەی خولی شەرعی بۆ ئەوانەی کە نیازی هاوسەرگیرییان هەیە، بۆ ئەوە ڕێنماییەکان وەربگرن بۆ پێکهێنانی هاوسەرگیرییەکان.

(٧) کردنەوەی دەزگایەك بەناوی هاوسەرگیری شەرعی، هەموو ئەو گەنجانەی کە بە نیازی ژنهێنانن لە کوڕان و کچان، ناوی خۆیان لەم دەزگایە تۆمار بکەن بۆ ئەوە بتوانن یارمەتیان بدرێ و کاری هاوسەرگیریان بۆ ئاسان بکرێت، جگە لەوە ناوی قەیرەژنەکان و بێوەژنەکان و پیاوە بەتەمەنە بێژنەکان تۆمار بکەن، بۆ ئەوە هیچ کەسێك بێبەش نەبێت لەم پرۆسەیەدا، دیارە ئەمەش دەبێت کەسانی ئەهلی عیلم و شارەزا بە ئایینی ئیسلام بە پەپاڵپشتی حوکوومەت ئەم کارە بەڕێوە ببات.

(٨) پیاوانی کار و دەوڵەمەندەکان، پرۆژەکان بخەنە کار بۆ دەستگرتن بەسەر بێئیشی لە نێوان گەنجەکانماندا.

(٩) قوتابخانەو کۆمەڵگەکان ئەرکی ئەوە بگرنە ئەستۆ کە ڕۆشەنبیری هاوسەرگیری لە تەمەنی زوودا، زیندووبکەنەوە و ڕەوشت و ئاکارە ئیسلامییەکان لە نێوان توێژەکاندا بڵا بکەنەوە.

**(١٠) دەزگا کۆمەڵایەتییەکان گرنگ بەو لایەنەوە بدەن، بۆ ئەوە جێگر (بەدیل) لەجێی کەناڵە خراپـەکانی تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت دابنێن، وە گەنجەکانمان سەرقاڵ بکەن بە شتی تری بەسوودەوە...هتد.[١]**

**ئەمانەی کەباسکران چەند ئاماژەیەکی زۆرکورتبوون لەهەمبەر هاوسـەرگیرییەوە، هیـوادارام تـوانیبێتم لـەم باسەدا هەقم پێکابێت، بۆیە لەخواش داواکرام کە خوا هەقمان پێ نیشان بدات و شوێنی بکەوین و ناهـەقمان پـێ بناسێنی و لێی دوور بکەوین. ئامین.**

سبحانك اللهم وبحمدك واشهد ان لا اله الا انت واستغفرك واتوب اليك

---

**سەرچاوە: پێگەکانی**

(١) موقع الأسلام سؤال وجواب

(٢) موقع الصيد

(٣) موقع الشبكة الأسلامية

(٤) اغاثة اللهفان في مصايد الشيطان (ابن قيم الجوزية)

(٥) تحفة المولود (ابن قيم الجوزية)

---

(١) عزوف الشباب عن الزواج : سحر المصري